# بونیادی بناغەیی
# ئیستێتیکی
# هـــیـــگـــڵ

# بونیادی بناغەیی ئیستێتیکی هیــــگــــڵ

**هیمداد مەحمود حەمەساڵح**

هەولێر- ٢٠١٠



**پرۆژەی هاوبەشی بەشی فەلسەفەی زانکۆی سەلاحەددین**
**و دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی**

**١٢**

ناوی کتێب: **بونیادای بناغەیی ئیستێتیکی هیگڵ**

نووسینی: **هیمداد مەحمود حەمەساڵح**

سەرپەرشتیی پرۆژە: **ڕێبوار سیوەیلی (بەشی فەلسەفە)**

سەرپەرشتیی کاروباری دەزگا: **هەردی زیاد صاڵح (دەزگای موکریانی)**

هەڵەگری: **شەهلا وەلی جەبار**

نەخشەسازی ناوەوە: **گۆران جەمال ڕواندزی**

بەرگ: **وریا بوداغی**

راستکرادنەوەی سەر کۆمپیوتەر: **جەمال محەمەد**

ژمارەی سپاردن: (٤٩٧)

تیراژ: (١٠٠٠) **دانە**

چاپی یەکەم: (٢٠١٠)

نرخ: (١٠٠٠) **دینار**

چاپخانە: **چاپخانەی موکریانی (هەولێر)**

**سوپاس و پێزانین بۆ:**

- مامۆستا کاوە جەلال، ئەرکی سەرپەرشتی ئەم توێژینەوەیەی وەئەستۆ گرت.
- سەرجەم مامۆستایانی بەشی فەلسەفە، بە پێدانی تێبینی گونجاو لەگەڵمدا ماندوو بوون.
- سەرجەم ئەوانەی بە پێدانی کتێب و پیتچنین لەگەڵمدا هاوکاربوون بە تایبەت ئارام قادر و پێشڕەو محەمەد.
- کتێبخانەی کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتیەکان.



# پێشکەشە:

# بە هاوسەری ژیانم

# پێڕست

**پێشەکی**.......................................................... ٩
**بەشی یەکەم: تێگەی ئیستێتیك و تێڕوانینە ئیستێتیکیەکانی**............ ١٣
باسی یەکەم: تێگەی ئیستێتیك ....................................... ١٥
باسی دووەم: تێڕوانینی پلاتۆن بۆ هونەر ............................ ٢٠
باسی سێیەم: ئیستێتیك وەك زانین و کردار دامەزراندنی............. ٣٦
**بەشی دووەم: ئیستێتیکی هیگڵ وەك ئیستێتیکی کردار**................. ٤٥
باسی یەکەم: دیالکتیکی هیگڵ وەك میتۆدی لێهزرینی.............. ٤٧
باسی دووەم: کاری هونەری وەك زەمینەی فەلسەفەی هونەر............ ٥٧
باسی سێیەم: هونەرمەند............................................ ٦٤
**بەشی سێیەم: دەرکەوتەی مێژوویی هونەرەکان و چارەنوسی هونەر**......... ٦٩
باسی یەکەم: مێژووی هونەر و سەرهەڵدانی جۆرەکانی هونەر ......... ٧١
باسی دووەم: تاکە هونەرەکان پەیوەست بە قۆناغەکانی هونەر......... ٨٣
باسی سێیەم: تیۆری مەرگی هونەر.................................... ٩٥
**دەرەنجام:** ........................................................ ١٠١
**لیستی سەرچاوەکان:** ................................................ ١٠٥

## پێشەكی:

هونەر وەك بەشێكی دانەبڕاوی كولتووری مرۆڤ، هەر لەگەڵ پەیدابوونی ڕامان و هزرینی فەلسەفیدا، دیدی فەلسەفی ئاراستە كراوە و بە تێڕوانینی جیاواز خوێندراوەتەوە. هەندێك لە فەیلەسوفان هونەریان بە شایستەی ئەوە نەزانیوە كە دیدی فەلسەفی ئاراستە بكرێت، چونكە پێیانوابووە كە هونەر پەیوەستە بە سێنسیێتیەوە و ئامانجی چێژبەخشینە لە ڕێی دیاردەی هونەریەوە. ئەم تێڕوانینەش لە پلاتۆنەوە سەرچاوە دەگرێت و تاكو نوێكاتی ئەورووپی كاریگەری خۆی دەمێنێت. بەڵام بە پێچەوانەوە هەندێك فەیلەسوفی دیكە وەك بەشێكی دانەبڕاو و كاریگەری كولتووری مرۆڤ دیدی فەلسەفیان ئاراستە كردووە. ئەم تێڕوانینەش لای پیتاگۆریەكان و سۆفیستاییەكان و ئەرستۆتاڵیس بە ڕوونی دەردەكەوێت.

ئەم لێكۆڵینەوەیە، "بوونیادی بناغەیی ئیستێتیكی هیگڵ"، ڕاستەوخۆ دەمانخاتە بەردەم دوو تێڕوانین سەبارەت بە تێگەی "بناغەیی"، لە لایەكەوە پێویستە تێرمە بناغەییەكانی تێڕوانینی هیگڵ لەبارەی ئیستێتیك لەو لێكۆڵینەوەیەدا بخرێنە بەرباس و شرۆڤە بكرێن، بۆ ئەوەی خوێنەری ئەم لێكۆڵینەوەیە دوای خوێندنەوە دیدگایەكی بناغەیی لەسەر ئیستێتیكی هیگڵ هەبێت، لە لایەكی دیكە تێگەی "بناغەیی" دەمانخاتە بەردەم سەرجەمی ئەو تێڕوانینانەی كە بوونەتە بناغەی هزرینی هیگڵ، بەڵام چێوەی ئەم لێكۆڵینەوەیە لە توانایدا نییە سەرجەمی ئەو تێڕوانینانە بهێنێتە ناوەوە. بۆیە بەشی



یەكەمی ئەم لێكۆڵینەوەیە بۆ ناساندنی ئیستێتیك و تێڕوانینەكانی بەر لە هیگڵ تەرخانكراوە.

بەشی یەكەمی لێكۆڵینەوەكە، "ئیستێتیك و تێڕوانینە ئیستێتیكیەكانی بەر لە هیگڵ"، لە سێ باس پێكهاتووە. لە باسی یەكەمدا تێگەی ئیستێتیك وەك تێگەی بناغەیی ئەم لێكۆڵینەیە هێنراوەتە ناوەوە. باسی دووەمی ئەم لێكۆڵینەوەیە بۆ ئاوەڵاكردنی تێڕوانینێكی گرنگ لەبارەی هونەرەوە تەرخانكراوە. ئەویش تێڕوانینی پلاتۆنە بۆ هونەر. ئەم تێڕوانینە گرنگیەكی بناغەیی بۆ ئەم لێكۆڵینەوەیە هەیە، چونكە پلاتۆن وەك بابە گەورەی ئەو بارە دادەنرێت كە لە هونەر نراوە، واتە دانانی هونەر لە خانەی سێنسێتیدا، لە دیدی ئەودا نەشیاوە تێڕوانینی فەلسەفی لەبارەوە بكرێت، چونكە هونەر لە دیدگای ئەودا بەلای توخمی ئاوەزمەندانەی مرۆڤدا ناچێت، بەڵكو تەنیا بە چێژی سێنسێتیەوە خەریكە. بەمەش مرۆڤ دوو پلە لە هەقیقەت دوور دەخاتەوە. ئەم تێڕوانینە بە گشتی وەك دژبەری تێڕوانینەكەی هیگڵ خۆی نیشان دەدات كە هونەر لەگەڵ ئاین و فەلسەفەدا دەكاتە پایەیەكی ڕیالیزەبوونی ڕەها (**المطلق**) لە مێژوودا. ئەم تێڕوانینە وەك تێڕوانینێكی بناغەیی مێژووی ئیستێتیك هەر لەسەردەمی فەلسەفەی گریكەوە تاكو سەردەمی هیگڵ درێژدەبێتەوە. ناوەڕۆكی باسی سێیەمی ئەم بەشە، "ئیستێتیك وەك زانین و كردار: دامەزراندنی ئیستێتیك وەك دیسپلینی فەلسەفی"، باس لە هەوڵەسەرەتاگریەكانی دامەزراندنی ئیستێتیك دەكات وەك دیسپلینێكی سەربەخۆی فەلسەفی لە هەردوو بواری زانین و كرداردا تاكو شیاو بێت لە فەلسەفەدا بوارێك بۆ هونەر ئاوەڵا بكرێت. لەم باسەدا تێڕوانینەكانی باومگارتن وەك یەكەمین تەقەلادان بۆ دامەزراندنی ئیستێتیك وەك شێوازێكی تایبەتمەندی زانین، لە بەرچاو گیراوە. دواتر بە كورتی باس لە ئیستێتیكی كردار كراوە وەك ڕێگا خۆشكردن بۆ

پەڕینەوە بۆ نێو ئیستێتیکی هیگڵ، کە ئەویش هەوڵێکی دیکەیە بۆ جێکردنەوەی ئیستێتیك لە بواری کرداری مرۆڤدا.

لە بەشی دووەمدا، "ئیستێتیکی هیگڵ و فەلسەفەی هونەر"، راستەوخۆ دێینە نێو کرۆکی لێکۆڵینەوەکەمان کە بریتییە لە ئێستێکی هیگڵ و لە باسی یەکەمدا، "دیالێکتیکی هیگڵ وەك میتۆدی لێهزرینی ئیستێتیکی"، دەبێتە میتۆدێك بۆ ئەوەی خوێنەری ئەو لێکۆڵینەیە بە شێوازی هزرینی هیگڵی ئاشنا بکرێت، بەمەش ئەوە روون دەبێتەوە کە ئەو لە چ دەلاقەیەکەوە دیدی خۆی ئاراستەی هونەر کردووە. لە باسی دووەمیشدا، "کاری هونەری"، کە زەمینەی فەلسەفەی هونەرە لای هیگڵ، دێتە باسکردن و ئینجا لە باسی سێیەمدا "هونەرمەند" وەك بەرهەمهێنی کاری هونەری دێتە ناوەوە.

بەشی سێیەم " دەرکەوتەی مێژوویی هونەرەکان و چارەنوسی هونەر"، لە باسی یەکەمدا باس لەسەرهەڵدانی جۆرەکانی هونەر دەکرێت لە رەوتی گۆڕانی مێژووی هونەردا، کە هیگڵ سێ قۆناغ دیاریدەکات:"سیمبولی، کلاسیکی، رۆمانتیکی". لە باسی دووەمیشدا تاکە هونەرەکان، پەیوەست بە هەر قۆناغێکی هونەرەوە، گرنگی خۆیان پێدراوە. هیگڵ پەیوەست بە قۆناغی سیمبولی "هونەری تەلارسازی"، بەرامبەر قۆناغی کلاسیکیش "هونەری پەیکەرسازی"، باس دەکات. بەڵام بۆ قۆناغی رۆمانتیکی سێ هونەر دەهێنێتە ناوەوە کە بریتین لە "وێنە کێشان، موزیك، هۆنراوە". هیگڵ هونەر لە قۆناغێکی ژیانی مرۆڤایەتیدا وەك ریالیزەکەری رەها دەبینێت، بەڵام رەها لە بالآ بوونیدا قۆناغی هونەر وەك قۆناغێکی مێژوویی تێدەپەڕێنێت، بە دەربڕینێکی دیکە رەها لە رەوتی هەلزنانیدا بۆ بەدیهێنانی ئازادی تەواوەتی، چیدیکە پێویستی بە هونەر نییە، بۆیە بە زەروری باسی سێیەم و کۆتایی لێکۆڵینەوەکە بە "مەرگی هونەر"ەوە خەریك دەبێت.



لێکۆڵینەوەکە بە گشتی دەروازەیەك بە رووی ئیستێتیکدا والآ دەکات و تێمە بناغەییەکانی ئیستێتیکی هیگڵیش دەکاتە ناوەڕۆکی خۆی، ئامانجی لێکۆڵینەوەکە خستنەڕووی توێژینەوەیەکە بە زمانی کوردی لەسەر ئیستێتیك. بەڵام لە نووسینی ئەم توێژینەوەیەدا ئەوەی وەك کێشە هاتە پێشمان، نەبوونی نووسینێك بوو بە زمانی کوردی دەربارەی ئیستێتیکی هیگڵ، بۆیە کەموکوڕی ئەم لێکۆڵینەوەیە تاڕادەیەك چاوەڕوان کراوە.

ئەو میتۆدەی بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە سوودی لێوەرگیراوە بریتییە لە میتۆدی شیکاری و هەندێ جاریش بەراوردکاریانە لەگەڵ تێڕوانینی فەیلەسوفانی دیکە خەریك بووە.

هیمداد مەحمود

٢٠٠٩/٥/١٠

# بەشی یەکەم

## تێگەی ئیستێتیك و تێڕوانینە ئیستێتیکییەکانی بەر لە هیگڵ

## باسی یەکەم: تێگەی ئیستێتیك

تێگەی ئیستێتیك "Aesthetique"* بۆ یەکەم جار وەك تێگەیەکی فەلسەفی لە لایەن فەیلەسوفی ئەڵمانی "باومگارتن"**ەوە لە ساڵی ١٧٥٠ هێنرایە نێو فەلسەفەوە. ڕەچەڵەکی ئەم تێگەیە وشەی "aisthetikos"ی گریکییە، کە بە واتای دەرکپێکردنی سێنسی دێت[١]. "ئایستێتیکا" بۆ باومگارتن بریتی بوو لە زانینی پلە نزمی سێنسی بە مەبەستی جوانیناسی لە بەرامبەر زانینی پلە بەرزی ئاوەزیانە، کە "لۆژیك"ە بە مەبەستی زانینی هەقیقەت[٢]، دواتر کانت ئەم تێگەیەی لە کتێبی "ڕەخنەی ئاوەزی پەتی"دا بەمانای سێنسێتی بەکارهێنا، دوای ئەوە لە کتێبی "توانستی ڕەخنەی بڕیار"دا لە واتای بڕیاری تەقدیری تایبەت بە جوان بەکاریهێنایەوە، ئەمەش

* هیگڵ تێگەی ئیستێتیکی بۆ تێڕوانینەکانی لە بارەی هونەرەوە بەلاوە گونجاو نییە، لەبەرئەوەی ئەم تێگەیە تەنیا بۆ زانینی سێنسێتی بەکاردەهێنرێت، بەڵام هیگڵ پێی وابوو لە کاری هونەریدا جگە لە توخمی سێنسی توخمی دیکەی ناسێنسیش بوونی هەیە، "هۆش" وەك توخمێکی ناسێنسی لە کاری هونەریدا بەشدارە، بۆیە هیگڵ تێگەی "هونەرە جوانەکان" بەکاردەهێنێت و پێی وایە لە تێڕوانینی فەلسەفیدا بۆ هونەر نابێت لایەنی هونەری فەرامۆش بکرێت، چونکە بەرهەمی هونەری لە خودی خۆیدا جوانە. (**بڕوانە: ئەحمەدی، بابەك: هەقیقەت و جوانی، وەرگێڕانی: مەسعود بابایی، چاپخانەی خانی، چاپی یەکەم، دهۆك، ٢٠٠٨، ل٤١٧.**)

** Baumgarten A.G. ١٧١٤- ١٧٦٢. خوێندکاری کریستیان بارۆن فۆن ڤۆلف بوو کە ئەویش خوێندکاری لایبنیتس بوو، باومگارتن لە ژێر کاریگەری لایبنیتسدا درێژە پێدەری فەلسەفەی مامۆستاکەی بوو دەربارەی زانینی پلە نزم و زانینی پلە بەرز.

(١) ئەحمەدی، بابەك: هەمان سەرچاوە، ل٢٨-٢٩. (**انظر: ایرل، ولیم جیمس: مدخل الی الفلسفة، ترجمة: عادل مصطفی،هیئة العامة لشئون المطابع الأمیریة، الطبعة الاولی، قاهرة، ٢٠٠٥، ص٣٣٥-٣٣٦).**

(٢) ایرل، ولیم جیمس: المصدر نفسه، ص ٣٣٦.



ئەوە دەگەیەنێت، کە ئایستێتیکا لە هەوڵی چێکردنی بڕیارێکی دروستدایە پەیوەست بە جیاکردنەوەی جوان لە دزێو (ناجوان)، تاکو ئێستاش هەر بەو شێوەیە بەکاردەهێنرێت[١].

بەڵام وشەی "هونەر" لە کۆندا بۆ پیشە دەستیەکان بەکاردەهێنرا لە واتای "لێهاتوویی، تواناسازی، پیشەسازی" لە بەرامبەر وشەی گریکی "techne" کە وشەکانی وەکو "technique" و "technical"ی لێ وەرگیراوە، بەڵام لە ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەدا کاری هونەری لە بەرامبەر کاری هونەرە جوانەکاندا "fine Art" بەکارهێنرا. هونەرمەندیش (Artist) بوو بە داهینەری کاری هونەری و سەربەخۆیی خۆی لە بەرامبەر پیشەساز (Artisan)دا پاراست[١].

گەرچی خستنەڕووی پێناسەیەکی گونجاو بۆ هونەر دەمانخاتە بەردەم جیاوازی تێڕوانینی فەلسەفیانەی هەر فەیلەسوفێکەوە لە هەمبەر هونەردا، کە دواتر لە باسەکانی دیکەدا بە کورتی دێینەوە سەر ئەم کێشەیە، بەڵام بەر لەوە پێویستە چەند پێناسەیەك بۆ "ئیستێتیك " بخەینە ڕوو.

ئیستێتیك لە فەرهەنگی "لالاند"دا بە زانستی چێکردنی بڕیاری هەڵسەنگێنەر (تەقویمی) بۆ جیاکردنەوەی جوان لە دزێو پێناسە کراوە، هەروەها تێیدا هاتووە، کە بە جوانیناسی دەگوترێت تیۆری یان گشتی، ئەگەر لەگەڵ خۆیدا هەڵگری کۆمەڵێك ئەدگاری هاوبەش بێت بۆ دەرككردنی ئەو مەبەستانە کە هەڵچوونەکانی جوانی دەوروژێنن. هەروەها ئیستێتیك پێشی دەگوترێت کرداری یان تایبەتی ئەگەر لە شێوە هونەریەکان بکۆڵێتەوە، ئەوکاتە دەبێتە

(١) بدوی، عبدالرحمن: فلسفة الجمال و الفن عند هیجل، الؤسسة العربیة للدراسات و النشر، الطبعة الاولی، بیروت، ١٩٩٦، ص٢٢. (**انظر: لالاند، اندریة: موسوعة لالاند الفلسفیة، المجلد الاول،منشورات عویدات، الطبعة الثانیة، بیروت – باریس، ٢٠٠١، ص٣٦٧**).

(٢) ایرل، ولیم جیمس: المصدر السابق، ص ٣٣٦.

ڕەخنەی هونەری "Critique of Arts"[١]. بەڵام ئیستێتیك لە "الموسوعە الفلسفیە"ی "دکتۆر عەبدولڕەحمان بەدەوی"دا بەم شێوەیە پێناسە کراوە: "واتای تەواوی زانست یان تیۆری چالاکییەکانی مرۆڤە لە هەمبەر جوانیدا، چالاکی مرۆڤیش دامەزراندنی جیهانێکە بەپێی یاساکانی جوانی، لێرەشەوە بڕیاردان لەسەر یاساکانی چالاکی جوانیناسانەی مرۆڤ و شێوە جیاواز و دۆخەکانی گەشەکردنی، هەروەها چۆنیەتی بەدەستهێنانی ئەم گەشەکردنە، دەکەوێتە ئەستۆی ئیستێتیکەوە"[٢].

لەلایەکی دیکەوە "ئیستێتیك " وەك بەشێکی فەلسەفە لەتەك ئەو تێگە فەلسەفیانەدا دەکەوێتە خەریکگەری، کە لەکاتی هەڵسەنگاندنی بابەتەکانی پەیوەست بە ئیستێتیکەوە دێنەگۆڕێ. ئەو تێگانەش بە ڕۆڵی خۆیان لە هەڵسەنگاندنە ئستێتیکیەکاندا بەشدارن. لەبەرئەوەی هەڵسەنگاندنی ئیستێتیکی پەیوەست بە فەلسەفەوە دێتە نێو بوارەکانی ژیانەوە، ئەوا ئەگەر وابێت، شیاوە کە دەگوترێت ئیستێتیك "لە پەیوەندی جوانیخوازانەی مرۆڤ بە جیهانەوە و لە جەوهەر و یاساکانی پەرەسەندنی هونەر و دەوری هونەر لە گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتیەکاندا دەکۆڵێتەوە"[٣] .

ئێستا گەرەکە ئەوە بزانین کە بوارەکانی ئیستێتیك چین؟ یان بە دەربڕینێکی دیکە: ئایا هونەر گەیەنەری چ پەیامێکە؟ ئایا دەشێت جوانی بە هەقیقەتەوە بلکێنرێت؟

(١) لالاند، اندریة: المصدر السابق، ص ٣٦٧.

(٢) بدوی، عبدالرحمن: الموسوعة الفلسفیة، المجلد الثالث، المطبعة سلیمانزادە، الطبعة الاولی، قم، ١٤٢٧، ص١٠٧.

(٣) میراودەلی، کەمال: فەلسەفەی جوانی و هونەر ئیستاتیکا، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی قانع، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٥، لا١٢.



دوو تێڕوانینی بنەڕەتی بۆ هونەر هەن، هەندێك هونەر پەیوەست دەکەنەوە بە داکەوت و پێیان وایە هونەر دەبێت لە پێناوی چاکەدا بەرهەم بهێنرێت. ئەم تێڕوانینەش لە گریکەوە سەرچاوە هەڵدەگرێت. تێڕوانینێکی فەلسەفی لە گریکدا پێی وابوو، کە پەیوەندیەکی توند و تۆڵ هونەر بە چاکەوە دەبەستێتەوە. هەر بۆیە فەلسەفەی مۆڕاڵ و هونەریان بەیەکەوە دەبەستەوە، ئەمەش لای ستواییەکان (رواقی) دەبینرێت، کە جوانی لای ئەوان تەواوترین جۆری مۆڕاڵ بوو، ئەم تێڕوانینە بە درێژایی مێژووی فەلسەفە نوێنەری خۆی هەبووە، بۆ نمونە لە فەلسەفەی نوێکاتدا "هێربەرت" فەلسەفەی مۆڕاڵی وەك بەشێك لە فەلسەفەی جوانی داناوە، هەروەها "هێنری مور" هەستی جوانی بە بڕیاری مۆڕاڵیەوە بەستۆتەوە، "شافتسبیری"ش چاکە و جوانی تێکەڵ بە یەکتری کردووە[١].

هەرچی تێڕوانینی دووەمە کە پێشڕەوایەتی ڕەوتی "هونەر بۆ هونەر" دەکەن، پێیانوایە کە جوانی هیچ پەیوەندیەکی بە چاکە و هەقیقەتەوە نییە و لە هونەردا هیچ جێگەیەك بۆ لۆژیك نییە، چونکە دەکرێت لە هونەردا هەندێك دیاردەی خراپیش وەك جوان ببینرێت، بۆیە جوانی لە سروشتدا بێت یان لە کاری هونەریدا، ناکرێت بە پێوەری لۆژیکی هەڵبسەنگێنرێت و چاوەڕێی سوود و چاکە و ڕاستی لێ بکرێت[٢].

لە لایەکی دیکە پێویستە جیاوازی لەنێوان جوانی سروشتی و جوانی هونەریدا بکرێت. لە سروشتدا جوانی هەیە و بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ مرۆڤ لە ڕێی سێنسەکانەوە دەرکی دەکات، بەڵام چێژبینین لە جوانی لە ڕێی هونەرەوە

(١) محمد، علی عبدالمعطی: مقدمات فی الفلسفة، دار النهظة العربیة للطباعة والنشر، بیروت، ١٩٨٥، ص١٤٢-١٤٣.

(٢) المصدر نفسه، ص١٤١-١٤٢.

ڕادەهێنرێت. ئیستێتیکی هاوچەرخ جوانی سروشتی لە بواری ڕەخنەی هونەری دەکاتە دەرەوە، جوانی سروشتی تەنیا ئەوکاتە بەهای ئیستێتیك ی وەردەگرێت کە چێژی هونەری بە گوزارشتکردن رووی تێدەکات. یان بە دەربڕینێکی دیکە جوانی سروشتی هیچ بەهایەکی ئیستێتیك ی نییە، تەنیا ئەوکاتە نەبێت کە لە هونەردا دەردەکەوێت و وەردەگێڕدرێتە سەر ئەو زمان، یان کارە هونەرییەی کە ئاوەزی مرۆڤ بەدیدەهێنێت(١). ئەوکاتە ئیستێتیك توانای ئەوەی هەیە کە زانینی ناخەکی یان شاردراوەی نێو چالاکییە هونەرییەکان، بهێنێتە نێو چێوەی ئاگامەندی مرۆڤەوە(٢).

بەڵام گەرەکە ئەوە بزانرێت کە هەستکردن بە جوانی هاوکات لەگەڵ ژیانی مرۆڤدا دێتە ئاراوە، بۆیە بە درێژایی چاخە مێژووییە دێرینەکان گرنگیدان بە جوانی و هونەر لایەنێکی ژیان بووە، هەر لە هەڵکەندنی دیواری ئەشکەوتەکان تاکو ڕازاندنەوەی دیواری پەرستگا و شوێنە پیرۆزەکان، بەڵام جوانی پەیوەست بە تێڕوانینی فەلسەفیەوە لە گریکەوە دەست پێدەکات(٣).

(١) مطر، أميرة حلمى: مقدمة فى علم الجمال و فلسفة الفن، دار المعارف، الطبعة الاولى، القاهرة، ١٩٨٩، ص٨.

(٢) العشماوى، محمد زكى: فلسفة الجمال في الفكر المعاصر، دار النهظة العربية للطباعة والنشر، بيروت، ١٩٨٠، ص٩.

(٣) محمد، على عبدالمعطى: مقدمات فى الفلسفة، المصدر السابق، ص١٤٣.



## باسی دووەم: تێڕوانینی پلاتۆن بۆ هونەر

گەرچی پلاتۆن هونەرمەندێکی گەورە بوو، بەڵام تەواو جیاواز لە تێڕوانینی گشتی گریکی* دەربارەی هونەر و جوانی، واتایەکی دیکەی لەبارەی هونەر و

* گەرچی تێڕوانینی ئیستێتیکی بەر لە پلاتۆن سەبارەت بە هونەر هەبووە، بەڵام بۆ ئەوەی چێوەی باسەکەمان نەتەقێتەوە، لێرەدا تەنها بە کورتی ئاماژەی بۆ دەکەین. [لەگەڵ لە دایکبوونی میتۆس (ئەفسانە)دا مرۆڤ کەمێك دەست بۆ پەنهانییەکانی سرووشت دەبات و لە رێی رامانەوە دەکەوێتە دۆخی "جودایی"ەوە لەگەڵ سرووشت، مرۆڤ لە ڕێگەی وشە و ئاواز و وێنە و توخمەکانی دیکەی هونەرەوە سەرسامییەکانی خۆی دەردەبڕێت. داستانی گریکی خاوەنی ڕەهەندی ئیستێتیکیە، چونکە لە لایەکەوە دەروازەیەکە بۆ تێگەیشتن لە بوون و ناسینی گەردوون، لە لایەکی دیکەوە داستانی گریکی هەردوو سێنسی بینین و بیستن دەسمێت و وازیەکی مەبەستدار لەتەك ئاوەزی وەرگردا دەکات و دەرگای چەندین پرسیاری بۆ ئاوەلا دەکات، کە وەرگر خۆی بە دووی وەڵامەکانیاندا وێڵ دەبێت. بە تایبەت لە تراژیدیادا بەو جۆرەی کە وەرگر چاوەڕوانە کۆتایی پێ نایەت، بەمەش ڕۆڵێکی ئەکتیڤ بە وەرگر دەدات و لە تەك ویژدانیدا دەکەوێتە گفتوگۆ و ئەگەرەکانی پاکبوونەوەی دەروونی لە لا چێدەکات. زۆر جاریش دەبینین مرۆڤ لەگەڵ خواکاندا لایەنێکی هاوکێشەکە لە سرووشتدا پێکدەهێنێت. لە سەدەی پێنجەمی بەر لە زایین بە هۆی گۆڕانی بارودۆخی سیاسی لە ئەتینادا و زاڵبوونی شێوە حوکمی دیموکراتیانە، هونەر لە کۆت و پێوەندەکانی ئاین و مۆراڵ ئازاد بوو، هونەرمەندانیش توانیان ئازادانە بکەونە دارشتنی هونەری. ئەوەش بووە هۆی دەرکەوتنی چەندین قوتابخانە و ڕێبازی فەلسەفی، وەك پیتاگۆریەکان و سۆفیستەکان. پیتاگۆراس تێڕوانینێکی زانستی تێکەڵ بە ئەفسانەی هەبوو سەبارەت بە گەردوون، ئەو پێی وابوو لێکچوونێك لە نێوان پێکهاتەکانی گەردوون و نۆتەکانی موزیکدا هەیە، تێڕامانی فەلسەفیش باڵاترین پارچە موزیکە، کە مرۆڤ دەیژەنێت و هەر بەو تێڕامانەش دەکرێت مامەڵەیەکی هارمۆنی لەتەك گەردووندا بکەین و لێی تێبگەین و نهێنیەکانی بدۆزینەوە. دیدی ئیستێتیکیانەی پیتاگۆراس لەو دەلاقەیەوە دەبینرێت کە ئەو گەردوون وەك تابلۆیەکی موزیکی مەزن وێنا دەکات، کە هارمۆنی بە شێوەیەکی ماتماتیکی لە نێو بەشە جیاوازەکانیدا هەیە، هەموو دژایەتیەکیش کە لە بووندا هەیە سەرەنجامەکەی تەبایی پێکەوەگونجانی لێدەکەوێتەوە، کەواتە دیدی ئیستێتیکیانەی پیتاگۆراس لەسەر

جوانی خستەڕوو. ئەو جەخت لەسەر گرنگێتی هونەر دەکاتەوە، بەڵام هونەر تەنیا لە خزمەتی مۆڕاڵدا دەبینێت. هونەر و جوانی گەرەکە هەمان واتای "چاکە"یان هەبێت[1]، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە جوانی تەنیا ئەو وێنە سێنسییە نییە کە چێژ بەخشە، بەڵکو مەبەست لە جۆرێکی تایبەتە لە جوانی کە ئاراستە رووەو هەقیقەت وەردەگرێت و رۆڵێکیش لە پێناو دەروونپاکی و مۆڕاڵێکی بەرزدا دەگێڕێت، بۆیە مۆڕاڵ دەبێتە پێوەری هەرە باڵای هونەر، هەر بۆیە هونەر دەبێتە دەروازەیەك بۆ فەلسەفە و لە پێناوی پەروەردەیەکی بەرز و

هارمۆنی و میانڕەوی بنیاتنراوە. تێڕوانینی سۆفیستەکان بۆ هونەر دەکرێت لە تێڕوانینیانەوە بۆ زانین هەڵبهێنجرێت. ئەوان باوەڕیان بە زانینی سێنسەکان هەبوو، وەکو سەرچاوەی زانینی جەخت دەیانبینی، بەمەش بەهای زانین و جوانیان بۆ مرۆڤ گێڕایەوە، هەروەها پێیان وابوو کە هونەر دیاردەیەکی مرۆییە و مرۆڤیش لە دەربڕینی هەست و هەڵچوونەکانی خۆیدا ئازادە، بۆیە نەشیاوە هونەر بە سەرچاوەیەکی بانمرۆییەوە گرێ بدرێت، کەواتە دەشێت بەهاکانی هونەر بەپێی کات و شوێن و سەردەمە جیاوازەکان گۆڕانی بە سەردا بێت. ئەم تێڕوانینانەی سۆفیستەکان، "سۆکرات"ی مامۆستای "پلاتۆن"ی هاندا، کە ڕەخنە لە تێڕوانیی سۆفیستەکان بگرێت کە جوانیان لە چێژدا دەبینیەوە. ئەو پێیوابوو کە یاسا دادگەریەکانی ئاوەز، کە لەگەڵ سرووشتی ڕاستیدا تەبان، بریتین لە یاسای نەنووسراوی خوداوەندی کە لە ناخی مرۆڤدا دایناون، بەم پێیە مرۆڤ خۆی خاوەنی زانینە لە ئەزەلەوە. وێڕای ئەوەی کە لە لایەن شاعیران و سۆفیستەکانەوە دژایەتی زۆری سۆکرات کرا لە سەر بۆچوونەکانی، بەڵام سۆکرات بناغەی فەلسەفەیەکی دانا کە دواتر پلاتۆن لەسەر ئەم بناغەیە دیواری فەلسەفەکەی هەڵچنی]. (**انظر: التکریتی، ناجی: الفلسفة الاخلاقیة الافلاطونیة عند مفکری الاسلام، دار الاندلس للطباعة والنشر والتوزیع، الطبعة الثانیة، بیروت، ٢٠٠٧، ص١٩. و مطر، امیرة حلمی: فلسفة الجمال اعلامها و مذاهبها، مهرجان القراءة للجمیع مکتبة الاسرة، ٢٠٠٣، ص٢٠-٢١.** بڕوانە: **سەعید، شاهۆ: ئیستاتیکای گریکی، سەردەمی ڕەخنە، ژمارە ١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٥، لا١٧٢-١٨٦).**

(١) خالد، عبدالكريم هلال: أسس النقد الجمالي في تاريخ الفلسفة، جامعة قارينووس، بنغازي- ليبيا، الطبعة الاولى، ٢٠٠٣، ص١٢.



پاککردنەوەی دەروونی تاکەکانی کۆمەڵگەدا دەخرێتە کار. ئەگەر هونەر بەم رۆڵە هەڵنەستێت، ئەوا ئەو دەوڵەتە ئایدیالەی کە پلاتۆن خوازیارییەتی، ناتوانێت ئامانجەکانی خۆی بەدی بهێنێت[1].

"پلاتۆن جیاوازی لەنێوان دوو جیهاندا دەکات، کە بریتین لە جیهانی ئەمپیری و جیهانی ئیدێکان. جیهانی ئەمپیری بریتیە لە دەروێنەی جیهانی سەروێنەیی ئیدێکان و تەنیا بەو ڕێیەوە واتایەك وەردەگرێ، کە لە جیهانی سەروێنەیی بووندا بەشداری دەکات (میتێکسیس)، بەبێ ئەوەی هەرگیز بەو کامڵبوونە بگات، جیهانی ئەمپیری لە ئەو دەچێ، بەبێ ئەوەی هەرگیز هاوشێوەی بێ[2]".

زانینیش لای پلاتۆن تەنیا لە تێڕوانینی ئاوەزییانەوە بۆ جیهانی سەروێنەیی ئیدێکان بە دەست دێت، بۆیە زانینی سێنسی نابێتە بناغەی زانین، چونکە زانینی سێنسی تەنیا رووداوەکاتە جیهانی دیاردە. لە کاتێکدا زانینی راستەقینە دەبێت روو بکاتە جیهانی ئیدێکان و ئەمەش تەنیا لە رێی ئاوەزەوە شیاوی پێگەیشتنە، بۆیە گەرەکە هۆش ئاراستەی خۆی لە جیهانی دیاردەوە رووەو جیهانی ئیدێ ئاراستە بکات. بەلای پلاتۆنەوە جیهانی دیاردە تەنیا سێبەری جیهانی ئیدێیە و بەمەش پلەیەك لە هەقیقەت دوور کەوتۆتەوە. هەموو کارەکانی پیشەگەرانیش، کە بە رووکردنە جیهانی ئیدێ و یادهاتنەوەی ئەو شتانەی کە لەو جیهانەدا بینیویەتی، بەدی دەهێنرێن، دەچێتە نێو ئەو خانەیەوە،. بەڵام ئەم تێڕوانینە بە گوێرەی هونەر جیاوازە، چونکە هونەرمەند

(١) بدوي، عبدالرحمن: أفلاطون، مكتبة النهضة المصرية، القاهرة، ١٩٩٢، ص٢٣٦-٢٣٧. (**انظر: التكريتي، ناجي: االمصدر السابق، ص٥٦**).

(٢) جەلال، کاوە: تێگەیشتی میمێزیس لە لای ئەریستۆتێلیس، گۆڤاری زانکۆی کۆیە- گۆڤاری زانستە مرۆڤایەتیەکانە زانکۆی کۆیە دەریدەکات، ژمارە ٥، ٢٠٠٦، لا١٧٧.

بە لاساییکردنەوەی شتەکانی جیهانی دیاردەوە خەریکە و هۆشی خۆی رووەو جیهانی ئیدیٚ ئاراستە ناکات. بەمەش کاری هونەری پلەیەکی سێیەمی وەردەگرێت و دوو پلەش لە هەقیقەت دوور دەکەوێتەوە[1]. بەرهەمی هونەرمەندان لە روانگەی پلاتۆن "... بە سیٚ قۆناغ لە هەقیقەتەوە دوورە، نووسینی ئەو بەرهەمانە بە بیٚ شارەزابوونی هەقیقەت کارێکی ئاسانە، چونکە ئەو شتانەی ئەوانە دروستی دەکەن تەنیا ڕواڵەتە نەك راستی..."[2]. ئەم تێڕوانینەی پلاتۆن دەربارەی هونەر، بە تەواوی پێچەوانەی تێڕوانینی "هیگڵ"ە، چونکە هیگڵ پێیوانییە کە هونەر بریتی بێت لە لاسایی جیهان، بەڵکو یەکێك لە رەگەزەکانی هونەر ناوەڕۆکە، کە لایەنێکی سەرەکی کاری هونەری پێکدەهێنێت (لەم باسەدا تەنیا ئاماژەیەکی کورت بۆ تێڕوانینەکانی هیگڵ دەدەین و لە بەشەکانی دیکەدا بە درێژی دێینەوە سەریان).

لە تێڕوانینی پلاتۆندا **فەلسەفە** لە لوتکەدایە و تاکە هونەرە کە دەتوانێت بە زانینی ئیدێکان بگات، هەر لە رێگەی فەلسەفەوە دەتوانرێت پێوەری گشتی بەدەست بخرێت و بکرێتە ئامرازێکیش بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئایدیال. کەواتە دەبێت سەرجەم هونەرەکانی دیکە لە ژێر رێنمایی فەلسەفەدا بخرێنە کار. بە دووی فەلسەفەدا **هونەری پیشە دەستییەکان** دێت کە تەنیا بە رێژەی سوودبەخشیان دەتوانرێت ئەوە دیاری بکرێت کە چەند لە ئیدێکەی نزیك دەبێتەوە، چونکە هەموو پیشەیەکی دەستی سوودبەخش لە پلەدا بەرزترە لەوەی کە کەمتر سوود دەگەیەنێت. لە پلەی سێیەمیشدا **هونەرە جوانەکان** دوورترین پێگەی سوودبەخشی و زانین وەردەگرن، کە تەنیا بە لاسایی جیهانی دیاردەوە

(١) هەمان سەرچاوە، ل١٧٧-١٧٨.

(٢) ئەفلاتون: کۆمار، وەرگێڕانی: سۆران عومەر حەمە و ئەوانیدیکە، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٦، ل٤٨٦.



خەریکن و دەربارەی ئەم جیهانە سێنسییەش تەنیا وێنەیەکی شێواو بە مرۆڤ دەگەیەنن، چونکە لەم جۆرەی هونەردا تەنیا سێنس کاردەکات و ئاوەز و بەرچاوڕوونی تێیدا نادیارن[1]. "کەواتە لاساییکەرەوە لەسەر جوانی و کەموکوڕی بابەتەکانی تەقلید نە مەعریفەی هەیەو نە دیدێکی تەواو"[2]. بۆیە "... وێنەکێش درك بە هەقیقەت ناکات جگە لە ڕواڵەت"[3].

بەڵام پلاتۆن پەیوەستییەك لەنێوان دیاردەی هونەری و ئیدێی جوانیدا دەبینێت، ئەویش لە پەیوەست کردنەوەی سێنسێتی بە ئیدێکانەوە، کە لە بنەڕەتدا بەهای جوانی دەگەڕێتەوە بۆ جیهانی ئیدێکان و دەروونیش لە پرۆسەی پاککردنەوەدا پێویستی بە هونەرە بۆ هەڵزنان لە سێنسێتییەوە بەرەو جیهانی ئیدیٚ[4].

بۆیە دەکرێت بڵێین کە جوانی پلاتۆنی رووەو بەرزییە و پلە بە پلە هەڵدەزنێت تاکو دەگاتە تێگەی بەرزی جوانی، کە تێیدا جوانی و چاکە دەبن بە یەك، لەمەشدا خۆشەویستی ئایدیالی رۆڵێکی گەورە بۆ گەیشتن بە ئیدێی جوانی دەگێڕێت، ئەوەش بریتییە لە بنەمای باڵابوون و هەڵزنان کە بریتییە لە گەڕانەوەی گیان بۆ هەقیقەتە ئایدیالەکان کە دەروون بەر لەوەی لە جەستەدا جێگیر ببێت، پێیان ئاشنا بووە. کاتێك مرۆڤیش گەیشتە ئاستی جوانی ڕەها، دەگاتە ئەو خۆشەویستییەی کە روودەکاتە جوانی لە خودی خۆیدا، کە بریتییە

(١) حاوي، خليل: فلسفة الشعر والحضارة، تحرير وترجمة وتقديم: ريتا عوض، دار النهار، الطبعة االاولى، بيروت-لبنان، ٢٠٠٢، ص٤٨.

(٢) ئەفلاتون: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٨٦.

(٣) هەمان سەرچاوە، ل٤٨٤.

(٤) التكريتي، ناجي، المصدر السابق، ص٥٩.

لە چاکەی ڕەها[(١)]، چونکە پلاتۆن لە پشت هەموو جوانییەکی سێنسی، جوانییەکی ئیدێیی دیاریدەکات کە بنەما و سەرچاوەی شتە جوانەکانە. پلەکانی جوانیش بریتین لەم سێ قۆناغە:

١. جوانی شێوە، واتا جوانی شتە سێنسییەکان.
٢. جوانی مۆڕاڵی و ئاوەزی، ئەمەش جوانییەکی ئەپستمۆلۆگییەو لە هزردایە.
٣. جوانی ڕەها بریتییە لە جوانی ئیدێیی[(٢)].

کەواتە جوانی ڕاستەقینە لە دیدی پلاتۆندا جوانییەکی سێنسی نییە (کەچی بۆ هیگڵ هەمیشە لایەنێکی کاری هونەری بریتییە لە سێنسێتی)، بەڵکو جوانییەکە کە چێوەی سێنسێتی دەبڕێت و دەچێتە خانەی ئاوەزەوە، بەمەش جوانی ئیدێیی، ڕەها و هەقیقییە، هەروەها سەرچاوەی هەموو ئەو جوانییانەیە کە تەنیا بە ڕێژەی بەشداریکردنیان لە ئیدێی جوانیدا، جوانێتیان دەپێورێت، ئەوەش بریتییە لە هزری هەڵژنانی پلاتۆنی لە شتە سێنسییەکانەوە بەرەو شتە ئایدیالەکان[(٣)].

گەرچی پلاتۆن هەڵوێستێکی زۆر توندی بەرامبەر هونەر هەبوو، بەڵام ئەمە ڕێگەی ئەوەی لێنەگرت کە لە کۆمارەکەیدا جێگە بۆ هەندێك لە هونەرەکان

(١) عباس، راوية عبدالمنعم، الحس الجمالي وتاريخ الفن، دار النهضة العربية للطباعة والنشر، بيروت، الطبعة الاولى، ١٩٩٨، ص٣٧.

(٢) عبدة، مصطفى: المدخل الى فلسفة الجمال، مكتبة مدبولي، الطبعة الثانية، القاهرة، ١٩٩٩، ص٥٣.

(٣) كوبلستون، فردريك: تاريخ الفلسفة، المجلد الاول، ترجمة: امام عبدالفتاح امام، المجلس الاعلى للثقافة، الطبعة الاولى، ٢٠٠٢، ص٣٤٨-٣٤٩. **(انظر: خالد، عبدالكريم هلال: المصدر السابق،** ص١١).



بکاتەوە. پلاتۆن ئەو جۆرانەی هونەر بە یاساغ نازانێت کە هانی کردەوەی باش و خۆشەویستی چاکە و هەقیقەت دەدەن و دەروون بەرزی چێدەکەن. بەڵام لەو کۆمارە ئایدیالەدا جێگەی ئەو هونەرمەند و هونەرانەی تێدا نابێتەوە کە خەڵکی لە زانین و دانایی و فەزیلەت و ئازایەتی دوور دەخەنەوە[(١)]. لێرەوە دەردەکەوێت کە ئامانجی هونەر لای پلاتۆن بۆ خودی خۆی نییە، بە پێچەوانەی هیگڵەوە کە هونەر وەك کایەیەکی سەربەخۆ وێنا دەکات و ئامانجی هونەر لە خودی خۆیدا دیاری دەکات، نەك هونەر بۆ خزمەتی مۆڕاڵ یان سیاسەت بخاتە کار، یان پێگەیەکی نزمی بۆ دابنێت بە شێوەیەك، کە نەشێت دێباتی فەلسەفی لەبارەوە ئەنجام بدرێت. (بڕوانە بەشی دووەم باسی دووەم)

لەبەر ئەوەی پلاتۆن پێیوایە کە باشترین دەوڵەت، تەنیا بە پەروەردەیەکی باش دەتوانرێت دابمەزرێنرێت، بۆیە دەبێت هۆنەران هۆنراوەکانیان لە پێناو دەروونباشی و گەشەپێکردنی ئەدگارە باش و باڵاکان و ئازایەتی تاکەکاندا بێت، لەبەر ئەوە دەبێت سانسۆرێکی توند لەسەر جۆری هۆنراوە و موزیکەکان و ئەو چیرۆکانەش دابنرێت کە دایکان بۆ منداڵەکانیانی دەگێڕنەوە. چونکە "... ئاشکرایە شاعیری لاساییکەرەوە بە شێوەیەکی سروشتی مەیلی بەلای توخمی ئەقڵی مێشك ناچێت، ئامادە نییە ئەو بەشەی ئاسوودە بکات"[(٢)]. لێرەوە دەردەکەوێت کە پلاتۆن ڕێگەپێدانی هونەر بە مەرجێکەوە دەبەستێتەوە، ئەویش ئەوەیە کە هونەر دەبێت ڕووەو چاکە ئاراستە درابێت و ڕەچاوی بەها مۆڕاڵی و ئاینییەکان بکات و تەنیا مەبەستی چێژی سێنسی نەبێت لە ڕێگەی وروژاندنی

(١) عوض، رياض: مقدمات في فلسفة الفن، جورس برس، الطبعة الاولى، طرابلس-لبنان، ١٩٩٤، ص١٧٩.

(٢) ئەفلاتون، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٩٢.

توندی دەروونی کە جێگری و هاوسەنگی دەروون تێکدەدات[١]. بۆیە پلاتۆن دەڵێت: "... کەواتە مافی خۆمانە کە ڕێگە نەدەین (هۆنەر) بێتە ناو ئەو شارەی حەزمان لێیە بە شێوەیەکی نایاب بەڕێوەی ببەین..."[٢]، بۆیە "... هەرکەسێك گوێ لە شیعر بگرێت پێویستە ئاگاداربێ لەو ڕێگایەوە زیان بە سەلامەتی ڕۆحی نەگا"[٣]. سانسۆرکردنی هونەریش بەوە دەکرێت کە لیژنەیەك لە خەڵکانی دانا و بەتەمەن پێکبهێنرێت کە چاودێری هونەر بکەن و تەنیا ڕێگە بەو جۆرانەی هونەر بدەن کە لەگەڵ مەبەستی دەوڵەتە نمونەییەکەدا هاوکۆکن[٤]. بەڵام پلاتۆن تراژیدیا لە دەوڵەتەکەیدا یاساغ دەکات، چونکە بە بڕوای ئەو تراژیدیا کاریگەری لەسەر هاوسەنگی دەروون هەیە و دەبێتە هۆی ترس لە مردن، بۆیە هەڵەی تێدایە و بە سانسۆر ڕاست ناکرێتەوە[٥].

بە گوێرەی ئەو پێوەرەی کە پلاتۆن بۆ هونەرەکان دەیسەپێنێت، هونەری وێنەکێشان* دوورترین هونەرە لە وێناکردنی هەقیقەت، چونکە بە کارکردنی لەگەڵ ڕەنگ و ڕووناکیدا وەهمێك چێدەکات کە دەبێتە هۆی شێواندنی دەروون. دواتر هونەری هەڵکۆڵین دێت کە بە تێڕوانینی پلاتۆن پێویستە ئەم هونەرە بە

(١) التكريتي، ناجي، المصدر السابق، ص٥٧. **(انظر: حاوي، خليل: المصدر السابق، ص٤٨)**.

(٢) ئەفلاتون، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٩٣.

(٣) هەمان سەرچاوە، ل٤٩٩.

(٤) عوض، رياض: المصدر السابق، ص١٧٩.

(٥) جەلال، کاوە: سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٨.

* فردریك کاپلیستۆن پێیوایە کە پلاتۆن لە کۆماردا تێڕوانینێکی تاڕادەیەك پێکەنیناوی دەربارەی وێنەکێشان دەخاتە ڕوو، کە پێیوایە وێنەکێش وێنەی شتەکان بە ووردی ناکێشێت و تەنیا بە لاسایی دیاردە هەڵدەستێت نەك ڕووداوێك، هەروەها تەنیا لەو ئاراستەیەوە وێنەکە دەکێشێت کە بۆ ئەو دیاردەدات نەك وێنەکە لە هەموو ئاراستە جیاوازەکانەوە بکێشێت. کە ئەوەش لە وێنەکێشاندا شتێکی مەحاڵە. **(انظر: کوبلستون، فردريك: المصدر السابق، ص٣٥٢)**



تەواوی لەگەڵ ڕوودانگەدا هاوشێوە بێت و بە جوانترین شێوە ڕوودانگە بداتەوە، بەمەش دەتوانێت سوود بگەیەنێت. ئەگەر نا هەمان ئەو وەهمە چێدەکات کە وێنەکێشان دەیکات[١]. بەڵام موزیك، ئەگەر لەم دوو ئەدگارە نەخوازراوە بەدەر بێت کە بریتین لە لاسایی دیاردەی شتەکان و وروژاندنی هەست و سۆز[٤]، بە پێچەوانەوە دەتوانێت بۆ گەیشتن بە چاکە هاوکاری دەروون بێت، بە مەرجێك موزیکێکی سادە بێت و یەکێك لەم دوو ئەرکە بگرێتە ئەستۆ، یان دەبێت هاوکاری گونجاندنی بەشەکانی دەروون بێت یان هاندەری حەماسەت و ڕواندنی چاکە بێت لە دەرووندا. هەروەها هۆنراوە دەبێت وێنەی گونجاو لە پێناو دەروونپاکیدا بخاتەوە، ئەو هۆنراوانەش کە وێنەی ناشایستەی خوداوەند دەکێشن، دەبێت دوور بخرێنەوە[٢].

"... لە ڕاستیدا هەموو هونەرە تەقلیدەکان بەرهەمێك دروست دەکەن، کە بە گشتی لە هەقیقەت دوورن و پەیوەندی و ئاشنایەتی لەگەڵ بەشێکی مێشکی مرۆڤدا هەیە کە لە فەلسەفە دوورە و سەروکاری لەگەڵ بڕیاری ڕاست و توندوتۆڵدا نییە"[٣]. بەڵام لە هەمووی ترسناکتر لەسەر دەوڵەتە ئایدیالەکەی پلاتۆن لاسایی ئەکتەرە، چونکە سەربازان نابێت جگە لە ئەرکی سەربازییان، لاسایی هیچ شتێك بکەنەوە، خۆ ئەگەر پێویست بوو لاسایی بکەنەوە، ئەوا دەبێت تەنیا "لاسایی پیاوی ئازاو هۆشسەنگین، ئیماندارو نەفس بەرز بکەنەوە"[٤].

(١) بدوي، عبدالرحمن: افلاطون، المصدر السابق، ص٢٣٧.

(٢) حاوي، خليل: المصدر السابق، ص٤٦.

(٣) بدوي، عبدالرحمن: افلاطون، المصدر السابق، ص٢٣٧-٢٣٨.

(٤) ئەفلاتون، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٨٨-٤٨٩.

(٥) جەلال، کاوە: سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٩.

هێزی چێکەری هونەری هەمان هێزی فەلسەفاندنە، کە بریتییە لە خۆشەویستی. لە هونەردا خۆشەویستی دەکەوێتە لاسایی سێنسێتی و لە فەلسەفەشدا ڕوودەکاتە جیهانی ئیدێکان، هەر لەبەر ئەوەشە کە فەلسەفە لە هونەر باڵاترە. لە درێژکراوەی ئەم تێڕوانینەی پلاتۆنەوەیە، کە پلاتۆن هونەری گوتاربێژی بە تەواوی ڕەت ناکاتەوە (گەرچی دەبێت لەو شێواندنەی سۆفیستەکان پاك بکرێتەوە)، بەڵام گوتاربێژی بە نزمتر لە دیالێکتیك دەبینێت. گەرچی گوتاربێژی دەکرێت بۆ گواستنەوەی بیرۆکە فەلسەفییەکان بۆ زەینی خەڵکانی عەوام ڕۆڵێك بگێڕێت، ئەوەش بۆ ئەوانەیە کە ناتوانرێت بە لۆژیك قەناعەتیان پێبکرێت، چونکە لێی تێناگەن. بۆیە دەبێت لە ڕێگەی گوتاربێژییەوە هەقیقەتەکانیان پێبگەیەنرێت. لێرەوەیە کە گوتاربێژی دەبێتە یەکێك لە ئامرازەکانی فێرکردن لە ئاکادیمیاکەی پلاتۆندا[1].

لە درێژەی ئەو باسەدا ئەوە دەردەکەوێت کە پلاتۆن سەرجەمی هونەرە جوانەکان لە خانەی سێنسێتیدا دادەنێت و بە مەرجێکی مۆڕاڵی توندەوە دەیانبەستێتەوە، هونەریش تەنیا بۆ مەبەستێکی پەروەردەیی مۆڕاڵی بەگەڕ دەخات، بۆیە تەنیا ئەو جۆرانەی هونەر لە دەوڵەتەکەیدا ڕێگە پێدەدات کە دەتوانن ڕۆڵێك لە پێناوی پەروەردەیەکی دروست و مۆڕاڵێکی بەرزدا بگێڕن[2]. کەواتە هونەر هیچ لایەنێکی جەوهەری تێدا نییە و تەنیا لە پێناوی مۆڕاڵ و دەروونپاکیدا بەگەڕ دەخرێت، بەمەش پلاتۆن بارێك لە هونەر دەنێت کە تاکو سەردەمی هیگڵ درێژە دەکێشێت، بەڵام هیگڵ بە پێچەوانەوە دەیەوێت ئەو بارە لە هونەر بکاتەوە و جاریکیدیکە ڕەوایەتی بە هونەر بداتەوە، ئەوەش لەو

(١) بدوي، عبدالرحمن: أفلاطون، المصدر السابق، ص٢٣٩.

(٢) عبدة، مصطفى: فلسفة الجمال و دور العقل في الابداع الفني، مكتبة مدبولي، الطبعة الثانية، القاهرة، ١٩٩٩، ص١٥.



دیدگایەوە کە هونەر بەشێکی دانەبڕاوی کولتووری مرۆڤە و ناکرێت لە ڕەوتی باڵابوونی هۆشی ڕەهادا فەرامۆش بکرێت. هەروەها بۆ هیگڵ گەرچی هونەر سێنسیانە دیار دەدات، بەڵام لەبەرئەوەی گوزارشت لە باڵابوونی هۆش دەکات، دەبێتە لایەنێکی جەوهەری فەلسەفەکەی و دەڵێت دیاردە " بە جەوهەر، جەوهەرییە"[1].

## تێڕوانینەکانی ئەرستۆتاڵیس لەبارەی هونەر:

پەیوەندی نێوان تێڕوانینی جوانیناسی لای پلاتۆن و ئەرستۆتاڵیس پەیوەندییە لەنێوان دوو فەلسەفەی کۆك و لە هەمانکاتدا ناکۆك، چونکە فەلسەفەی پلاتۆن فەلسەفەیەکی ئاوەزمەندانەیە کە ڕووەو ئایدیال ئاراستەی وەرگرتووە، بەڵام فەلسەفەی ئەرستۆتاڵیس ئاوەزمەندانەیە و ڕووەو داکەوت ئاراستەی وەرگرتووە[2]. ئەرستۆتاڵیس بە پێچەوانەی پلاتۆنی مامۆستایەوە دوو جیهانی لە یەکدی دابڕاو نابینێت، بۆیە ئیدێکانی پلاتۆن دەهێنێتە نێو ئەم جیهانە و ناویان لێ دەنێت "فۆڕم"، چونکە بە بڕوای ئەو ناتوانین لەم دوو جیهانە لێکدابڕاوەی پلاتۆن تێبگەین و هیچ شتێك دەربارەی "ئاوەڵابوون"، واتا "بەنێودا هەڵاتن" یاخود "دروست بوون" دیاریبکەین[3].

بۆ ئەرستۆتاڵیس تەنیا یەك تاکە جیهان هەیە کە سەرجەم کەرتەکانی ئەم جیهانە بریتین لە توخم "زوبستانس" کە پێکهاتوون لە کەرەستە و فۆڕم، فۆڕمیش هەقیقەتی کەرەستەیە و بەنێویدا هەڵدێت یاخود دەیفۆڕمێنێت. ئەم

(١) گێتمان-زیفەرت، ئەنێماری: ڕێبەرییەك بۆ ئیستێتیك، وەرگێڕانی کاوە جەلال، چاپخانەی بینایی، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل١٧٩-١٨٠.

(٢) عبدة، مصطفى: المصدر السابق، ص٥٥.

(٣) جەلال، کاوە: تێگەیشتی میمێزیس...، ل١٧٩-١٨٠.

پەیوەندییەش، پەیوەندییەکی هۆئەنجامییە لەنێوان فۆرم و کەرەستەدا کە فۆرم کەرەستە وەك ئامانج لە خۆ دەگرێت و ریالیزەی دەکات. فۆرماندنیش پێویستی بە پاڵهێزە جا سروشتی بێت وەك پێگەیشتنی درەختێك یاخود مرۆیی بێت وەك دروستکردنی مێز و کورسی لە لایەن مرۆڤەوە. مەرجی پاڵهێزی مرۆیی زانینی گشتێتییە لە لایەن ئەو کەسەوە کە بە فۆرماندنی کەرەستە کارێکی هونەری ئەنجام دەدات[١].

لای پلاتۆن و ئەرستۆتاڵیس هونەر لەسەر بنەمای لاسایی دادەمەزرێت، بۆ بەرهەمهێنانی هونەری دەبێت لە خەیاڵی هونەرمەندا، جیهانێك کە لاسایی جیهانی دەرەوە دەکاتەوە، دروست ببێت. بەڵام دەبێت ئەوەمان بیر نەچێت کە ئەرستۆتاڵیس باوەڕی بە دابەشکاری بوون نەبوو بۆ دوو جیهانی لە یەکدی دابڕاو، هەر لەبەر ئەوەش پێیوانەبوو کە هونەر تەنیا لەبەر ئەوەی لاساییە، دوور کەوتنەوەیە لە هەقیقەت. بە پێچەوانەوە ئەرستۆتاڵیس پێیوابوو کە هونەرمەند روو دەکاتە توخمی گشتێتی لە شتەکاندا و بەو شێوازە دەیفۆرمێنێت کە بۆ هونەر شیاوە. هونەر دەکرێت جوانتر لە داکەوت بداتەوە وەك لە تراژیدیادا یاخود ناشیرنتر وەك لە کۆمیدیادا[٢]. هەروەك ئەرستۆتاڵیس دەڵێت: "خەڵك هەموویان ئەوەندەی پەیوەندی بە سروشت و ئاکارییانەوە هەبێت، بە پێی خراپی و چاکی لە یەکتری جیان. ئیتر بەم پێودانگە لاسایی کرداری کەسانێك دەکرێتەوە کە چاکتر یاخود خراپترن لەوەی ئێمە خۆمان دەمانەوێت وابین یاخود وەك ئێمە وان..."[٣].

(١) هەمان سەرچاوە، ل١٨٠.

(٢) کوبلستون، فردریك: المصدر السابق، ص٤٨٣.

(٣) ئەریستۆتلس: هونەری شیعر پۆیتیکا، وەرگێڕانی د. حەمید عەزیز، وەزارەتی رۆشنبیری بەڕێوەبەرێتی خانەی وەرگێڕان، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٢٤.



بە تێڕوانینی ئەرستۆتاڵیس مرۆڤ هەر لە سروشتەوە ئارەزووی زانینی هەیە، کە دەبێتە پاڵهێزێك بۆ گەیشتن بە زانین، سەرەتاش مرۆڤ لە دەرککردنە سێنسییەکانییەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەم دەرککراوانەش لە نێو هۆشدا "بیرەوەری" و "وێنا" چێدەکەن، هەر بە هۆی مانەوەی دەرککردنە سێنسییەکانەوە لە نێو هۆشدا سەرەتای "ئەزموون" لە لای مرۆڤ دێتە ئاراوە کە دواتر مرۆڤ بە رامان، دەرەنجام لەو ئەزموونانە وەردەگرێت و "تێگەیشت" چێدەکات، ئەمەش دەبێتە سەرەتای سەرهەڵدانی کاری هونەری[١].

ئەرستۆتاڵیس لاسایی دەکاتە بنەمای هونەر[٢]، بەڵام مەبەست لێی لاسایی کتومتی سروشت نییە، چونکە ئەو موزیك بە نزیکترین هونەر لە لاسایی دادەنێت، لە کاتێکدا موزیك دوورترین هونەرە لە سروشتەوە. موزیك بە پێچەوانەی وێنەکێشانەوەیە کە توخمەکانی لە سروشتەوە نزیکن. ئەوەش بەو واتایە دێت کە هونەرمەند تەنیا لاسایی بابەتە سروشتییەکان ناکاتەوە، بەڵکو لاسایی ئەوە دەکاتەوە کە پلاتۆن ناوی لێ دەنێت ئیدێ، بەڵام بە واتای لاسایی نا وەك لای پلاتۆن، بەڵکو لاسایی ئەو گشتێتییە دەکاتەوە کە لە هزری هونەرمەندا دروست دەبێت[٣]. هەربۆیە ئەرستۆتاڵیس پێیوایە کە هۆنراوە لە مێژوو پایە بەرزترە، چونکە هۆنراوە روودەکاتە گشتێتی، لەکاتێکدا مێژوو روودەکاتە رووداوە تاك و تێپەڕەکان. مێژوو ئەوە دەگێڕێتەوە کە روویداوە، بەڵام هۆنراوە گرنگی بە جەوهەری شتەکان دەدات، کە تێیدا شتەکان و رووداوەکان، تەنیا رووکاری دەرەوەن نەك جەوهەر و ناوەڕۆك. هۆنراوە جگە لە

(١) جەلال، کاوە: تێگەیشتی میمێزیس...، ل١٨٠-١٨١.

(٢) عوض، ریاض: المصدر السابق، ص٤٨٤.

(٣) ستیس، وولتر: تاريخ الفلسفة اليونانية، ترجمة مجاهد عبدالمنعم مجاهد، مجد المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، الطبعة الثانية، بيروت، ٢٠٠٥، ص٢١٠.

رووکار، باس لە ئەگەری رووداوی دیکە دەکات کە دەکرێت روودەن، یاخود لەوانەیە رووبدەن یان بە زەرووری روو دەدەن. ئەمەش رووتێکردنی جۆرێك لە گشتێتی و ئیدێی باڵآیە[1]. هەروەك ئەرستۆتاڵیس دەڵێت: "مێژوونووس و شاعیر لەوەدا لەیەکتری جیاواز نین، یەکێکیان بە شیعرو ئەوی تریان بە پەخشان شت رادەگەیەنن... شیعر پتر لە مێژوونوسین لە فەلسەفەوە نزیکەو شتێکە راست و دروستترە. شیعر پتر گشتییەکە رادەگەیەنێت، کەچی مێژوونووسین تایبەتمەندێتی رادەگەیەنێت..."[2].

جوانی لە ئارەزووی مرۆڤەوە بۆ لاسایی کردنەوە سەرهەڵدەدات. ئەوەش ئارەزوویەکی رەمەکییە لە مرۆڤدا، مرۆڤ زانینە بەراییەکانیشی هەر لەو رێگەیەوە بەدەست دەهێنێت، هەروەها لاسایی کردنەوە شادی بە مرۆڤ دەبەخشێت، ئەوەش لەوەدا روون دەبێتەوە کە گەرچی هێندێك شت بە سروشت دزێون، کەچی کاتێك وێنەیان دەکێشرێت، مرۆڤ بە خۆشییەوە لێیان دەڕوانێت وەك لاشەی دزێوی گیانەوەرێکی مردوو، هاوکات دەشبن بە بەرهەمێکی هونەری کە لێوەی فێردەبن[3]، بەڵام لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی "جوان" لای ئەرستۆتاڵیس بریتییە لە سیستماتیکی و گونجاوی و روون و ئاشکرایی، هەر بۆیە دەکرێت جوان بە شێوەیەکی سروشتی لە شتە هەبووەکاندا هەبێت کە بریتییە لە جوانییەکی هەقیقی و سەرچاوەی ئاگایی جوانیناسیشە لای مرۆڤ لە کارە هونەرییەکاندا. هەروەها ئەرستۆتاڵیس جیاوازی لەنێوان هونەرە سوود

(١) کوبلستون، فردریك: المصدر السابق، ص٤٨٤. **(انظر: ستيس، وولتر: تاريخ الفلسفة...، ص٢١٠-٢١١).**

(٢) ئەریستۆتلس: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٠-٥١.

(٣) هەمان سەرچاوە، ل٢٨-٢٩.



بەخشەکان و هونەرە جوانەکاندا دەکات[1]. لە لایەکی دیکەوە ئەرستۆتاڵیس لەنێوان جوان و چێژ بەخشدا جیاوازی دەکات، چونکە پێیوایە کە جوان تەنیا ئەوە نییە کە چێژ بەخشە، چونکە "شتی بە تەنیا چێژ بەخش" سێنسەکان دەوروژێنن[2].

یەکێك لە بیرۆکە بنەڕەتییەکانی فەلسەفەی ئەرستۆتاڵیس ئەوەیە کە هەموو شتێك مەبەستەکەی لە خودی خۆیدایە، واتا هەقیقەتی رەهای خۆی هەیە. هەموو شتەکانیش بەیەکەوە یەکتری تەواو دەکەن، بۆیە چەپاندن (کبت)ی هونەر لە پێناوی فەلسەفەدا هەڵەیە، وەك چۆن لای ئەرستۆتاڵیس گەرچی چالاکی ئاوەزی بەرێزترین چالاکی مرۆڤە، بەڵام ناکرێت هەستو سۆزەکان بنبڕ بکرێن. چونکە هونەریش رەسەنێتی خۆی هەیە[3]، کە ناکرێت ئەو رۆڵ و ئەرکەی لە کۆمەڵگەدا دەیگێرێت فەرامۆش بکرێت. دەکرێت هونەر رۆڵێکی پەروەردەیی لە کۆمەڵگەدا ببینێت، چونکە بە لای ئەرستۆتاڵیسەوە وێنەکێشان بۆ لاوان بایەخی تایبەتی هەیە بۆ بەدەستهێنانی بڕیاردانێکی ورد لەبارەی کاری هونەرییەوە. لە لایەکی دیکەوە موزیك وەك هێزێکی کاریگەر بۆ دروستکردنی کەسایەتی دەکرێت بخرێتە نێو پەروەردەی گەنجانەوە. ئەم تێڕوانینە پەروەردەییە بۆ هونەر لە لایەن ئەرستۆتاڵیسەوە ئەوە دەخاتە روو کە لە بنەڕەتدا گرنگی پێدانی ئەرستۆتاڵیس بە هونەر لە پێناوی پەروەردەی مۆڕاڵی دابێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نابێت رۆڵی چێژ بەخشانەی هونەر لە پێناوی ئەرکی

(١) عبده، مصطفى: المصدرر السابق، ص٥٥. **(انظر: ستيس، وولتر: تاريخ الفلسفة...، المصدر السابق، ص٢٠٩-٢١٠).**

(٢) كوبلستون، فردريك: المصدر السابق، ص٤٨١.

(٣) ستيس، وولتر: تاريخ الفلسفة...، المصدر السابق، ص٢١١.

پەروەردەییدا فەرامۆش بکرێت[1]. لێرەوەیە کە ئەرستۆتاڵیس بە تەواوی لە تێڕوانینی پلاتۆن جیا دەبێتەوە، کە پێیوابوو هونەر تەنیا دەبێت رۆڵی دەروونباشی لە دەوڵەتدا وەربگرێت، هەر بۆیە رێگەی بە هەندێك جۆری هونەر نەدەدا و هونەرەکانی دیکەش دەبوایە لە ژێر سانسۆردا بوونایە. بەڵام بە پێچەوانەوە لای ئەرستۆتاڵیس هەموو جۆرەکانی هونەر شیاوی ئەوەن کە گرنگی خۆیان پێبدرێت و تراژیدیاش دەکاتە سەروەری هەموو هونەرەکان[2]. چونکە "تراژیدی لاسایی کردنەوەی کردارێکی چاکی راست و لە خۆیدا تەواو بووە کە ماوەو درێژییەکی دیاریکراوی هەبێت... لاسایی کردنەوەکە بە کردار دەبێت نەك بە قسە گێڕانەوە، کە ئەمەش بەزەیی و ترس لە ناخدا دەوروژێنێت و لە ئەنجامدا دەروون و ناخ لەم جۆرە هەڵچوونانە پاك دەکاتەوە"[3].

ئەرستۆتاڵیس دوو تێڕوانینی پێچەوانە دەربارەی پەیوەندی "جوان" بە "چاك"ەوە دەخاتە روو، لە کتێبی پۆیتیکادا پێیوایە کە جوان رووەو چێژ (حەز)ی مرۆڤ ئاراستەی گرتووە و ئەم حەزەش دژبەری ژیانی چاك نییە، ئەم تێڕوانینە بە تەواوی رێگە لە جیاکردنەوەی جوان و چاك دەگرێت. بەڵام لە کتێبی میتافیزیکادا ئەوە دەخاتە روو کە "جوان" و "چاك" لە یەکدی جودان، چونکە "چاك" روو دەکاتە مۆڕاڵی تاك، "جوان" لەو شتانەشدا هەیە کە جوڵەیان نییە[4].

(١) کوبلستون، فردريك: المصدر السابق، ص٤٨٥-٤٨٦.

(٢) جانكار، باربارا: فلسفه ارسطو، ترجمه مهداد ايرانى طلب، انتشارات اطلاعات، چاپ اول، تهران، ١٣٨٥، ص٣٤٦.

(٣) ئەریستۆتلس: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧-٣٨.

(٤) المصدر نفسه، ص٤٨١.



## باسی سێیەم: ئیستێتیك وەك زانین و کردار، دامەزراندنی ئیستێتیك وەك دیسپلینی فەلسەفی

لە چەرخی نێڤیندا ئیستێتیك، لە لایەکەوە پەیوەستبوو بە ئاین و مۆڕاڵەوە[1]، لە لایەکی دیکەوە بڕوایەك هەبوو کە هونەر ناشێت بە شێوەیەکی تێگەیی دابڕێژرێت و بخرێتە ژێر ڕەخنەوە، چونکە ناتوانرێت بە یاریدەی ئاوەز مامەڵە لە تەك هونەردا بکرێت و هیچ پەیوەندیەکیشی بە ئاکاری مرۆڤەوە نییە، بۆیە نەشیاوە تێڕوانینی فەلسەفی ئاراستە بکرێت، بەڵام وێڕای ئەوەش فەلسەفە بەردەوام بە یاریدەی تێگەی گونجاو رووی کردۆتە هونەر[2]. ئەمەش لە باسەکەی پێشووتردا خرایە ڕوو.

لە چەرخی نێڤیندا تێڕوانینە ئیستێتیکیەکانی ئەرستۆتاڵیس، دەربارەی جوانی بایەخیان پێ نادرێت. "مرۆڤ بە پێچەوانەوە تێگەی جوانی لە فەلسەفەی ئیدێکانی پلاتۆنەوە وەردەگرێت و هەوڵ دەدات لەنێو فەلسەفەیەکی کریستیانەی ئیدێدا بیچێنێت، بەڵام مرۆڤ بەرێی ئەم هەوڵەوە زۆرتر مۆدێلێك بۆ زانینی (ناسینی) تیۆلۆژیانەی خوا دەباتەوە نەك بۆ هونەر"[3].

ئەمانە دەبنە هەوڵی سەرتایی لە مێژووی ئیستێتیکدا، بەڵام بۆ دامەزراندنی ئیستێتیك وەك دیسپلینێکی سەربەخۆی فەلسەفی، هەر لەسەرەتاوە دەکەوینە بەردەم ئەو کێشەیەی کە پلاتۆن لە هونەردا دەیبینێت، ئەویش بریتییە لەوەی کە هونەر تەنیا پەیوەندی بە جیهانی دیاردەوە هەیە و لەتەك سێنسەکاندا مامەڵە دەکات. بۆیە تەنیا ڕەوایەتیدان بە سێنسێتی دەتوانێت ئەم تێڕوانینە لەبارەی هونەرەوە بخاتە لاوە، ئەوەش بچەسپێنێت کە

(١) محمد، علی عبدالمعطی: مقدمات فی الفلسفة، المصدر السابق، ص١٤٢.

(٢) گێتمان-زیفەرت، ئەنێماری: سەرچاوەی پێشوو، ل١٥-١٦.

(٣) هەمان سەرچاوە، ل٩٧.

هونەر شیاوە دیدی فەلسەفی ئاراستە بکرێت[١]. هەربۆیە لەسەردەمی نوێکاتەوە* چەندین تێڕوانینی فەلسەفی لەبارەی ئیستێتیك خرانە روو، کە لای باومگارتن نمونەی ئەم گرنگیدانە بە ئیستێتیك دەبینینەوە.

---

(١) هەمان سەرچاوە، لا٩٧.

* رێنێ دێکارت R.Descartes جەختی لە سەر بنەمای رێژەگەری (النسبیه) کردەوە لە جوانیدا. هەروەها تەنیا جەختی لە سەر لایەنی ئاوەزێتی نەکردەوە، بەڵکو جەختی لە سەر لایەنی سێنسێتیش کردەوە لە وەرگرتنی چێژی هونەریدا. چونکە بڕیاری جوانی پشت بە ئارەزوو و یادەوەری و مێژووی ئەو کەسە دەبەستێ کە چێژ لەو جوانییە دەبینێت. بۆیە دوو قۆناغ بۆ چێژی جوانی دیاری دەکات کە بریتین لە قۆناغی سێنسی و هۆشی. چێژی راستەقینەش ئەوەیە کە ڕەگەزی سێنسی و هۆشی بە یەکەوە لە خۆ بگرێت. ئەوەش بریتییە لە پەیوەستی جەستە و دەروون. بەڵام وێنە پەتییەکەی جوانی نە لە نەبوون (عدم) و نە لە مرۆڤیشەوە سەرچاوە دەگرێت، بەڵکو لە بوونەوەرێکی **"لە-خودی-خۆدا-تەواو"**ەوەیە، کە بریتییە لە خواوەند. دواتر لابنیتس، پەیوەست بە فەلسەفەی ئاوەزگەرایی دیکارتەوە، فەلسەفەی مۆنادەکانی هێنایە ئاراوە. لەسەر بنەمای هارمۆنی پێشچەسپێندراو، سەرجەم بوون بە شێوەیەکی هۆشەکیانە دیاری دەکات، بەمەش ئۆبژێکتی فیزیکی نەك هەر سێنسیانە شیاوی دەرککردنە، بەڵکو شیاوی "زانین"یشە. چونکە لە نێو هارمۆنیەکی پێشچەسپێنراودا بەیەکەوە گرێ دراون. هەروەها جیهان لەبەر ئەوەی دروستکراوی هێزێکی هۆشەکییە، کە خودایە، ئەوا بریتییە لە "چاکترینی سەرجەم جیهانە شیاوەکان". هەر بۆیە جیهانێکی شیاوی ***زانینە***. تێڕوانینی مرۆڤیش بۆ جوانی لە هارمۆنی نێوان هۆش و شعوری ناخەکی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرێت، جیهانیش بریتییە لە یەکەیەکی سەرجەمیی هەمەکی کە بەشەکانی لە هارمۆنیەکی تەواو گونجاودان لەگەڵ یەکدی، بەمەش جیهان بریتییە لە جوانترینی جیهانە شیاوەکان. ئەمە دواتر دەبێتە پنتی دەرچوون بۆ ڕەوایەتیدان بە سێنسێتی لای باومگارتن. **(انظر: زکارنة، هدیل بسام: المدخل فی علم الجمال، المعهد الدبلوماسي الاردني، الأردن، ١٩٩٣، ص٣٨. و عوض، ریاض: المصدر السابق، ص٢٤٩-٢٥١. بڕوانە: گێتمان-زیفەرت، ئەنێماری: سەرچاوەی پێشوو، لا٤١).**



باومگارتن لە ژێر کاریگەریی ڤۆلفی مامۆستای و پەیوەست بە لایبنیتس و فەلسەفەی ئاوەزگەرایی دیکارتەوە، دەکەوێتە لێتوێژینەوەی جوانی[١]. بۆ یەکەم جار ئیستێتیك وەك دیسپلینێکی سەربەخۆی فەلسەفی لە لایەن باومگارتنەوە دەخرێتە ڕوو[٢]. ئیستێتیك دەبێتە پنتێکی زانینی زانستی، بەڵام هێشتا جیاوازی نێوان زانینی ئاوەزی، کە لە لۆژیکدا نوێنەرایەتی دەکرێت، هەروەها زانینی سێنسی، کە ئیستێتیك نوێنەرایەتی دەکات، هەر ماوەتەوە. ئەمەش وەك هێڵی جیاکەرەوەی نێوان هەردوو جۆری زانین کە لە پلاتۆنەوە سەرچاوەی گرتبوو، دەردەکەوێت، کە تا ئەوکاتە نەتوانرابوو رەوایەتی بە سێنس بدرێت[٣].

ساڵی ١٧٥٠ کتێبی ئیستێتیکا Aesthetica لە لایەن باومگارتنەوە بڵاوکرایەوە و بۆ یەکەمجار تێگەی ئیستێتیك بۆ گوزارشت کردن لەم زانستە نوێیەدا بەکارهێنرا[٤]. داهێنانی ئەم زانستەش بوو بە رووداوێکی گرنگی مێژووی فەلسەفە[٥]. ئەو نووسینەش بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە بوو کە ڤۆلفی مامۆستای لە فەلسەفەکەیدا بەجێی هێشتبوو. ڤۆلف هێزی دەرککردنی بۆ دوو بەشی بەرز و نزم دابەشکرد[٦]، ئەمەش لە لایەکەوە بۆ گونجاندنی بواری شعوری سێنسی و هزری ئاوەزی خرایەگەڕ، لە لایەکی دیکەشەوە بۆ گونجاندنی هەقیقەتی هۆنراوە و هونەر لەگەڵ هەقیقەتی فەلسەفی. باومگارتن ویستی بە

---

(١) عباس، راویة عبدالمنعم، المصدر السابق، ص١٢٣. **(انظر: عوض، ریاض، المصدر السابق، ص٢٥٣. )**

(٢) عوض، ریاض: المصدر نفسه، ص٢٥٣.

(٣) ئەحمەدی، بابەك: سەرچاوەی پێشوو، لا٣٠.

(٤) مید، هنتر: الفلسفة انواعها و مشکلاتها، ترجمة: فؤاد زکریا، مکتبة مصر، القاهرة، ص٣٨٤.

(٥) بدوی، عبدارحمن: الموسوعة الفلسفیة المجلد الثالث: المصدر السابق، ص١٠٧-١٠٨.

(٦) محمد، علی عبدالمعطی: مقدمات فی الفلسفة، المصدر السابق، ص٤٤.

خستنەڕووی ئیستێتیك "ئۆرگانۆن"ێك بۆ زانینی سێنسی دابمەزرێنێت، لە بەرامبەر ئۆرگانۆن (لۆژیك)ی ئەرستۆتالیسدا[1]. گەرچی لۆژیك لە ڕاستی دەکۆڵێتەوە و زانینەکەشی روون و ئاشکرایە، بەڵام ئیستێتیك لە چێژی سێنسی دەکۆڵێتەوە و زانینەکەشی لێڵە، هەروەها ئیدێی باڵای ئەم زانینە بریتییە لە "جوانی"، لە بەرامبەردا "ڕاستی" بریتییە لە ئیدێی باڵای ئاوەزی[2]. ئەمەش کاریگەری فەلسەفەی ئاوەزگەرایی دێکارتە لەسەر باومگارتن[3].

لەم تێڕوانینەوە هێزەکانی دەروون لای باومگارتن بەسەر دوو ئاستدا دابەش دەبن:

**ئاستی یەکەم:** بریتییە لە توانستی باڵای دەروون کە تێگەیشتن چێدەکات و بە روون و ئاشکرایی دەگاتە جەوهەری شتەکان ، بەمەش دەگاتە بنەمای تەواوێتیان.

**ئاستی دووەم:** بریتییە لە توانستی نزمی دەروون، کە رووەو سێنسیێتییە، لە ڕێگەی "لێڕوانین" (Intuition)ەوە دەگاتە بنەمای تەواوێتی دیاردەکان، بەڵام ئەم لێڕوانینە بە ڕێگەیەکی نادیار بەدەست دێت و بە نادیاریش دەمێنێتەوە. ئەمەش ئەو جۆرەی زانینە کە تەنیا بلیمەتەکان پێی دەگەن. گەرچی ئەم توانستە نارۆشن و نادیارە، بەڵام بۆ فەلسەفە بەرهەمدار و پێویستە و پەیوەستە بە سێنسەکانەوە و ئیستێتیك نوێنەرایەتیی دەکات[4]. لەگەڵ باومگارتن لە ئیستێتیکدا لەبری "چێژ" تێگەی "توانستی بڕیاربەسەردادان" (Beurteilungskraft) بەکاردەهێنرێت، چونکە لە بڕیارداندا بەسەر "جوان" هەردوو توانستی سێنسی و ئاوەزی ئامادەییان هەیە،

(١) بدوی، عبدارحمن: الموسوعة الفلسفية المجلد الثالث: المصدر السابق، ص١٠٨. (**انظر: عباس، راوية عبدالمنعم، المصدر السابق، ص١٢٣.**)

(٢) **محمد**، على عبدالمعطى: مقدمات فى الفلسفة، المصدر السابق، ص٤٤.

(٣) عباس، راوية عبدالمنعم، المصدر السابق، ص١٢٣.

(٤) المصدر نفسه، ص١٢٤.



سێنس پەیوەست بە "چێژ" و ئاوەز لەتەك "بڕیار"دا دەبنە بناغەی تیۆریەکی زانین[1]، کە دەکرێت لەمەوە گەرەنتیەك بۆ زانینی سێنسی بە دەست بهێنین.

باومگارتن لە دابەشکاری بۆ بابەتەکانی ئیستێتیکی تیۆری (زانین)، لە سێ خاڵدا شوێن ڤۆلفی مامۆستای دەکەوێت کە ئەمانەن:

- روونکردنەوەی ئەو رەگەزانەی جوانی کە ئاوەز لە ڕێگای دەرککردنی سێنسیەوە پێیان دەگات، بەمەش ئاوەز لە ناسینەوەی جوانیدا بەشداری دەکات. ئەم بەشە ناودەنێت ئیستێتیکی دۆزینەوە (Heuristics).
- ڕوونکردنەوەی ئەو بەرهەمانەی جوانی کە لەو رەگەزانە پێکهاتوون، ئەمەش ئەرکی ئاوەزە کە بە تێبینیکردن روونیان بکاتەوە. ئەم بەشەش ناو دەنێت میتۆد (Method).
- دەبێت ئەو شێوازانەی جوانی روون بکاتەوە کە دەتوانرێت گوزارشتی لە بەرهەم یاخود ڕەگەزەکانی جوانی پێبکرێت. ئەو بەشەش ناو دەنێت هێما (Semetics)*.

ئەو پێناسەیەی باومگارتن بۆ ئیستێتیك دەیکات، کە ئیستێتیك وەك یەکەمین پنتی زانینی جیهانی سێنسی دەخاتە ڕوو، دواتر کاریگەریەکی قوڵ لەسەر فەیلەسوفان و هونەرمەندانی دوای خۆی بەجێدەهێڵێت[2]. لەوە بە دوا ئیستێتیك وەك هەڵسەنگاندنی (تاقیکردنەوەی) بڕیارەکانی چێژ دەکەوێتە خەریکگەری لە تەك هونەردا، بۆ

(١) گێتمان-زیفەرت، ئەنێماری: سەرچاوەی پێشو، لا٤٩-٥٠.

* بەڵام باومگارتن تەنیا لە بەشی یەکەمیانی توێژییەوە، دواتر خوێندکارەکەی **Mier** بەردەوام بوو لە سەر توێژینەوە لەبارەی ئیستێتیك و لە مامۆستاکەی زیاتر جەختی لە سەر ئەوە دەکردەوە، کە ئیستێتیك وەك دیسپلینێکی سەربەخۆی فەلسەفە گۆڕان پێبدات . (**انظر: محمد، على عبدالمعطى: مقدمات فى الفلسفة، المصدر السابق، ص٤٤-٤٥.**)

(٢) ئەحمەدی، بابەك: سەرچاوەی پێشوو، لا٣٠.

ڕوونکردنەوەی هونەر بە تێگەی گونجاو، ئەگەرچی ئەزموونی سێنسی لە بناغەدا نەشیاوی ڕاڤەکردن بێت و بە لێڵی بمێنێتەوە. بەمەش " ئیستێتیکی فەلسەفی، وەك تیۆریی زانینێکی تایبەتمەندی جیهان، بەڕێی هونەرەوە سەرهەڵدەدات "[1].

دوای ئەوەی کە زانیمان هونەر وەك کایەیەکی تایبەتمەندی زانینی مرۆیی لای باومگارتن وێنا دەکرێت کە زانینی لێڵی سێنسێتییە لە بەرامبەر لۆژیکدا کە بریتییە لە زانینی ڕوون و ئاشکرا، گەرەکە باس لە لایەنی دووەمی جێکردنەوەی هونەر بکەین کە تێیدا هەوڵ درا هونەر وەك کایەیەکی دانەبڕاوی کولتووری مرۆڤ بناسێندرێت و لە بواری پراکتیکیانەی مرۆییدا پێگەیەکی بۆ دابین بکرێت، تاکو بشێت کە دیدی فەلسەفەی ئاراستە بکرێت[2].

هونەر وەك کردار ڕووەدەکاتە کاراییەکەی هونەر لە نێو کولتووری مرۆڤایەتیدا، ئەویش چونکە "هونەر، وەك داواکاری بۆ چێژی چاك، ڕۆڵێکی نەشیاوی دەستبەرداری لە کولتووری مرۆڤدا وەردەگرێت، هونەر ڕۆڵی ڕۆشنبیرکردنی مرۆڤ وەردەگرێت، یان دەبێت بە ئامادەکارییەك بۆ بەکارهێنانی بەتوانای ئەقڵ و ئەم بنەمایەش لە ڕۆشنگەریدا دەکرێت بە پێشمەرج. هونەر توانا بە مرۆڤ دەدات، لە مێژووەوە و بۆ ئایندە فێرببێت، بەم ڕێیەشەوە هونەر کاراییەکی نێوەندی لە پێگەیاندن و هێشتنەوە و گەیاندنی کولتووری مرۆڤدا وەردەگرێت"[3].

لە لایەکی دیکەوە لە هونەردا ڕەگەزی "گوزارشتکردن" هەیە، کە ناکرێت فەرامۆش بکرێت. ئەم تێڕوانینەش بە هۆی فراوانبوونی زانیاری دەربارەی هونەری گریکی هاتە کایەوە، کە زۆرینەی کارە هونەرییەکانی گریك "گوزارشتکەرن"، لە

(١) گێتمان-زیفەرت، ئەنێماری: سەرچاوەی پێشو، ل٢١-٢٢، ٣٨.

(٢) مجاهد، عبدالمنعم مجاهد: جدل النقد وعلم الجمال، دار الثقافة والنشر والتوزيع، القاهرة، ١٩٩٧، ص١٧-١٨.

(٣) گێتمان-زیفەرت، ئەنێماری: سەرچاوەی پێشو، ل٢٣.



بەرامبەر هونەری ڕۆمانیدا کە گرنگی بە جوانی دەدات. ئەوەش کێشەی گونجاندنی هێنایە ئاراوە لەنێوان "جوان"، بەو پێیەی کە بەهای هەرە باڵای هونەرە، هەروەها ئەو ئاراستەیەی کە "گوزارشتکردن" وەك ئەرکی هونەر دەبینێ[1].

ئەوەی ئیستێتیکی هونەر وەك کردار لە ئیستێتیکی هونەر وەك زانین جیا دەکاتەوە، ئەوەیە کە کاری هونەری تەنیا بریتی نییە لە لاسایی سروشت، بەڵکو وێناکردنی جیهانە لە دیدی هونەرمەندەوە، هەروەها بەهاپێدانێکی تازەیە بە جیهان بە مەبەستێکەوە. لە کاری هونەریدا هەم هونەرمەند وەك ڕاڤەکەری جیهان لەسەر شێوەی تایبەتمەندی خۆی، هەم فۆڕماندنی جیهان بە شێوازێکی ڕەخنەیی، ئامادەییان هەیە[2]. لە لایەکی دیکەوە گەرچی ڕەگەزەکانی سروشت لە کاری هونەریدا دەبینرێن، بەڵام مەبەستی "گوزارشتکردن" لە پشتی هەموو کارێکی هونەری خۆی مەڵاس داوە، بەمەش "هونەر نەك هەر بەهایەکی جوانی قوڵتر و باڵاترمان لە جوانی سروشتی پێدەبەخشێت، بەڵکو جیهانێکمان بۆ ئاوەڵا دەکات کە کەمترین ئەو لایەنگیریە میتافیزیکیانە و هەڵە ئەپستمۆلۆگیانەی تێدایە، کە لەنێوان ئێمە و واقیعی جوانیدا دەبینرێت"[3].

ئەوەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا دەخرێتە بەر باس ئیستێتیکی "هیگڵ"ە* وەك نمونەیەك بۆ ئیستێتیکی هونەر وەك کردار.

(١) مید، هنتر، المصدر السابق، ص٣٩٦.

(٢) گێتمان-زیفەرت، ئەنێماری: سەرچاوەی پێشو، ل٢٤.

(٣) مید، هنتر، المصدر السابق، ص٤٠٠.

* گیۆرگ ڤێلهێلم فریدریش هیگڵ (Georg Wilhelm Friedrich Hegel) لە ٢٧ ی ئابی ساڵی ١٧٧٠ لە شتوتگارت لە وڵاتی ئەڵمانیا لە دایك بووە و لە تەمەنی سێ ساڵانەوە دەچێتە قوتابخانەی ئەڵمانی و لە تەمەنی پێنج ساڵاندا دەچێتە قوتابخانەی لاتینی، قۆناغەکانی سەرەتایی خوێندنی بە سەرکەوتوانە بڕی. هەر لەو تەمەنەوە بلیمەتی پێوە دەبینرا، هیگڵ زۆر گرنگی بە خوێندنەوەی درامای گریکی دەدا و لە دوا دواکانی قۆناغی ئامادەییدا

زیاتر گرنگی بە "سرووشتناسی"دا. هەروەها زۆر کاریگەر بوو بە ئەدەب و شارستانیەتی گریکی. ئەمەش دواتر کاریگەری خۆی بە سەر فەلسەفەکەیەوە جێ دەهێڵێت. لە ساڵی ١٧٨٨ هیگڵ دەچێتە ئینستیتیۆی تیوبینگن، کە ئەنیستیتۆیەکی ئاینی بوو بۆ پێگەیاندنی پیاوانی ئاینی (قەشە)، لە ساڵی ١٧٩٣ هیگڵ بڕوانامەی ئەم ئەنیستیتیۆیە بەدەست دەهێنێت، بەڵام نەیتوانی توانا و بلیمەتی خۆی لەم ئەنیستیتیۆیەدا نیشان بدات، بە تایبەت لە بواری فەلسەفەدا، ئەوەی دەبێت بگوترێت ئەوەیە کە بە گوتەی مامۆستاکانی، هیگڵ نمرەکانی لە فەلسەفەدا نەدەگەیشتنە رادەی دەرچوون.

هیگڵ لایەنگری شۆڕشی فەرەنسی ساڵی ١٧٨٩ بوو، پێیوابوو کە ئەم شۆڕشە پەیامی ئازدی بۆ ئەورپا پێیە و هەوڵێکی مەزنە کە گەلی فەرەنسی لە پێناوی ژیانێکی ئازادانەدا دەیدا. دواتر هیگڵ دەچێتە فرانکفورت بۆ وانەگوتنەوە بە خێزانێکی بازرگان تاکو بژێوی ژیان پەیدا بکات. هیگڵ تاکو مردنی باوکی لە ساڵی ١٧٩٩ لە فرانکفورت دەمێنێتەوە، بەڵام لە باوکیەوە میراتێکی زۆری بۆ دەمێنێتەوە، ئیدی لە سەر پێشنیاری شێلینگ لە شاری "ێنا" نیشتەجێ دەبێت .

لەو کاتەدا زانکۆی ێنا جگە لە شێلینگ پرۆفیسۆری بە توانای دیکەی لە بواری فەلسەفەدا نەبوو، ئیدی لە ساڵی ١٨٠١ هیگڵ دەچێتە ئەو شارە و کتێبێك لە ژێر ناونیشانی "جیاوازی لە نێوان فەلسەفەی فیشتە و فەلسەفەی شێلینگ"دا بڵاو دەکاتەوە کە تیایدا بەرگری لە تێڕوانینەکانی شێلینگ دەکات. دواتر لەسەر چەند بیرو بۆچوونێکی فەلسەفی جیاوازی کەوتە نێوان هیگڵ و شێلینگ. لە گرنگترین بەرهەمەکانی هیگڵ لە ێنا جگە لە چەندین وتاری فەلسەفی، کتێبی فینۆمینۆلۆگیای هۆش بوو کە هیگڵ لە ١٣ ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٠٦ تەواوی کرد، بەڵام رۆژێك دوای تەواوبوونی ئەم نووسینە شەڕی ێنا دەستی پێکرد و هیگڵ ناچار بوو ئەم شارە جێ بهێڵێت. ئەم کتێبە سەرەتای ئەوە نیشان دەدات کە هیگڵ لە فەلسەفەدا بەرەو ڕێبازێکی تایبەت بە خۆی دەچێت و ناوەڕۆکی ئەم کتێبە باس لە رەوتی ئاگایی دەگات لە هەڵزنانیدا بەرەو رەها. ئەم قۆناغەی ژیانی هیگڵ بە قۆناغی "ێنا" دەناسرێتەوە.

دواتر هیگڵ لە ساڵی ١٨٠٧ دەچێتە بامبێرگ (Bumberg) دەبێتە سەرنووسەری رۆژنامەی بامبێرگ، بەڵام هیگڵ لەو شارەدا زۆر نامێنێتەوە و دەچێت بۆ نۆرمبۆرگ، لەوێ دەبێتە بەرێوەربەری ئامادەیی کلاسیکی نوێ و لەو ئامادەییەدا وانەی فەلسەفە دەڵێتەوە و بۆ ماوەی هەشت ساڵ لەو کارەیدا بەردەوام دەبێت. لە ساڵی ١٨١١ دا ژیانی هاوسەری پێکدەهێنێت. هەر لەو ماوەیەدا کتێبی لۆگیك دەنووسێت و بە دوو بەرگ بڵاوی دەکاتەوە. هەر



بەهۆی ناوبانگی ئەو کتێبەوە هیگڵ توانی بگاتە زانکۆی هایدلبێرگ، هەروەها ناوبانگی فەلسەفەکەی بە هەموو ئەڵمانیادا بڵاو بۆوە. دوای ساڵێك وانە گوتنەوە لەو زانکۆیەدا وەك پرۆفیسۆری فەلسەفە لێکچەرەکانی بە ناونیشانی "ئینسکلۆپیدیای زانستە فەلسەفیەکان" لە کتێبێکدا بڵاو دەکاتەوە ناوەڕۆکی ئەم کتێبە بریتییە لە لۆگیك و فەلسەفەی سرووشت و فەلسەفەی هۆش کە بە شێوەیەکی چڕوپڕ و هەمەلایەنی فەلسەفەکەی دەخاتەڕوو.

دوای مردنی فیشتە، هیگڵ لە ساڵی ١٨١٨ دەچێتە بەرلین بۆ وانەگوتنەوە و سێزدە ساڵ لەو زانکۆیەدا وانەی فەلسەفە دەڵێتەوە. فەلسەفەی هیگڵ بە رادەیەك بڵاو بۆوە کە خەریك بوو دەبوو بە فەلسەفەی فەرمی دەوڵەت و هەر کەسێك باوەڕی پێ نەکردایە هیچ کارێکی لە دەوڵەتدا دەست نەدەکەوت. لەو ماوەیەدا هیگڵ چەند کتێبێکی دیکەی نووسی وەك "پرەنسیپی فەلسەفەی ماف و چەند وانەیەك لە فەلسەفەی مێژوو". هیگڵ لە ساڵی ١٨٣١دا دەمرێت و لە سەر داوای خۆی لە تەنیشت فیشتەی فەیلەسوفەوە نێژرا.

فەلسەفەی هیگڵ بە تەواوی باڵی بە سەر ئەڵمانیادا کێشا و لە ئەوروپادا ناوبانگی تەواوی پەیداکرد. ئەم فەلسەفەیە لە تەواوی ئەوروپادا گفتوگۆی زۆری لە سەر دەکرا و دوایی لایەنگرانی بۆ هەر دوو باڵی راست و چەپی هیگڵیزم دابەشبوون، لە ئینگلتەرا و ئەمریکادا باڵی راستی هیگڵی کە لایەنگری لایەنی ئاینی و ترادیسیۆنی هیگڵ بوون، زاڵبوون و لە روسیاشدا باڵی چەپی هیگڵی زاڵبوو.

تاکو ئێستا فەلسەفەکەی هیگڵ بە چەندین شێواز و تێڕوانینی جیاواز لە یەکتری راڤە کراوە، هەندێك بە شۆڕشگێڕێکی مەزن و هەندێکی دیکە بە نوێنەری پاشڤەرۆیی ناوزەدی دەکەن. بۆ نمونە "هێربەرت مارکوزە" هیگڵ بە شۆڕشگێرترین فەیلەسوفی سەردەمی خۆی دادەنێت، چونکە توانیویەتی مۆرکێکی شۆڕشگێرانە بە ئاوەز ببخەشێت. بەڵام کارل پۆپەر بە پێچەوانەوە، هیگڵ لەگەڵ پلاتۆن و مارکسدا بە دوژمنە سەرسەختەکانی کۆمەڵگەی کراوە ئەژمار دەکات، چونکە هیگڵ کاریگەریەکی وێرانکەرانەی بە سەر سەرجەم ئەدەبیاتی ئەڵمانیەوە هەبووە، ئەمە لە قسەیەکی شۆپنهاوەرەوە وەردەگرێت دەربارەی هیگڵ. (**بڕوانە: یاسین، عوسمان: هیگڵ و دوو لە قوتابیانی، چاپخانەی خانی، چاپی یەکەم، دهۆك، ٢٠٠٨، لا٦٧-٣٠. لین و لنکستەر: خواوەندانی هزری سیاسی، وەرگێڕانی کامەران محەمەد پور، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٠٧، لا١٥-١٦. پۆپەر، کارل: کۆمەڵگای کراوە و دوژمنەکانی، وەرگێڕانی ئیدریس شێخ شەرەفی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٦، لا١٣٠. هەروەها بڕوانە ئەم پێگانەی ئینتەرنێتwww.iraqihome.com/septamber2006/92.ht " :و** www.kitabat.com/i25112.htm")

# بەشی دووەم

# ئیستێتیکی هیگڵ وەك ئیستێتیکی کردار

## باسی یەکەم: دیالێکتیکی هیگڵ وەك میتۆدی لێهزرینی فەلسەفەی هونەر

میتۆدی هزرینی هیگڵ بریتییە لە دیالێکتیك*. گەرچی دیالێکتیك لە مێژووی فەلسەفەدا زۆر بەر لە هیگڵ بەکارهێنراوە[1]**، بەڵام دیالێکتیك بۆ

* لێکۆڵەری بە رەچەڵەك روسی (ئاوارە لە فەرەنسا) کۆژیف(kojeve) ، پێیوایە کە هیگڵ لە فەلسەفەکەی خۆیدا میتۆدی دیالێکتیکی بەکار نەهێناوە، بەڵکو بۆ لێکۆڵینەوەی سرووشت و زانین میتۆدی ڕامان و شرۆڤەکردنی بەکارهێناوە کە زیاتر لە میتۆدی فینۆمینۆلۆژی هۆسەرلەوە نزیکە، چونکە هیگڵ لە فەلسەفەکەیدا تەنیا شرۆڤەی ئەوە دەکات کە دیالێکتیك لە ناخی مێژوودا ڕەگی خۆی داکوتاوە و لە مێژووی فەلسەفەشدا ئەوە ڕوونە کە هەر فەلسەفەیەك وەك تێز بەردەوام فەلسەفەی دوای خۆی وەك دژەتێز بە دوویدا دێت، لێرەشەوە ئەوە دەبینین کە هیگڵ تەنیا بە شێوەیەکی پوخت شرۆڤەی ئەوە دەکات کە لە مێژوودا هەیە نەك فەلسەفەکەی خۆی فەلسەفەیەکی دیالێکتیکی بێت، وەك لای پلاتۆن دەبینرێت، بەمەش بە تەواوی دەکەوێتە دژایەتی خۆیەوە. **(انظر: ابراهیم، زکریا: هیجل او المثالیة المطلقة، دار مصر للطباعة، القاهرة، ١٩٧٠، ص١٦٧-١٧٠.)**، هەروەها یەکێکی دیکە لەو ڕەخنانەی کە ڕوو بە ڕووی دیالێکتیکی هیگڵ دەبێتەوە ئەوەیە کە بە تەواوی مۆرکێکی ئایدیالیزمی باڵی بەسەردا کێشاوە، چونکە لە ئایدیالیزمەوە ڕووەو ئایدیالیزمێکی دیکە دەچێت. ئەو دۆخەش کە دیالێکتیك تیایدا پەیوەستە بە سرووشتەوە، تەنیا دۆخێکی پەڕینەوەیە بەرەو ئایدیالیزمی دووەم، تەنانەت لەو دۆخەشدا هۆش وەك توخمێکی ئایدیالی هەر دەمێنێتەوە. ئەم ناتەواویە پاڵی بە "فۆیەرباخ"ەوە نا کە ئەم میتۆدەی هیگڵ تێکبشکێنێت، دواتر لە لایەن "مارکس و ئەنگلز"ەوە ئەم میتۆدە لەتەك ئەستودا خرایەگەڕ و میتۆدی "ماتریالیزمی دیالێکتی" لێ کەوتەوە. (**بڕوانە: ڤ. پودوستنیك و ئەوانیدیکە: فەلسەفەی مارکسیزم، وەرگێرانی: جەلال دەباغ، چاپخانەی شڤان، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠٠٧، لا٣١-٣٢(.**

(١) کەمال، محمد: فەلسەفەی هیگل، دەزگای سەردەم، سلێمانی،٢٠٠١،لا٣٠.

** هێراکلیتۆس بە یەکەم فەیلەسوف دادەنرێت لە مێژووی فەلسەفەدا کە باسی لە گۆڕان و کێبەرکێی دژەکان کردەوە لە بووندا، هیگڵ بیرۆکەی **"بەردەوامەگۆڕان**-Become -الصیرورة



هیگڵ لۆژیکی دینامیکیەتی بەردەوامی نێوان تێز (Thèse) و دژەتێز (Antithèses)ە کە هەردووکیان هەڵدەگیرێن بۆ قۆناغێکی باڵاتر کە ناودەنرێت کۆتێز (Synthèses-ترکیب)، لە کۆتێزدا دژبێژیەکانی تێز و دژەتێز هەڵدەگیرێن و دەگونجێندرێن، کە جارێکی دیکە ئەو کۆتێزەش دەبێتەوە بە تێزێکی نوێ و دژەتێزی بۆ دروست دەبێتەوە[1]، بەمەش ئەو گۆڕانە سێوچکەییە پێکدێت کە هیگڵ لەسەرجەم دیاردە سروشتی و هزریەکاندا دیاری دەکات[2].

هەروەها لە لۆژیکی هیگڵدا هەر لەگەڵ ئەو کردە دیالێکتیکیەدا دەبێت ئاماژە بە کردەی نێگاسیۆن بدرێت کە لە ناخی دیالێکتیکدا ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت و بەشێوەیەکی گشتی هۆکاری گۆڕانە، چونکە "هەر بوونەوەرێکی زیندوو ناکرێت و ناشێت لەگەڵ خودی خۆیدا تەواو هاوئاهەنگ بێت، بەڵکو هەر دەبێت لە دووتوێی بوونی خۆیدا توخمێکی نەرێی لەخۆ گرتبێت تەنانەت ئەگەر وەك توخمێکی تەواو ئەرێ و پۆزەتیڤیش بێتە پێشچاو"[3]، بەڵام نێگاسیۆن بە واتای کۆتایی ئەم کردە دیالێکتیکیە نییە، بەڵکو نێگاسیۆنی

"ئارایی لە هێراکلیتۆسەوە وەرگرت. میتۆدی دیالێکتیکی و بە یەکەوە گونجاندنی دژەکانی هەر لە بیرۆکەکانی هێراکلیتۆسەوە داڕشت، دوای هێراکلیتۆس زینۆنی ئیلی و پلاتۆنیش بە شێوازی جیاواز، میتۆدی دیالێکتیکیان بەکارهێناوە. **(انظر: ابراهیم، زکریا: هیجل او المثالیة المطلقة، المصدر السابق، ص١٣٩).**

(١) المصدر نفسه، ص١٥٨.

(٢)المصدر نفسه، ص١٥٨-١٥٩.

(٣) ئیبراهیم، زەکەریا: میتۆدی دیالێکتیکی فەلسەفەی مێژوو و سیاسەت لای هیگل، وەرگێڕانی: سامان عەلی حامید، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٦، لا٢٣-٢٦. **(بڕوانە: کەمال، محەمەد: سەرچاوەی پێشو، لا٣١).**

نێگاسیۆن بە دوویدا دێت بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ دۆخی پۆزەتیڤ کە لە دۆخی پێشوتر بالاَترە. لە نووسینەکانی هیگڵیشدا چەندین شرۆڤەی ئەو میتۆدە دوالیزمیەی کۆتێز و نێگاسیۆن دەبینین، کە سەرجەم دیاردە سروشتییەکان بەرەو بالاَبوون دەبات، یەکێك لەوانەش مێژووی هونەرە[1].

لە دیالێکتیکی هیگڵدا هەر لە بەراییەوە بالاَبوونێکی شاراوە دەبینین کە لە ناخی یەکەمین تێزی هیگڵدا خۆی مەلاَس داوە، ئەویش بریتییە لە "بوون" و دژبەرەکەی "نەبوون"ە. بۆ هیگڵ "بوون" و "نەبوون" هەم دژبەرن و هەم یەکن (ئیدێنتن)، کۆتێزی ئەم دوانەش چوونی بەردەوامی هەردووکیانە بۆ نێو یەکتری و هیگڵ ناوی دەنێت "ئارایی"[2].

ئەم بالاَبوونەش ئەوە روون دەکاتەوە کە راستی رەها تەنیا لە کۆتێزدا کۆتایی نایەت، بەڵکو ئەو بالاَبوونە ئەو مەبەستە کۆتاییەیە کە هەموو بزووتنێکی دیالێکتیکی بەرەو خۆی کێش دەکات و لە ناخی هەموو جوڵەیەکی دیالێکتیکی و هەموو پێشکەوتنێکی هەمەکیدا رۆڵی خۆی دەگێڕێت، یان بە دەربڕینێکی دیکە دەتوانین بڵێین کە "مەبەستداریەکی شاراوە" لە قوڵایی هەموو جوڵەیەکی گەردوونیدا رۆڵی خۆی دەگێڕێت، گەر ئەو مەبەستداریەش نەبوایە ئەوا دیالێکتیکی هیگڵ هیچ واتایەکی نەدەبوو. ئەمەش لە خۆیدا ئاماژەیەکی شاراوەیە بەو تێڕوانینەی هیگڵ دەکات، کە جیهان دوایەکیە و مێژووش داخراوە، گەر ئەم دوایەکیەش نەبوایە لە توانادا نەدەبوو لە مەبەست و کۆتایی گەردوون تێبگەین. بۆیە هیگڵ پێیوایە کە بوون بە شێوەیەکی گشتی یەکەیەکی ئەندامییە و ئەمەش وا دەکات لە مەبەستدارییەکەی تێبگەین کە بریتییە لە راستی رەها. هەر بۆیە داکەوت لە بەرامبەر ئاوەزدا روون و

(١) ابراهیم، زکریا: هیجل او المثالیة المطلقة، المصدر السابق، ص١٥٦-١٥٧.

(2) Hegel, Enzyklopädie der philosophischen Wissenschaften. F.a.M 1986. S. 182ff.



ئاشکرایە و شیاوی لێ تێگەیشتنە، چونکە کرۆکی بوون لە هەمان ئەو شتەیە کە هزری پێکهێناوە[1].

جیهان لە ڕواڵەتدا وا دەردەکەوێت کە شیاوی تێگەیشتن نییە، بەلاَم بە لای هیگڵەوە ئەوە گرنگە، کە لە هۆشی خۆماندا وێنای "پێویستێتی لۆژیکی" (الضرورة المنطقیة) بچەسپێنین، چونکە ئەو رووداوانەی کە لە جیهاندا روودەدەن بە هیچ هۆکارێکی ئاوەزیانە (Reason) پاساو نادرێن تاکو لێیان دڵنیابین، بەڵکو تەنیا هۆکارێکی ڕواڵەتی (Cause)یان هەیە، بەلاَم ئەگەر لە بووندا جگە لە بوونی داکەوتەکیانە پێویستێتی لۆژیکی ببینین، یان بە دەربڕینێکی دیکە، گەر هۆکارە ئاوەزیەکەی دیاریبکەین، ئەوکاتە دەتوانین لێی تێبگەین و شرۆڤەی بکەین. هەر بۆیە فەلسەفەی هیگڵ کە هەڵگری گوتاری شرۆڤەکردنی جیهانە بە شێوەیەکی بنەڕەتی، هەر لە بەراییدا بە هۆکارێکی ئاوەزیانە سەرەتا دەگرێت و هەر لەو هۆکارەشەوە هەموو جیهان وەك دەرەنجامێکی لۆژیکی دەردەکەوێت، نەك وەك دەرەنجامی هۆکارێکی ڕواڵەتی، هەر ئەمەشە لای هیگڵ، کە وامان لێ دەکات لە چۆنبوونی جیهان تێبگەین[2].

ئەم هۆکارە ئاوەزییەش کە بریتییە لە رەها، سەرچاوەی هەموو شتێکە و گشتێتییە، هۆکارێکی لۆژیکییە و دوو مەرج لەخۆ دەگرێت: لە لایەکەوە دەبێت بتوانێت شرۆڤەی جیهان بکات و ئەوە ڕوون بکاتەوە، کە چۆن جیهان بە شێوەیەکی زەروری لێوەی پەیدا بووە، لە لایەکی دیکە دەبێت بتوانێت خۆی شرۆڤەی بوونی خۆی بکات، چونکە بنەڕەتی یەکەمە و هیچ شتێك بەر لە ئەو بوونی نەبووە تاکو شرۆڤەی بوونی ئەو هەڵبگرێت. ئەم دوو مەرجەش لە

(١) ابراهیم، زکریا: هیجل او المثالیة المطلقة، المصدر السابق، ص١٥٦.

(٢) ستیس، ولتر: هیجل المنطق و فلسفة الطبیعة، المجلد الاول، ترجمة: د. امام عبدالفتاح امام، بیروت، دار التنویر للطباعة والنشر والتوزیع، الطبعة الثالثة، ٢٠٠٧، ص٦٤.

هۆكاری ڕواڵەتیدا نین، هەر بۆیە ئەستو ناتوانێت ببێتە ئەو هۆكارە یەكەمییە، بەڵكو یەكەمین هۆكاری بنەڕەتی هۆكارێكی ئاوەزیانەی لۆژیكییە، كە لە خودی خۆیەوە هەیە (قائم بذاتە) و بناغە و پێشمەرجی بوونیشە. ئەم سەرچاوە یەكەمییەی بوونیش لای هیگڵ بە هەمان شێوەی پلاتۆن بریتییە لە گشتێتییەكی ئۆبژێكتیڤی (موضوعی)، واتە سەربەخۆ لە هزر بوونی هەیە، بەڵام هیگڵ لە كانتەوە جیاوازی نێوان گشتێتی سێنسی و گشتێتی ناسێنسی دەهێنێتە نێوەوە، هەروەها پێیوایە كە سەرچاوە یەكەمیەكە بریتییە لە كاتیگۆری، یان وێنایەكی پەتی كە هیچ مۆركێكی سێنسی لەخۆ ناگرێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت كە ئەم گشتێتییە بریتی نییە لەسەرجەم گشتێتییەكان وەك لای پلاتۆن، بەڵكو پێكهاتەیەكی گشتێتی ناسێنسی پەتییە[(1)] و پەیوەست بە هزری هیگڵەوە بریتییە لە هەقیقەتی هەرە باڵا.

به گشتی فەلسەفەی هیگڵ سێ بەشی پەیوەست بەیەكتریەوە دەگرێتەوە: ***یەكەمیان*** زانستی "ئیدێ"یە (Idee-**الفكرة**) لە خودی خۆیدا و بۆ خودی خۆی، كە بریتییە لە زانستی لۆژیك، ئەمەش لێكۆڵینەوەیە لە هەقیقەت لە خودی خۆیدا و لایەنی تیۆریی فەلسەفەكەیەتی. بواری لێكۆڵینەوەی لۆژیك لای هیگڵ میتافیزیكە، ئەوەش بە تەواوی لە لۆژیكی كۆن لای ئەرستۆتالیس، كە بوارەكەی بریتییە لە زانستی مرۆیی جیای دەكاتەوە[(2)]. ***دووەمیان*** فەلسەفەی سروشتە، بەمەش ئیدێ لە خودی خۆیەوە هەڵدەگیرێت بۆ دەرەوەی خۆی كە بریتییە لە سروشت. ***سێیەم*** بەشی فەلسەفەكەی بریتییە لە فەلسەفەی

(١) ستیس، ولتر: المصدر نفسه، ص٦٢-٧٠.

(٢) هویدی، یحیی: ماهو علم المنطق؟، مكتبة النهضة المصریة، الطبعة الاولی، القاهرة، ١٩٨٦، ص٢٥-٢٦.



"هۆش"*، لێرەشدا هۆش لە سروشتەوە دەگەڕێتەوە بۆ خودی خۆی. گەر سەرنجێكی خێرا لە بەشەكانی فەلسەفەكەی هیگڵ بدەین دەبینین، كە دابەشكردنە سێكوچكەییەكە بەشێوەیەكی سەرجەمی فەلسەفەكەی هیگڵ دەگرێتەوە، بەڵام لە هەموو دۆخەكاندا هەر لە هۆشی رەها دەكۆڵێتەوە، جا چ لە خودی خۆیدا بێت یان لە دەرەوەی خۆی یان لە گەڕانەوەیدا بێت بۆ لای خۆی[(1)]، كە ئەمەش لای هیگڵ سوڕی گشتیبوون پێكدەهێنێت.

لای هیگڵ هیچ شتێك لە بووندا بەدەر لەو گۆڕانە سێكوچكەییە وێنا ناكرێت**، چونكە هەموو تێزێك لە هەناویدا دژایەتی هەڵگرتووە[(2)]. گەر شرۆڤەی نمونەی "بوونی رەها" لە دیدی هیگڵدا وەربگرین، دەبینین كە بوونی رەها وەك یەكەمین تێز بەئاگابوونی هەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی جگە لە خۆی هیچ شتێكی دیكە بوونی نییە، ئەوا تەنیا خودئاگایی هەیە. بەمەش خۆی وەك بەئاگا سەبژێكتە و وەك ئاگالێبوو ئۆبژێكتە، لێرەوە بوونی رەها هەم تێز و هەم

* لە زۆر وەرگێڕانی عەرەبیدا "Geist" بە "روح" وەرگێڕدراوە، بەڵام ئەم تێگە ئەڵمانیە ئەوە دەگەیەنێت كە لە نێوان "ئاوەز" و "گیان"دایە و بریتییە لە جەوهەرێكی رەها ﴿ئێمەش لە كوردیدا تێگەی "هۆش"مان بە گونجاو زانی﴾. (انظر: **نصری، هانی یحیی: دعوة للدخول فی تأریخ الفلسفة المعاصرة، المؤسسة الجامعیة للدراسات والنشر والتوزیع، بیروت،٢٠٠٢، ص٣١٦**.(

(١) غانم، رمضان بسطاویسی محمد: فلسفة هیجل الجمالیة، المؤسسة الجامعیة للدراسات والنشر والتوزیع، الطبعة الاولی، ١٩٩١، ص٣٦-٣٧. (**بڕوانە: كەمال، محەمەد: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦** ).

** هیگڵ پێیوایە كە هەموو دیاردەیەك لە بووندا دیالێكتیكیانە بەرەو پێشەوە دەچێت، بەڵام هیگڵ هەر خۆی مێژووی وڵاتانی هیند و چین دەخاتە دەرەوەی ئەو گۆڕانە دیالێكتیكییە. ئەمەش خۆی رەتكردنەوەی ئەوەیە، كە هەموو گۆڕانێكی نێو مێژوو دیالێكتیكی بێت. (**بڕوانە: كەمال، محەمەد: سەرچاوەی پێشو، ل٣٦**.)

(٢) ئیبراهیم، زەكەریا: میتۆدی دیالێكتیكی فەلسەفەی مێژوو و...، سەرچاوەی پێشو، ل ٢٤.

دژەتیزە، بەڵام لە هەر دۆخێکدا بە تایبەتمەندی و ئەدگاری جیاوازەوە، بەمەش پەیوەندیەکی دیالێکتیکی لەنێوانیاندا دروست دەبێت، لێرەوە دەبینین کە تیز و دژەتیز هەمان شتن، بەڵام ئەوەش دەزانین کە تیز وەك سەبژێکت و دژەتیز وەك ئۆبژێکت دوو شتی تەواو جیاوازن، کە بە پێی میتۆدی دیالێکتیك کۆتیزێك لەنێوان ئەم دوانەدا پێکدێت. بۆیە دەتوانین بڵێین، کە دیالێکتیك میتۆدێکە بۆ تێهەڵکێشکردنی دژەکان و بەمەش قۆناغێکی تەواو جیاواز و پێشکەوتووتر لە دوو تێهەڵکێشکراوەکە پێکدێت[1]. دەتوانین ئەم پەیوەنیە دیالێکتیکییەی نێوان سەبژێکت و ئۆبژێکت لە "بوونی رەها"دا بە پەیوەندی "من = من" دابنێین و بەمشێوەیە ڕوونی بکەینەوە:

سەبژێکت بەئاگابوونی هەیە بەرامبەر ئۆبژێکت

من بەئاگابوونی هەیە بەرامبەر من[2]

ئەو گۆڕانکاریە سێکوچکەییەی نێوان تیز و دژەتیز و کۆتیز تەنیا دیوی دەرەوەی میتۆدی دیالێکتیکیە، چونکە میتۆدی دیالێکتیك بە بەردەوامی نێواخندۆزیانە دەچێتە نێو کێشەکان و هەوڵی دیاریکردنی فۆڕم و جەوهەر دەدات و لە ڕووکارەوە بەرەو ناوەڕۆك دەڕوات. هەروەها لە نزمەوە بەرەو بەرز هەڵدەزنێ، (*لێرەوەیە کە هارتمان تێبینی ئەوەی کردووە، کە میتۆدی دیالێکتیکی هیگڵ نەرمییەکی سەرسوڕهێن و توانایەکی زۆری هەیە بۆ گونجان، کە میتۆدی هیچ فەیلەسوفێك ئەو توانایەی نییە*)[3]. ئەم ناکۆکییەی

(١) کەمال، محمد: سەرچاوەی پێشو، ل٣١-٣٣.

(2) Suhr,Martin: Sartre. Hamburg. 2001. S. 129ff.

(٣) ابراهیم، زکریا: هیجل او المثالیة المطلقة، المصدر السابق، ص١٥٩.



نێوان سەبژێکت و ئۆبژێکت پاڵنەرە بۆ ئەوەی بوونی رەها لەم ناکۆکیەدا نەمێنێتەوە و بگاتە دۆخێکی باڵاتر، کە ئەم ناکۆکیەی تێدا نەبێت، ئەم دۆخەش بە پێی میتۆدی دیالێکتیك بەرهەم دێت، چونکە میتۆدی دیالێکتیك دەتوانێت دژەکان بەیەکەوە تێهەڵکێش بکات و بەمەش دەگونجێت هۆش و ئەستو گەرچی دوو شتی جیاوازیشن، بێن بە سەرچاوە بۆ بوونی یەکتری. لەم میتۆدەدا دژەکان لە یەکتری جیاوازن و جیاوازیش نین، هەربۆیەشە شیاوە کە لە هۆش ئەستو بکەوێتەوە[1].

لای هیگڵ ناتوانرێت لەبارەی لۆژیك بزانین گەر بێتو ئەم لۆژیکە نەیەتە ناو بوونەوە و تێکەڵ بە فرەیی (الکثرة) یان هەندەکی نەبێت، واتە ئەوکاتە کە هۆش دەچێتە دەرەوەی خۆیەوە و دێتە ناو سروشتەوە کە بریتییە لە بەشی دووەمی فەلسەفەکەی هیگڵ، دەتوانرێت لە بارەیەوە بزانرێت، بۆیە لای هیگڵ ئایدیالیزەبوون بوونی رەها لەمێژوودا تاکە دەروازەیە بۆ تێگەیشتن لە رەها. "لە میتۆدەکەی هیگڵدا لە دڵی لۆژیکدا بە داکەوت دەگەین و لە دڵی داکەوتیشدا دەگەین بە لۆژیك"[2]. هەر بۆیە بە لای هیگڵەوە هۆش ئەو بنەمایەیە کە بەسەر گۆڕانکاریەکانی جیهاندا سەروەرە، هەر ئەو هۆشەیە کە بەپێی میتۆدی دیالێکتیکی هەنگاو بە هەنگاو بەرەو رەها دەڕوات. سەرەتا لە هونەر و دواتر لە ئاین و ئینجا لە فەلسەفەدا بنەجێ دەبێت، بەمەش مێژوو چێدەکات و لە رەوتی باڵابوونیدا بە رەها دەگاتەوە[3]. کەواتە بەلای هیگڵەوە رەها بوونێکی داکەوتەکییە، چونکە هۆش هەمەکییە و ئاوەزێکی گشتییە و سروشت و هۆشیش دوو رووی رەهان، هۆش لە دۆخێك لە دۆخەکانی سروشتدا

(١) کەمال، محمد: سەرچاوەی پێشو،ل٣١-٣٤.

(٢) غانم، رمضان بسطاویسی محمد: فلسفة هیجل الجمالیة، المصدر السابق،ص٣٨.

(٣) محمد، علی عبدالمعطی: مقدمات فی الفلسفة، المصدر السابق، ص٢٢.

دەردەکەوێت، بۆیە بۆ تێگەیشتن لە بوون، دەبێت لە لـۆژیکی هـیگڵ تێبگـەین، ئەمـەش لـە یەکـەمین و سـەرەتاییترین تێگـە کـە تێگـەی بوونـە، دەسـت پێدەکات[1].

لێکۆڵینەوە لە هونەریش، پەیوەستییەکی لۆژیکی بـە گەشـەکردنی هۆشـەوە هەیـە لـە مێـژوودا، ئـەم پەیوەسـتیە لۆژیکیـەش بـە شـێوەیەکی دیـالێکتیکی پەیوەست دەبێتـەوە بـە کێـشە تیۆریـەکانی یاسـای گەشـەکردنی گـشتییەوە[2]. لێکۆڵینەوە لەو گەشە مێژووییە لای هیگڵ پەیوەندی راستەوخۆی بە پەیوەستی تێگەکانی جوانیناسی بە هەقیقەتی رەهاوە هەیە، هەر بۆیە جەوهەری تێگەکان پەیوەست دەبێتەوە بە دەرکەوتەی رێژەیی ئەستوورییانەوە لە مێژوودا، ئەمەش بە جیا لە مێژووی جیهان وێنا ناکرێت، بـەڵکو پەیوەندییـەکی دیـالێکتیکی هەیـە لـەنێوان سـەرجەم بەشـەکانی گەشـەکردنی مێـژووی بـەرفراوانی جیهـان کـە لـە سروشتەوە دەست پێدەکات و بە "رەها" کۆتایی دێت. لەم گەشەکردنەدا هونەر نزمترین پلەی دەرکەوتنی "هۆشی رەها"یە کە پلەی دەرککردنی سێنسییە[3].

بەشێوەیەکی گشتی ئەو بازنەیەی کە هۆشـی رەهـا خـۆی تێـدا دەردەخـات، بریتیە لە بازنەی ئاینی، چونکە رەها و خودا دوو تێگەن بۆ هەمان واتـا. بـەڵام دەرککردنی هۆشی رەها لە سێ قۆناغی دوابەدوای یەك پێکدێت، کە بـریتین لـە هونەر، ئاین [وەك دەرکەوتەیەکی مێـژوویی]، فەلـسەفە. ئەمانـەش بـریتین لـە قۆناغـەکانی ئازادبوونی هۆشی رەها، لە هەردوو بازنەی هونەر و ئاینـدا هۆشـی

(١) کرم، یوسف: تاريخ الفلسفة الحديثة، دار المعارف،الطبعة الخامسة، القاهرة، ١٩٨٦، ص٢٧٥.

(٢) رشيد، عدنان: دراسات فى علم الجمال، دار النهظة العربية للطباعة والنشر، بيروت، الطبعة الاولى، ١٩٨٥، ص٢١.

(٣) المصدر نفسه، ص٣١-٣٢. (نطاه كن: فروغى، محمد على: سير حكمت در اروثا، جلدهاى اول- دوم- سوم، انتشارت زوار، تهران، ١٣٨٥، ص٥٣٦)



رەها کە ناکۆتایە و هەر بـووە، پەیوەسـتە بـە مـەرجی دوایەکییـەوە، بـەڵام لـە بازنەی فەلسەفەدا دەگاتە ئەوپەڕی نادوایەکی و ئازادبوون[1].

هونەریش بە هەمان شـێوەی لۆژیـك و سروشـت و هـۆش دەرەنجـامی هـزرە، بـەبێ ئامـادەیی هـزر هـیچ داهێنـانێکی هونـەریمان نابێـت، کەواتـە هونـەر بـە هەرسێ جۆرەکەیەوە (سیمبولی، کلاسیکی، رۆمانتیکی)، دەبێتە شـێوازێك لـە شێوازەکانی دەرکەوتنی هۆشی رەها، بـە هـەمان شـێوەی ئـاین و فەلـسەفە[2]، بەڵام پێگەیـەکی نـزمتر لـە ئـاین و فەلـسەفە وەردەگرێـت، چـونکە (ئەگەرچـی جەوهەری هەرسـێ بازنـەی هونـەر و ئـاین و فەلـسەفە هـەمان شـتە) لـە رووی گوزارشت کردنەوە بە شێوەیەکی نزمتر، کـە بریتییـە لـە دەرککردنـی سێنـسی، گوزارشت لە دەرکەوتنی هۆشی رەها دەکـات[3]. بـە دەربڕینێکـی دیکـە هونـەر یەکێکە لە بازنەکانی گەشـەکردنی دیالێکتیانـەی هـۆش لـە مێـژوودا ، لەگـەڵ هونەردا، جەوهەری رەها بـە تایبەتمەنـدێتیی مێژووییـەوە پەیوەسـت دەبێتـەوە، واتە بە دیاردەی ئەستوورییەوە، هیگڵ پەیوەنـدی دیـالێکتیکی نێـوان "رەهـا" و "رێژەیی" دیاری دەکات بـۆ پەیوەسـتکردنەوەی رەهـا بـە رێـڕەوی گەشـەکردنی مێژووییەوە. هەر لەبەر ئەمەشە کە لە ئیستێتیکدا لە کاری هونەریـەوە دەسـت پێـدەکات و بــە تیۆرییــەکی فــراوان لــەبارەی رەگــەزەکانی هونــەر کۆتــایی پێدەهێنێت[4].

(١) ستيس، ولتر: هيجل فلسفة الروح، المجلد الثانى، ترجمة: د. امام عبدالفتاح امام، دار التنوير للطباعة والنشر والتوزيع، الطبعة الثانية، بيروت، ٢٠٠٥، ص١٢٩.

(٢) محمد، على عبدالمعطى، فلسفة الفن رؤية جديدة، دار النهضة العربية، بيروت، ١٩٨٥، ص٤٦.

(٣) فروغى، محمد على: ثيشين، ص٥٣٦. (انظر: ستيس، ولتر: هيجل فلسفة الروح، المصدر السابق، ص١٣٠.)

(٤) رشيد، عدنان: المصدر السابق، ص٣١،٢٦.

## باسی دووەم: کاری هونەری وەك زەمینەی فەلسەفەی هونەر

هیگڵ لەسەرەتای کتێبی "دەروازەیەك بۆ ئیستێتیك"، لە لایەك دەیەوێت بابەتی بناغەی زانستی ئیستێتیك دابڕێژێت و لەسەرجەم زانستەکانی دیکە جیای بکاتەوە، لە لایەکی دیکەوە دەیەوێت سەرجەم ئەو تۆمەتانە تێکبشکێنێت، کە رووبەڕووی ئەم زانستە دەبنەوە[١]. هەر بۆیە باس لە جیاوازی نێوان جوانی سروشتی و جوانی هونەری دەکات. بەلای ئەو جوانی هونەری لە جوانی سروشتی باڵاترە، چونکە جوانی هونەری بەرهەمی هۆشی سەبژێکتە، "ئیدێ" یاخود "هۆش" نێواخندۆزیانە لە بەرهەمی سێنسیدا، واتە لە کاری هونەریدا بواری زیاتری هەیە بۆ خۆ دەرخستن وەك لە ئەستویەکی بێگیان (سروشت)دا، چونکە لای هیگڵ هەمیشە ڕەگەزی هۆشەکی لە ڕەگەزی ئەستویی باڵاترە[٢].

ئەگەرچی بەلای هیگڵەوە یەکەم فۆڕمی "جوان" لە سروشتدایە، چونکە لە سروشتدا "ئیدێ" بۆ دەرەوەی خۆی هەڵگیراوە، بەڵام جوانی سروشتی چەند پلەیەکی هەیە. دەرکەوتنی هۆش لە ئەستویەکی بێگیاندا شاراوەترە وەك لە بوونەوەرێکی زیندوودا، مرۆڤیش بەرزترین پلەی دەرکەوتنی هۆشە لە سروشتدا. لەگەڵ ئەوەشدا مرۆڤ هێشتا لەژێر پاڵهێزی پێویستییە ناچارەکانی سروشتدایە، کە ناتوانێت لێیان رزگاری ببێت، بۆیە جوانی سروشتی هەر لە بنەڕەتدا جوانییەکی ناتەواوە، ئاوەزی مرۆڤ ناتوانێت لە فۆڕمێکی سێنسی یاخود لە سروشتدا دەرکی رەها بکات. بۆ ناسینەوەی رەها دەبێت بەرهەمێکی

(١) ابو ملحم، علي: في الجماليات نحو رؤية جديدة الى فلسفة الفن، المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر و التوزيع، الطبعة الاولى، بيروت، ١٩٩٠، ص٦٤.

(٢) هيغل: مدخل الى علم الجمال فكرة الجمال، ترجمة: جورج طرابيشي، دار الطليعة للطباعة و النشر، الطبعة الثالثة، بيروت- لبنان، ١٩٨٨، ص٨-١٠.



خۆی، کە بەرهەمی هۆشە، ببینێت، بۆیە ناچارانە خۆی فۆڕمی جوان (هونەر) دەخولقێنێت، هەر لێرەشەوە پێویستی سەرهەڵدانی هونەر لای مرۆڤ دەردەکەوێت[١]. ئەمەش پێچەوانەی ئەو تێڕوانینە باوەیە، کە پێیوایە جوانی سروشتی لە جوانی هونەری باڵاترە، باڵایی هونەریش تەنیا بە نزیککەوتنەوەی لە جوانی سروشتی دەنرخێنێت، بەڵام بۆ هیگڵ "جوانی هونەری، بە پێچەوانەی ئەم تێڕوانینەوە، لە جوانی سروشتی باڵاترە، چونکە بەرهەمی هۆشە یاخود بەرهەمی هەقیقەتە، لەبەرئەوەش کە هۆش باڵاترە لە سروشت، ئەوا بە زەروری باڵاییەکەی دەگوێزرێتەوە بۆ بەرهەمەکەی، دواتریش بۆ هونەر". جوانی سروشتی تەنیا ئەوکاتە جوانە کە لە هونەردا گوزارشتی لێ دەکرێت، واتە جوانی سروشتی تەنیا ئەوکاتە، کە پەیوەندی بە هۆشەوە هەیە دەکرێت پێی بگوترێت جوان*[٢].

هەروەها بەلای هیگڵەوە هونەر پەیوەندییەکی توند و تۆڵی بە ئاین و فەلسەفەوە هەیە، مرۆڤ بەردەوام هونەری وەك دەسوێژێك بۆ ئاگایی باڵای ئیدێ هۆشەکییەکانی بەکارهێناوە، بەرزترین وێناکردنەکانی گەلان دەربارەی دانایی و ئاین لە بەرهەمە هونەریەکانیاندا ماونەتەوە، هەر لە رێگەی ئەو بەرهەمە هونەریانەشەوە ئێستا لە تێڕوانین و دانایی ئەو گەلانە تێدەگەین[٢]. بەڵام

(١) ستيس، ولتر: هيجل فلسفة الروح، المصدر السابق، ص١٣٢-١٣٤. **(بڕوانە: ئەحمەدی، بابەك، سەرچاوەی پێشوو، لا١٢١).**

* "هەندێك لە رەخنەگرانی ئیستێتیکی هیگڵ پێیانوایە کە هیگڵ زیاد لە پێویست کینی لە جوانی سرووشتی بووە، پێگەی جوانی هونەریشی زیاد لە پێویست بەرز نرخاندووە، ئەم رەخنەیەش بنەمای خۆی هەیە" **(بە وەرگرتن لە: ستیس، ولتر: هيجل فلسفة الروح، المصدر السابق،ص١٣٤).**

(٢) هيغل: مدخل الى علم الجمال...، ص٨-١٠.

(٣) المصدر نفسه، ص١٠.

بابەتی هونەر بە پێچەوانەی بابەتی زانستە سروشتیەکانە کە پێدراوەکانیان دیارن، بۆ نمونە چوار گۆشە و سێگۆشە لە ئەندازەدا پێویستیان بە سەلماندن نییە، بەڵام جوانی وەك هەر بابەتێکی دیکەی فەلسەفە پێویستی بەوە هەیە کە دیاری بکرێت. فەلسەفەی هونەریش یەکێکە لە دانە پێویستەکانی زنجیرەی فەلسەفی، ناکرێت نکوڵی لێبکرێت، چونکە "فەلسەفە بە هەموو بەشەکانییەوە دەتوانێت زانیاریمان دەربارەی گەردوون بداتێ بەو پێیەی کە هەمەکێتییەکی ئەندامییە، ئەو هەمەکێتییەش لە "ئیدێ"وە گەشە دەکات و دەگەڕێتەوە بۆ خۆی، بەبێ ئەوەی هیچ شتێك لەو گشتێتیە بدۆڕێنێت. هەر یەکێك لەو بەشانەش سەرجەم بەشەکانی دیکە بە شێوەیەکی ناچارەکی بە یەکتریەوە گرێ دەدات"[1]. بۆیە ئیستێتیك دەبێ وەك لکێکی پێویستی فەلسەفە وێنا بکرێت، بابەتەکەشی بریتییە لە هونەرە جوانەکان و تەنیا لە کاری هونەریدا دەردەکەوێت[2].

کاری هونەری بۆ هیگڵ بریتییە لەو شێوە سێنسییانەی کە ڕەها خۆی تێدا دەردەخات، ئەمەش واتا ڕەها لە ژێر ماسکی هەموو کارێکی هونەریدا، کە ڕاستەوخۆ بە مرۆڤ دەگات، خۆی حەشار داوە. بە دەربڕینێکی دیکە دەرکەوتنی ڕەها لە ژێر ماسکی جیهانی سێنسیدا بریتییە لە "جوانی"، ئەمەش لە وێناکردنە زەینیەکاندا بێت بۆ شتە سێنسیەکان وەك هۆنراوە یاخود لە شێوە سێنسیەکانی وەك تەلار و پەیکەر و دەنگە موزیکیەکان. "جوانی" لە لایەك ڕوو دەکاتە سێنسەکان و لە لایەکی دیکەش ڕوو دەکاتە ئاوەز و هۆش، چونکە لە لایەك ناکرێت بابەتی جوان تەنیا هۆشەکی پەتێتی تەواو بێت بەهۆی پەیوەستییەوە بە سێنسەوە، لە لایەکی دیکە ناکرێت تەنیا بابەتی سێنسی

(١) المصدر نفسه، ص١٤.

(٢) ابو ملحم، علي: المصدر السابق، ص٦٤.



پەتی بێت، چونکە سێنسێتی پەتی ناتوانێت "جوان"بێت، تەنیا ئەوکاتە نەبێت، کە ئاوەز ڕەگەزی ڕەهای تێدا دەناسێتەوە. ڕەها بریتییە لە هەقیقەت و لە کاری هونەریدا بنەجێ دەبێت، بەمەش ئەم کارە هونەریە دەبێتە یەکەیەکی ئەندامی، چونکە هەموو بەشەکانی ئەو کارە هونەریە بە یەکەوە واتایان هەیە و دەتوانن "جوان"بن، نەك بە دابڕاو لە یەکدی، چونکە بە دابڕانیان تەنیا دەبنە ئەستویەکی بێگیان، بەڵام بەسەر یەکەوە یەکەیەکی ئەندامی پێکدەهێنن، کە بە زەرووری بە یەکەوە دەبنە بوونەوەرێکی زیندوو[1]. ڕەها بە جێگیربوونی لە دەرەوەی خۆیدا لە هەموو ئەو شتانەدا ئامادەیی هەیە کە بەرهەمی مرۆڤە، یاخود مرۆڤ هەستی پێ دەکات[2].

هونەر دەسوێژێك نییە بۆ کات بەسەربردن و ڕابواردن و چێژ، هەروەها پەیامدەری کاری باش و چاکسازی و دەروونباشی نییە، چونکە هونەر ئامانجەکەی لە خودی خۆیدایە، نەك بۆ ئامانجێك لە دەرەوەی خۆی ئاراستە بکرێت. ئامانجی هەرە باڵای هونەر بەهەمان شێوەی ئاین و فەلسەفە بریتییە لە گوزارشت کردن لە ڕەها[3]، بەڵام ئەوە بەو واتایە نییە کە هونەرمەند بە تەواوی ئاگامەند بێت لە کاتی بەدیهانانی بەرهەمێکی هونەریدا، یاخود هونەر بەرهەمی ئەو هەست و سۆزانە بێت کە هونەرمەند لێیان ئاگادارە، بەڵکو هونەرمەند بەرهەمێك بە دیدەهێنێت کە ئەو سەرەنجامی بۆ دانەڕشتووە و لێی ئاگادار نییە، یان بە گوتەی هیگڵ هونەر دەربڕی "هۆشی سەردەم"ە Zeitgeist. بەم پێیە، هونەر پەیامێکی هەیە کە هونەرمەند لێی بەئاگا

(١) ستيس، ولتر: هيجل فلسفة الروح، المصدر السابق، ص١٣١-١٣٢.

(٢) غانم، رمضان بسطاويسى محمد: فلسفة هيجل الجمالية، المصدر السابق، ص١٣٢.

(٣) ابو ملحم، علي: المصدر السابق، ص٦٦.

نییە[١]. لە بەرئەوە لە تێڕوانینی هیگڵدا سەپاندنی هەر یاسا و ڕێسایەك بە سەر کاری هونەریدا بریتییە لە لەقاڵبدانی هونەر. کە کاری هونەری لە بەرهەمی هۆشەوە دەکاتە بەرهەمێکی ڕواڵەتی کە هیچ بەهایەکی هونەری پێوە نامێنێت[٢].

لە لایەکی دیکەوە لەبەرئەوەی هونەر بریتییە لەو فۆڕمە سێنسیانەی، کە ڕەها تێیدا بنەجێ دەبێت، کەواتە ئەرکی هونەر نە لاسایی کتومتی سروشتە و نە مەبەستی دەروونپاکی مرۆڤان و بە ئاگاهێنانی دەروونە[٣]، ئەوەی لە هونەردا ئامانجی لاساییکردنەوەی سروشت بێت هەرگیز ناتوانێت وەك سروشت بە دیبهێنێت[٤]. بەڵکو هونەر بەرهەمی کەسانی بلیمەتە لە چرکەساتە مێژووییەکاندا و ئاوێنەیەکیشە بۆ ئاستی گەشەکردنی هۆشی ڕەها لە ڕەوتی گەڕانیدا لەو چرکەساتەی ئەو بەرهەمە هونەریەی تێدا هاتۆتە ئاراوە، هەر بۆیە هیگڵ جیاوازی لەنێوان هەرسێ جۆری هونەر (سیمبولی، کلاسیکی، ڕۆمانتیکی)دا دەکات وەك سێ چرکەساتی جیاجیای دەرکەوتنی هۆشی ڕەها لە مێژوودا[٥].

(١) ئەحمەدی، بابەك، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٢-١٢٣.

(٢) هيغل، المصدر السابق، ص٦٥-٦٦.

(٣) ستيس، ولتر: هيجل فلسفة الروح، المصدر السابق، ص١٣٥.(انظر: ابو ملحم، علي: المصدر السابق، ص٦٦.)

(٤) بدوي، عبدالرحمن: فلسفة الجمال و ....، المصدر السابق، ص٢٥.

(٥) غانم، رمضان بسطاويسي محمد: جماليات الفنون و فلسفة تاريخ الفن عند هيجل، المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر و التوزيع، الطبعة الاولى،بيروت، ١٩٩٢، ص١٥. **(انظر: مجاهد، عبدالمنعم مجاهد: علم الجمال فى الفلسفة العاصرة، علم الكتاب، الطبعة الثالثة، بيروت، ١٩٨٦، ص٢٠٩).**



کاری هونەری بۆ هیگڵ لە دوو بەشی جیاوازی پەیوەست بە یەکتریەوە پێکدێت، ئەم دوو بەشەش بە هۆی پەیوەندی دیالێکتیکی نێوانیانەوە دەبنە هۆی وێناکردنی هۆشی ڕەها. ئەو دوو بەشە بە یەکەوە بریتین لە یەکێتی " ناوەڕۆك و فۆڕم"[١] Content and form. ناوەڕۆك بریتییە لە "ئیدێ"ی هەمەکی بەر لەوەی بچێتە نێو فۆڕمە سێنسیەکانەوە، ئەم لایەنەی کاری هونەری خاوەنی سروشتێکی هۆشەکی یاخود خودێتی (الذاتية)ە، ئەمەش ناوەڕۆکی هۆشەکی کارە هونەریەکەیە، بەڵام فۆڕم بریتییە لە لایەنی سێنسی کارە هونەریەکە و بەرجەستەکەری "ئیدێ"یە لە فۆڕمێکی ئەستوییدا، جا بەرد بێت وەك لە تەلارسازیدا، یان ڕەنگ وەك لە وێنەکێشاندا، یانیش دەنگ بێت وەك لە موزیکدا. لە پەیوەندی دیالێکتیکیانەی ناوەڕۆك و فۆڕمەوە کاری هونەری دەکەوێتەوە، بەمەش "ئیدێ" لە فۆڕمێکی ئەستوییدا بەرجەستە دەبێت و بە تەواوێتی ئیدێی باڵا دەگات، کە هیگڵ بە تێگەی Correlation گوزارشتی لێدەکات و، بە واتای یەکگرتنی ناوەڕۆك و فۆڕم دێت[٢].

ناوەڕۆکی کاری هونەری بە بەردەوامی بریتییە لە ڕەها یاخود هەمەکی، لە کاری هونەریدا هیچ پێگەیەك بۆ هەندەکی نەماوەتەوە، بۆیە کاتێك کاری هونەری فۆڕمی ژیانی کۆمەڵایەتی لە چرکەساتێکی دیاریکراوی مێژوودا دەکێشێت ، ئەوا ناوەڕۆکی ئەو کارە هونەریە بریتییە لە بەرژەوەندییە بنەڕەتی، هەمەکی و ئاوەزیەکانی ڕەگەزی مرۆیی، کە ئەویش بریتییە لە هێزی جوڵێنەری هۆش و بەرێوەچوونی دیالێکتیکیانە، هەر بۆیە خراپە هەرگیز نابێتە ناوەڕۆکی کاری هونەری، چونکە خراپە لە خودی خۆیدا نا ئاوازی و نا

(١) غانم، رمضان بسطاويسي محمد: جماليات الفنون و ....، المصدر السابق، ص١٤.

(٢) ستيس، ولتر: هيجل فلسفة الروح، المصدر السابق، ص١٣٤. (انظر: غانم، رمضان بسطاويسي محمد: جماليات الفنون و ....، المصدر السابق، ص١٤).

هەمەکیە. کاری هونەری تەنیا هەڵچوونە هەمەکیەکانی رەگەزی مرۆیی وەك ناوەڕۆك دەگرێتە خۆ[1].

لە تراژیدیادا کێبەرکێ لەنێوان دوو لایەنی چاك و خراپدا نەبووە، بەڵکو کێشە لەنێوان دوو لایەندایە کە هەردووکیان داوای دادگەری و هەقیقەت دەکەن و پاڵنەری هەردووکیشیان هێزێکی ئاوەزی هەمەکییە، هەر لەبەر ئەوەش دەکرێت کە بەر یەکتری بکەون، بۆ نمونە لە شانۆنامەی "ئینتیگۆنا"ی سۆفۆکلێسدا هەر دوو لایەن، پاشا "کریۆن" و "ئینتیگۆنا" بەڵگەی خۆیان هەیە بۆ کارەکەیان لە ڕووی مۆڕاڵی و بەرژەوەندی کۆمەڵگەوە، بەڵام لە دەرئەنجامی بەریەککەوتنیاندا تراژیدیا دەکەوێتەوە. هەر یەك لە لایەنەکانی تراژیدیا گەرچی لە کەسایەتی مرۆڤێکدا بەرجەستە دەبن، بەڵام هەڵگری پەیامێکی ئاوەزی هەمەکین، ئەوەش بە پێچەوانەی فەلسەفە کە تێگە و رەگەزانی هەمەکی پەتین، بەڵام لە هونەردا رەها لە بەرگێکی سێنسیدا داپۆشراوە[2].

(١ ستیس، ولتر: المصدر نفسه، ص١٣٧-١٣٨.

(٢) ستیس، ولتر: المصدر نفسه، ص١٣٨.



### باسی سێیەم: هونەرمەند

هیگڵ لە چەند پرسیارێکەوە دێتە ناو باسی هونەرمەندەوە. پرسیار دەکرێت ئایا هونەرمەند توانستی بەخشین و داهێنان لە کوێوە وەردەگرێت، چۆن کارە هونەریەکەی بەرهەم دەهێنێت، ئەو کەسە کێیە کە دەست دەخاتە سەر پەنهانییەکانی بەرهەمەکەی یان ئەو رێسایانە دیاری دەکات کە پێویستە هونەرمەند شوێنیان بکەوێت، ئەو مەرج و دۆخانە کامانەن کە پێویستە بۆ بەرهەمهێنانی بەرهەمێکی لەم جۆرە هەبن. هیگڵ بۆ وەڵامی ئەو پرسیارانە لە سێ روانگە دەدوێت (بەڵام چێوەی باسەکەی ئێمە تەنها ئەوە هەڵدەگرێت کە تەنها باس لە جۆری یەکەمیان بکەین) کە بریتین لە:

**یەکەم: تێگەی بلیمەتی هونەری و سروشتەکەی.**

**دووەم: دانراوێتی چالاکی بەدیهێنەرانە.**

**سێیەم: پێناسەکردنی ئەدگاری رەسەنێتی راستەقینە**[1].

تێگەی بلیمەتی تێگەیەکی گشتییە و تەنها بۆ هونەرمەند بەکارنایەت، بەڵکو بۆ گەورە پیاوانی سەرکردە و هەموو ئەوانەی لە بوارەکەی خۆیاندا لێهاتوون، بەکاردەهێنرێت. هیگڵ ئەم تێگەیە لە سێ روانگەوە دیاری دەکات کە بریتین لە وێناکردن Imagination، بەهرەمەندی Talent، سرووش Inspiration. لەم سێ توانستەوە کاری هونەری بەدی دەهێنرێت[2].

وێناکردن بۆ هیگڵ بریتییە لە گرنگترین توانستی هونەری، بەڵام پێویستە وێنای داهێنەرانەی هونەرمەند واتە "فەنتازی" (ئەندێشە)، لە وێنای نێگەتیڤی پەتی مرۆڤی ئاسایی جیابکرێتەوە. فەنتازی رێگە بۆ هونەرمەند خۆش دەکات ئاوەزمەندانە لە داکەوت و فۆڕمەکانی بڕوانێت و لە زەینی خۆیدا

(١) هیغل: المدخل الی علم الجمال ..، المصدر السابق، ص٤٣٩-٤٤٠.

(٢) غانم، رمضان بسطاویسی محمد: فلسفة هیجل الجمالیة، المصدر السابق، ص١٦٢.

شتە بینراو و بیستراوەکان بنەخشێنێت، ئەمە وێڕای یادەوەرییەکی بەهێز بۆ گلدانەوەی وێنە جۆراوجۆرەکانی جیهانی سێنسی. ڕۆڵی هونەرمەندیش ڕێکخستنەوەی ئەو وێنانەیە بە پێی ئاگامەندیەکەی سەبارەت بە ئیدێی خوایەتی. کەواتە هونەرمەند تێڕوانینەکانی لە ژیانەوە هەڵدەهێنجێت و بە ئایدیالیزەکردن (Idealisation) بەرهەمی هونەری دەخاتەوە[١].

دەبێ هونەرمەند لەوە تێبگات کە ئەرکی هونەر ئەوە نییە، بە تێگە ئەبستراکتەکانەوە خەریك بێت (وەك فەلسەفە)، بەڵکو هونەرمەند لە لایەکەوە پەیوەستە بە جیهانی سێنسییەوە، بۆیە پێویستە زۆر ببینێت و زۆر ببیستێت و گرنگی بە شێوە جیاوازەکان بدات، لە لایەکی دیکەوە پێویستە زۆر لەو شتانە لە زەینیدا گلبداتەوە، چونکە زەینی ڕەسەن ئەوەیە کە توانای گلدانەوەی زۆری هەبێت. بەڵام ئەم دوو لایەنە بە تەنیا بۆ داهێنانی کاری هونەری بەس نین، بەڵکو دەبێت ئەم زانینە دروستەی جیهانی دەرەوە لەگەڵ ناوەڕۆکی جیهانی ناوەوەی مرۆڤ بەیەك بگەن، واتە ناسکی هەستی هونەرمەند و قووڵی سۆزەکانی، هەروەها لە پاڵیدا چۆنیەتی گوزارشتکردنی هۆش لە خۆی و دەرکەوتنی لە دەرەوەدا[٢].

فەنتازیا پێویستی بە ڕامانێکی قووڵی ئاوەزمەندانە هەیە، چونکە مرۆڤ بەبێ ڕامانی ئاوەزمەندانە ناتوانێت لەوەی کە لە نێوەوەیدا هەیە بەئاگابێت. بۆیە کاری هونەری ڕەسەن ئەوەیە کە لە ڕامانێکی قوڵی ئاوەزمەندانەوە بەدیدەهێنرێت، بەڵام نەك لەسەر شێوەی بڕیار و ئیدێی گشتی، وەك لە فەلسەفەدا هەیە، بەڵکو لەسەر شێوەی داکەوتێکی دیاریکراوی هەندەکی. لەبەر ئەم هۆیە هیگڵ ئەوە بە دروست نازانێت کە هۆمیرۆس لە خەودا هۆنراوەی

(١) هیغل: المدخل الی علم الجمال ..، المصدر السابق، ص٤٤٠-٤١.

(٢) هیغل: المصدر نفسه، ص٤٤١.



هۆنیبێتەوە، واتە هونەرمەند بە بێ ئاگاییەکی ئاوەزمەندانە ناتوانێت کاری هونەری ڕەسەن بەرهەم بهێنێت، چونکە مرۆڤ لە کاتی خەودا یان بێئاگاییدا ناتوانێت کۆنترۆڵی ناوەڕۆکی هۆنراوەکەی بکات[١]. هەروەها هیگڵ پێیوایە کە بلیمەتی لە تافی گەنجێتیدا دەرناکەوێت، چونکە هونەرمەند دەبێت شارەزای جیهان بێت و زۆر ژیابێت و زۆری چەشتبێت بۆ ئەوەی بتوانێت لە فۆڕمێکی هەندەکیدا گوزارشت لە ناوەڕۆکی ژیان بکات [٢].

دواتر هیگڵ جیاوازی لەنێوان بەهرەمەندی و بلیمەتیدا دەکات و پێیوایە کە بلیمەتی توانای بەدیهێنانی کاری هونەریە، بەڵام بەهرەمەندی لێهاتووییەکی دیاریکراوە لە بوارێك لە بوارەکاندا. بۆ نمونە، کەسێك لە بواری کەماندا لێهاتووە یان کەسێك لە بواری گۆرانی گوتندا لێهاتوو نییە. واتە کەسی بەهرەمەند تەنها کاتێك دەتوانێت بەرهەمی باش بخاتەوە کە خۆی بە بوارێکی تایبەتمەندەوە هۆشقاڵ بکات، بەڵام هەرگیز ناتوانێت بگاتە تەواوێتی لە خودی خۆیدا، مەگەر بە شێوەیەکی گشتی بەهرەمەندی هونەری تێدابێت. بە دەربڕینێکی دیکە بەهرەمەند بە بێ بلیمەتی هەرگیز ناتوانێت لە سنووری لێهاتوویی دەرەکی پەتی تێپەڕ بکات[٣].

هیگڵ ئەو تێڕوانینە ڕەت دەکاتەوە کە پێیوایە بلیمەتی و بەهرەمەندی بە شێوەیەکی خۆرسك لە مرۆڤدا هەبن و، مرۆڤی بلیمەت پێویستی بە فێربوون نەبێت، بەڵکو ئەو لە لایەکەوە پێیوایە کە مرۆڤ بە ئامادەییەکی سروشتیەوە بۆ جۆرێك لە جۆرەکانی هونەر دێتە ژیانەوە، بەڵام بلیمەتی مرۆڤ پێویستی بە پەروەردەکردن و فێربوون هەیە، گەرچی بلیمەت پێویستی بە کۆششێکی زۆر

(١) بدوی، عبدالرحمن: فلسفة الجمال والفن ...، المصدر السابق، ص٢٠١.

(٢) هیغل: المدخل الی علم الجمال ..، المصدر السابق، ص٤٤٣.

(٣) المصدر نفسه، ص٤٤٣-٤٤٤.

نییە بۆ فێربوون وەك مرۆڤانی ئاسایی. هەروەها لە لایەکی دیکەوە بۆ هیگڵ هەموو جۆرەکانی هونەر لە قۆناغەکانی مێژوودا پەیوەست بوون بە بلیمەتی نەتەوەییەوە، بۆیە سنووری بلیمەتی لای هیگڵ تەنها لە سنووری بلیمەتی تاکە کەسدا نامێنێتەوە، بەڵکو درێژ دەبێتەوە بۆ سنووری بلیمەتی نەتەوەیی[(١)].

ئەدگارەکانی تیۆری بلیمەتی لای هیگڵ سێ لایەنی هەیە: یەکەم تیۆری بەهرەمەندی و ئامادەیی سروشتی بۆ جۆرێك لە جۆرەکانی هونەر، دووەم پەیوەندی بلیمەتی هونەرمەند بە بلیمەتی نەتەوەکەی خۆیەوە، سێیەم سانایی بەرهەمهێنانی ناوەکی و بەکارهێنانی ئامرازە دەرەکییەکان. ئاستەنگەکانی کێش و سەروای هۆنراوە یان ناسینەوەی رەنگ و رۆشنایی و سێبەرەکان، نابنە کێشە لە بەردەم بلیمەتدا[(٢)].

روانگەی سێیەم بۆ بلیمەتی بریتییە لە سرووش و یەکەم پرسیاریش ئەوەیە کە دەربارەی چۆنیەتی هاتنی سرووش بۆ هونەرمەند دێتە پێشەوە.

لە تێڕوانینی هیگڵدا سرووش لە ئەنجامی وروژاندنی سێنسیەوە لای هونەرمەند دەرناکەوێت، چونکە خواردنەوەی مەی یان بینینی سروشتێکی دڵگیر بەس نین بۆ سرووش بەخشین بە هونەرمەند، هەروەها ویستی هونەرمەند و سووربوون لەسەر ئەوەی کە بەرهەمێکی هونەری بخاتەوە، بەس نییە بۆ ئەوەی هونەرمەند سرووشی پێ بگات، بەڵکو سرووشی راستەقینە لە ئەنجامی پەیوەستبوونی ناوەرۆکێکی دیاریکراو بە خودی هونەرمەندەوە ئامادەیی دەبێت. واتە هونەرمەند لە رێگای وێناوە ئەو ناوەرۆکە دیاریکراوە دەگرێت و ئاوەزمەندانە دەیفۆرمێنێت، بە دەربڕینێکی دیکە سرووشی راستەقینە ئەوکاتە لا لە هونەرمەند دەکاتەوە کە خودی هونەرمەند بە تەواوی نوقمی ئەو دانراوە ببێت کە دەیەوێت بیفۆرمێنێت. جا

(١) غانم، رمضان بسطاويسي محمد: فلسفة هيجل الجمالية، المصدر السابق، ص١٦٣-١٦٤.

(٢) المصدر نفسه، ص ١٦٤.



ئەو دانراوە لە ناخی هونەرمەندەوە سەرچاوەی گرتبێت وەك "ئەو چۆلەکەیەی کە لەسەر دارێك دەکەوێتە جریواندن"، یان لەسەر داواکاری دەرەوە بۆ هونەرمەند دیاری کرابێت، بۆ نمونە "پندار" زۆرترین قەسیدەکانی لەسەر داواکاری دەرەکی هۆنیوەتەوە، هەروەها زۆرترین نەخشەسازیەکانی تەلارسازی و وێنەکان بەسەر هونەرمەنداندا سەپێندراون، بەڵام ئەوە رێگەی ئەو داهێنانەی لێ نەگرتوون، کە لە ئەنجامی سرووشەوە بووە. بۆ داهێنانی هونەری گرنگ ئەوەیە کە هونەرمەند بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی ئەو ناوەرۆکەوە کە دەیەوێت بیفۆرمێنێت و ئەو ناوەرۆکە ئامادەیی بەردەوامی هەبێت لە ناخی هونەرمەنددا و ئاسوودەیی لە لا نەهێڵێت تاکو کاری فۆرماندنەکە بە ئەنجام دەگەیەنێت [(١)].

بۆ ئەوەی هونەرمەند لەو پەیوەستبوونەی خۆی بە دانراوەکەوە بە ئاگابێت، دەبێت بزانێت چۆن خودێتی خۆی لە یاد دەکات تاکو بە تەواوی بچێتە نێو دانراوەکەوە، چونکە ئەو سرووشەی کە رێگە بە ئازادی خۆدەرخستنی هونەرمەند دەدات، لە بری ئەوەی ببێتە چالاکیەکی داهێنەرانە، بریتییە لە سرووشێکی نەخوازراو و نارەسەن[(٢)].

کەواتە دەتوانین بڵێین هونەرمەند لە دیدی هیگڵەوە بریتییە لە مرۆڤێکی خاوەن ئەندێشە، کە توانایەکی بەرزی وەرگرتنی دیاردە و وێنە جۆراوجۆرەکانی جیهانی هەیە. تاکو بە گوێرەی ئاگامەندی خۆی سەبارەت بە ئیدێی خوایەتی رێکیان بخاتەوە. بۆ ئەمەش پێویستە ئەو مرۆڤە رەگی بلیمەتی تێدا پەروەردە کرابێت، تاکو ئەو رادەیش لە دانراوە سێنسیەکەدا نقوم ببێت کە هەست بکات بۆتە بەشێك لە خۆی، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی هونەری جوان بیفۆرمێنێت.

(١) هيغل: المدخل الى علم الجمال ..، المصدر السابق، ص٤٤٧-٤٥٠.

(٢) المصدر نفسه، ص٤٥٠.

# بەشی سێیەم

# دەرکەوتەی مێژوویی هونەرەکان و چارەنوسی هونەر

## باسی یەکەم: مێژووی هونەر و سەرهەڵدانی جۆرەکانی هونەر لە ڕەوتی گۆڕانی مێژووی هونەریدا:

وەك پێشتر باسمان کرد، هیگڵ لە دیالێکتیکی نێوان "ناوەڕۆك و فۆڕم" لە کاری هونەریدا دەگاتە پۆلێنکردنێك بۆ هونەرەکان لە ڕەوتی گۆڕانی مێژووییدا، بۆ هیگڵ هەریەك لە جۆرەکانی هونەر لە چرکەساتێکی مێژووییدا ئاستی گەشەسەندنی هۆشی ڕەهامان نیشان دەدات. بۆیە هیگڵ هونەری سیمبۆلی لای گەلانی سەرەتایی وەك قۆناغی یەکەمی گەشەکردنی هۆشی ڕەها دیاری دەکات. دواتر هونەری کلاسیکی وەك قۆناغی دووەم لای گەلانی گریك و ڕۆم، پەیوەندی دیالێکتکی لەنێوان ئەم دوو قۆناغەدا، قۆناغی سێیەم، واتا "ڕۆمانتیکی" لای گەلی جەرمان وەك دوا قۆناغی هونەر، بەرهەم دەهێنێت.

### هونەری سیمبۆلی: Symbolic Art

هونەری سیمبۆلی ئەو قۆناغەیە کە تێیدا "ڕەها" لە دەرەوەی خۆیدا پەیوەندی بە جیهانی سێنسیەوە دەکات بۆ ئەوەی خۆی تێدا بەرجەستە بکات، ئەوەش گەڕانێکی بەردەوامی هۆشە بۆ یەکگرتن لەگەڵ ئەستودا[1]، بەڵام "لێرەدا [لەهونەری سیمبۆلیدا] ئیدێ تا ئێستا بەدووی گوزارشتە ڕاستەقینە هونەرییەکەی خۆیدا وێڵە"[2] ئەمەش یەکەمین فۆڕمی هونەرە و لە میسری کۆندا دەگاتە لوتکە. سیمبۆل تەنیا ئاماژە بۆ شتێك دەکات و لە گوزارشتکردن لە شتەکە بێتوانایە. کاتێك مرۆڤ ویستوویەتی گوزارشت لە ئیدێ هۆشەکییەکانی بکات، سیمبۆلی وەك دەسوێژێك بەکارهێناوە بۆ دەربڕین.

(١) خالد، عبدالکریم هلال: المصدر السابق، ٧٧-٧٨.

(٢) هیغل: الفن الرمزی، ترجمة: جورج طرابیشی، دار الطلیعة للطباعة و النشر، الطبعة الاولی، بیروت، ١٩٧٩، ص٧.



گەرچی هونەری سیمبۆلی هەوڵدەدات بۆ یەکگرتن لەنێوان ئاماژەی ناوەڕۆك و فۆڕمی دەرەکیدا، بەڵام لەم جۆرەی هونەردا نەتوانراوە ئیدێ هۆشەکییەکان کە ڕەها دەردەبڕن، بەسەر ئەستوی سێنسیدا زاڵبن[1]. لێرەوە دەردەکەوێت کە "سیمبۆل" دوو لایەنی پەیوەست بە یەکتری دەگرێتەوە، یەکەمیان "واتا" کە وێنایەکی شاراوەیە، دووەمیان گوزارشتکردن لەو واتایە لە ڕێگای فۆڕمێکی سێنسییەوە، کە بریتییە لە سیمبۆل[2].

جگە لە سیمبۆلیزمی هونەر، هیگڵ باس لە سیمبۆلیزمی زمانیش دەکات. دەنگەکانی زمان سیمبۆلێکن، کە ئاماژە بۆ شتەکانی جیهان دەکەن، بەڵام ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆ لەنێوان دەنگەکانی زمان و "ئاماژەبۆکراو"دا (شتەکانی جیهان) نییە، چونکە تێگەکان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە جیاوازن، هەر ئەوەشە کە سیمبۆلیزمی زمان لە سیمبۆلیزمی هونەر جیا دەکاتەوە، لەبەرئەوەی لە کاری هونەری سیمبۆلیدا ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ "ئاماژەبۆکراو" (ڕەها) هەیە[3].

سیمبۆل ئەوەیە کە وەك کاری هونەری ئامادەییەکی ئەستویی سێنسی هەیە، بەڵام ئەو ناوەڕۆکە، کە ئاماژەی بۆ دەکات ئیدێیەکی هۆشەکییە، کە دەبێت نێواخندۆزیانە دیاری بکرێت. دەکرێت بڵێین پەیوەندییەکی هەندەکی ڕواڵەتی لەنێوان سیمبۆل و ناوەڕۆکەکەیدا هەیە، بەم شێوەیە سیمبۆل لە هونەری سیمبۆلیدا ڕۆڵی بەرجەستەکردنی سێنسی دەگێڕێت بۆ ناوەڕۆکە ئاماژە

(١) ئەحمەدی، بابەك: سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٩. (**انظر: غانم، رمضان بسطاویسی محمد: جمالیات الفنون و ...، المصدر السابق: ص١٧. و ستیس، ولتر: المصدر السابق، هیجل فلسفة الروح، ص١٤٠-١٤١.**)

(٢) هیغل، الفن الرمزی، المصدر السابق، ص١١.

(٣) غانم، رمضان بسطاویسی محمد: جمالیات الفنون و ...، المصدر السابق، ص١٧-١٨.

بۆكراوەكە، بۆیە گەرەكە پەیوەندی نزیكایەتی هەبێت لەنێوان سیمبۆل و واتاكەیدا، كە هۆشەكیانە دیاری دەكرێت. بۆ نمونە سیمبۆلی "شێر" ئاماژەیە بۆ هێز و "سێگۆشە" ئاماژەیە بۆ سیانەتی هزری ئاینی[1]، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم سیمبۆلانە دەكرێت ئاماژە بن بۆ زۆر واتای دیكە. بە دەربڕینێكی دیكە دەكرێت ئەم سیمبۆلانە چەند ئاماژەی جیاجیا لە خۆیاندا كۆ بكەنەوە، بۆ نمونە شێر جگە لە ئازایەتی، فێڵ و دڕندەیی تێدایە كە ئاماژە نین بۆ ئازایەتی. ئەمەش وایكردووە كە گرێ و نادیاری یەكێكبێت لە سیماكانی هونەری سیمبۆلی، بە تایبەت لە میسری كۆندا. ئەم سیمایەی هونەری سیمبۆلی هاوتەریب گونجاوە لەگەڵ ئاستی گەشەكردنی ئاگایی مرۆڤ لە چاخە كۆنەكاندا، چونكە ئاستی گەشەی هۆشی مرۆڤ ئەوكاتە نەیتوانیوە بەسەر چارەسەركردنی كێشە هۆشەكییەكانیدا زاڵببێت و، جیهان بۆ مرۆڤی چاخە كۆنەكان بریتی بووە لە راز و پەنهانی[2].

لەگەڵ هونەری سیمبۆلیدا، رەها وەك ئیدێ لە دەرەوەی خۆیدا خودئاگایی بەرامبەر خۆی دەبێت. ئەم بەئاگابوونەش بەرامبەر هەموو ئەو گوزارشتكردنانەی جوانییە كە لە بووندا خۆی دەردەخات. بە دەربڕینێكی دیكە بە تێكەڵبوونی رەها لەگەڵ ئەستوی سێنسی، هونەر دەردەكەوێت. لە هونەری سیمبۆلیدا رەها لە شێوەیەكی پەرش و نا ئاوەزی دەردەكەوێت، بە شێوەیەك كە بڕیارەكانمان دەربارەی "جوان" پێویستی بە تێگەیشتنێكی ورد هەیە لەو پەیوەندییەی كە لەنێوان سیمبۆل و ئیدێدا هەیە[3].

(١) بدوی، عبدالرحمن: فلسفة الجمال و ....، المصدر السابق، ص٢٢٣-٢٢٤.

(٢) غانم، رمضان بسطاویسی محمد: جمالیات الفنون و ....، المصدر السابق، ص١٨. **(انظر: ستیس، ولتر: هیجل فلسفة الروح: المصدر السابق، ص١٤١.)**

(٣) خالد، عبدالكریم هلال: المصدر السابق، ص٧٩-٨٠.



هیگڵ لە درێژەی باسەكەیدا دەربارەی هونەری سیمبۆلی و لەو بەشەدا كە ئاستی ئەم هونەرە دەگاتە پلەی هەرە تەواوی خۆی، ئەوە دەخاتە روو كە هونەری میسری لە هەموو روویەكەوە بریتییە لە سیمبۆل و سیمبۆلە راستەقینەكانیش ئەوانەن كە تێیاندا پەیوەندی نێوان سیمبوول و ناوەڕۆك توندوتۆڵە. دواتریش چەند نمونەیەكی هونەری سیمبۆلی میسری باسدەكات و دەڵێت: "شوێنەوارە هونەرییەكانی میسر، بە سیمبۆلیزمە نادیارەكەیەوە بریتین لە رازێكی بابەتی، كە دەتوانرێت بە ئەبولهۆل ئاماژەی بۆ بكرێت، وەك سیمبۆلی سیمبۆلیزم"[1].

بەڵام هەوڵەكانی هونەری سیمبۆلی بۆ دیارد هێنانی وێنا داڕنراوەكان دەربارەی رەها، تێكدەشكێت، چونكە ناوەڕۆك كە بریتییە لە رەها دیاریكراو نییە، بەڵكو وێنایەكی داڕنراوە. هەروەها هەمەكییە و بە هیچ شێوەیەك وەرناگۆڕێت بۆ هەندەكی. لە هونەری سیمبۆلیشدا رەها لە شێوە هەندەكییە سێنسیەكەیدا دەخرێتە روو. كە ئەستەمە پەیوەندیەكی توند و تۆڵ لەنێوان ناوەڕۆكی هەمەكی و بەرجەستەكردنە هەندەكییەكەیدا دیاری بكەین. ئەمەش بە تەواوی لە هونەری هیندیدا دەبینرێت كە رەها بە تاكێتی و بێشێوەیی وێنا دەكەن[2].

### هونەری كلاسیكی: Classical Art

لە هونەری كلاسیكیدا، یەكگرتن و تەریببوونی ناوەڕۆك و فۆڕمی سێنسی كە هونەری سییمبولی بە دویدا وێڵە، بەدیدێت. وەك هیگڵ دەڵێت: "هونەری كلاسیكی بریتییە لە هونەری هاوشێوەبوونی ئازادانەی نێوان ناوەڕۆك و فۆڕم"[3]. ئەوەش یەكێكە لە جیاكەرەوەكانی هونەری كلاسیكی. بەو هاو

(١) هیغل: الفن الرمزی، المصدر السابق، ص٨٦-٩٠.

(٢) ستیس، ولتر: هیجل فلسفة الروح، المصدر السابق، ص١٤٦.

(٣) هیغل: المدخل الی علم الجمال ....، المصدر السابق، ص١٣٧.

تەربیبیەی نێوان ناوەڕۆك و فۆڕمی سێنسی داواکاریەکانی هونەرێکی راستەقینە بە گوێرەی تێگەکەی، لە هونەری کلاسیکیدا دێتەدی(١). بەوەش رەها چیدیکە پێویستی بە سیمبۆل و راز نییە بۆ خۆدەربڕێت، بەڵکو راستەوخۆ واتای خۆی لە کارە هونەرییەکاندا دەردەخات(٢).

بۆ ئەوەی هونەر بگاتە ئیدێی باڵای خۆی، هەروەها گونجان و تەبایی لەنێوان ناوەڕۆك و فۆڕمی سێنسیدا بێتە گۆڕێ، پێویستە ناوەڕۆك دیاریکراو بێت، واتە دەبێ رەها لە شێوە داڕنراوەکەیەوە بگۆڕێتە سەر شێوەیەکی هەندەکی دیاریکراو. رەها لە هونەردا خۆی دەرك دەکات و خودئاگایی بەرامبەر خۆی دەبێت، چونکە لە هونەردا هۆش لە خودی خۆی دێتە دەرەوە و دەبێتە ئۆبژێکت بۆ خودی خۆی، بەمەش لە خودی خۆی بە ئاگا دەبێت، ئۆبژێکتێك بۆ خۆی دیاری دەکات و ئەو جیاکارییەی نێوان سەبژێکت و ئۆبژێکت ناهێڵێت. واتا هۆش کە هەمەکییە، وەردەگۆڕێت بۆ هەندەکی و دواتر هەمەکێتی و هەندەکێتی خۆی لە تاکێتییەکی دیاریکراودا (لە کاری هونەریدا) دەرك دەکاتەوە، ئەوەش دەکەوێتە ئەستۆی هونەر، کە ڕێگە خۆش بکات هۆشی مرۆیی بتوانێت لە کارە هونەریەکاندا دەرکی رەها بکات(٣)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هۆش یان ناوەڕۆك خۆی لەسەر شێوەیەکی تاکی دەنوێنێت، بۆیە بەشێوەیەکی سێنسی بەرجەستە دەردەکەوێت کە تێیدا ئەو جیاوازییەی نێوان ئاوەزمەندێتی و ئەستویی نامێنێت(٤).

---

(١) هيغل: الفن الكلاسيكي، ترجمة: جورج طرابيشي، دار الطليعة للطباعة و النشر، الطبعة الاولى، بيروت، ١٩٧٩، ص٥.

(٢) ئەحمەدی، بابەك: سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٠.

(٣) ستيس، ولتر: هيجل فلسفة الروح، المصدر السابق، ص١٤٦-١٤٧.

(٤) خالد، عبدالكريم هلال: المصدر السابق، ص٨١.



بەیەکداچوونی تەواوەتی نێوان ناوەڕۆك و فۆڕمی سێنسی، جیاکەرەوەی جەوهەری هونەری کلاسیکییە، هەر ئەوەشە کە لە هونەری سیمبۆلی جیای دەکاتەوە، چونکە"هونەری کلاسیکی، بەو نواندنە هەندەکییە جەوهەرییەی کە هەستەکانمان دەدوێنێت، ئەو یەکێتییە [ی نێوان ناوەڕۆك و فۆڕمی سێنسی] بەدی دەهێنێت"(١)، گەرچی دەکرێ لە هەندێ جێگەدا ئەو رەگەزە سیمبۆلییانە دیاری بکرێن کە هونەری کلاسیکی بەکاریان دەهێنێت، بەڵام جیاکەرەوە بنەڕەتییەکانی نێوان ئەم دوو جۆرەی هونەر بە روونی هەر دەمێننەوە. چونکە هونەری سیمبۆلی بەرهەمی مرۆڤی رۆژهەڵاتییە، مرۆڤێك کە لە ئازادی بێبەش بووە، لە ژێر چەوسانەوەی سیاسیی و ئاینیدا بووە، هەروەها کەسایەتییەکی ناجێگیری هەبووە و لە فەزای گشتیدا تواوەتەوە. بە دەربڕینێکی دیکە خاوەنی سەربەخۆیی خۆی نەبووە. بەڵام هونەری کلاسیکی بەرهەمی مرۆڤی گریکییە، کە خاوەنی ئازادی و کەسایەتی سەربەخۆ و ئاگامەندانەی خۆی بووە(٢)، واتا مرۆڤی گریکی لە توانایدا بووە کە لە شێوەیەکی دیاریکراودا رەهای نادوایەکی دیارینەکراو ببینێت و لێی تێبگات. هەروەها خوا لای گریکییەکان تەنیا بوونێکی هەمەکی بەتاڵ نەبووە، بەڵکو تاکێتییەکی هەندەکی هۆشەکیش بووە. هەر بۆیە خواکانی گریك کەسایەتیان لە مرۆڤەکان چووە و وەك مرۆڤ خواردویانە و توڕەبوون و لایەنگیری لایەنێکیان کردووە لە دژی لایەنێکی دیکە. لێرەوە دەبینین کە گریکییەکان وەك بوونێکی هەمەکی بەتاڵ لە خوا تێنەگەیشتوون، بەڵکو وەك بوونێکی هۆشەکی دیارییان کردووە، هەر لەمەشەوە

---

(١) هيغل: الفن الرمزي، المصدر السابق، ص٩.

(٢) هيجل: اصول فلسفة الحق جزء الاول، ترجمة: د. امام عبدالفتاح امام، مكتبة مدبولي، القاهرة، ١٩٨٦، ص٦٠٦-٦٠٨.

دیاردەی پێچواندنگەرایی (التشبیهیە-Anthropomorphism)* لە گریکدا باو بوو، کە ڕەهایان دەخستە نێو بەرگێکی مرۆییەوە، هەر ئەم پێچواندنگەراییەش ئەدگاری هەرە دیاری هونەری کلاسیکییە[1].

کەواتە لێرەوە دەردەکەوێت هونەری کلاسیکی بە پێچەوانەی هونەری سیمبۆلی، لە مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرێت. هونەری پەیکەرسازی گریکی خواوەندان لە شێوەی مرۆڤدا دەخاتەڕوو. لە لایەکی دیکە خوا خاوەنی ئارەزوو و خواستە مرۆییەکانن، ئەم هونەرەش دەربڕی هۆشی سەردەمە لەو قۆناغە مێژووییەدا، هەر بۆیە لە هزری فەلسەفیشدا لای سۆفیستەکان مرۆڤ دەبێتە پێوەری هەموو شتێك و لە فەلسەفە ئایدیالەکەی پلاتۆنیشدا مرۆڤ فۆڕمی باڵا و تەواوی هەموو بوونەوەرەکانە[2].

وەرگرتنی مرۆڤشێوەیی بۆ بە دانراوبوونی هۆشی ڕەها لەو پنتەوەیە، کە لە مرۆڤدا ئەدگاری باش و باڵا هەیە، هەروەها مرۆڤ فۆڕمی هەرە باڵا و گەشەکردووی سەرجەم بوونەوەرە زیندووەکانە و خاوەنی تەبایی و گونجان و بەها و ئەدگارە خواییەکانە، لە لایەکی دیکەوە ئاگامەندی مرۆڤ بەرامبەر ئازادی

* هیگڵ لە بارەی ئەم دیاردەیەوە لە یۆنان، ڕەخنەکەی ئەکسەنۆفانس باس دەکات لەو پێچواندنگەریە و دەڵێت ئەگەر لە نێوان شێرەکاندا پەیکەرساز هەبووایە، ئەوا خواکانیان لە شێوەی شێردا دروست دەکرد. (انظر: هیغل: الفن الرمزی، المصدر السابق، ص١٦) گەرچی ئەم تێڕوانینە لە لایەکەوە ڕەخنەیە لە هزری ئاینی گریکی، بەڵام لە لایەکی دیکەوە بۆچوونەکەی هیگڵ بەهێز دەکات کە پێیوایە، ئەوە هۆشە کە هونەر بەدیدەهێنێت و مرۆڤیش وەك بوونەوەرێکی خاوەن هۆش ئەو ئەرکە جێبەجێ دەکات، کە لە قۆناغە جیاوازەکاندا هونەری تایبەتمەند بەو قۆناغە بەرهەم دەهێنێت. گیانەوەرانی دیکە خاوەنی هۆش نین، هەر بۆیە خاوەنی هونەریش نین.

(١) ستیس، ولتر: هیجل فلسفة الروح، المصدر السابق، ص١٤٧.

(٢) ئەحمەدی، بابەك: سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٠.



وایکردووە تەنیا شێوەی مرۆڤ بۆ دەرکەوتنی ڕەها گونجاو بێت، هەروەها هۆش ناتوانێت بێتە نێو بەرگێکی سێنسییەوە، تەنیا لە مرۆڤشێوەییدا نەبێت. هەر بەو هۆیەشەوە ئیدێی هەمەکی لە هونەری کلاسیکیدا دەگاتە هاوشێوەبوونی تەواوێتی نێوان ناوەڕۆك و فۆڕمی سێنسی[1]، چیدیکە ناوەڕۆك لە دەرەوەی فۆڕمدا نییە، بەڵکو وەك هۆش لەنێو فۆڕمی سێنسیدا پەنهانە، فۆڕمی دەرەکیش لە هونەری کلاسیکیدا بە تەواوی گوزارشت لە ناوەڕۆکەکەی دەکات، بەوەش هونەر دەگاتە ئەوپەڕی تەواوێتی خۆی، چونکە هیچ بەشێك لە ناوەڕۆك نامێنێتەوە کە لە فۆڕمی دەرەکی کارە هونەریەکەدا گوزارشتی لێ نەکرابێت[2].

دواتر هێدی هێدی هونەری کلاسیکی بەرەو پوکانەوە و لە ناچوون دەچێت، لەبەرئەوەی وێناکردنی خوا لە فۆڕمێکی سێنسیدا (مرۆڤ) کورتهێن و لەکەدارە، چونکە خوا پێویستە خاوەنی ئازادی و هۆشێکی سەرمەدی بێت، لە کاتێکدا کە خواوەندانی گریك لە لایەکەوە خاوەنی ئەو ئازادی و سەرمەدیەتە نەبوون و لە لایەکی دیکەوە بە فرەییانەوە ئازادی یەکتریان دەخستە مەترسییەوە، هەروەها نەیاندەتوانی کۆنترۆڵی چارەنوسی خۆیان و جیهان بگرنە ئەستۆ، بۆیە خواوەندانی گریکی خاوەنی هۆشێکی دوایەکی بوون و بەدەر بوون لە ئەدگارێکی هەمەکی جەوهەری، لێرەوە پێویستی تێپەڕاندنی ئەم جۆرەی هونەر بەرەو هونەری ڕۆمانتیکی، هاتە پێشەوە[3].

(١) هیغل: مدخل الی علم الجمال ...، المصدر السابق، ص١٣٨-١٣٩.

(٢) ستیس، ولتر: هیجل فلسفة الروح، المصدر السابق، ص١٤٧.

(٣) غانم، رمضان بسطاویسی محمد: جمالیات الفنون و ....، المصدر السابق، ص٦٨-٦٩. (**انظر: ستیس، ولتر: هیجل فلسفة الروح، المصدر السابق، ص١٤٨-١٤٩**).

## هونەری ڕۆمانتیکی*: Romantic Art

له هونەری ڕۆمانتیکیدا هاوسەنگی نێوان ناوەڕۆك و فۆڕمی سێنسی، کە یەکێك لە جیاکەرەوەکانی هونەری کلاسیکی بوو، نامێنێت. بە پێچەوانەی هونەری کلاسیکی، چیدیکە فۆڕمی جەستەی مرۆیی ئەو توانایەی نامێنێت کە ببێتە هەڵگری هۆشی ڕەها، هەر وەك چۆن لە پەیکەرەکانی گریکیدا ئەو ڕۆڵەی دەبینی، چونکە لە هونەری ڕۆمانتیکیدا هۆش بەسەر فۆڕمی سێنسیدا زاڵ دەبێت. بەمەش هونەری ڕۆمانتیکی بۆ هەمان ئەو ناهاوسەنگییەی کە لە هونەری سیمبۆلیدا هەبوو دەگەڕێتەوە. بەڵام بە پێچەوانەی هونەری سیمبۆلی لە لایەك ناوەڕۆك باڵاتر لە فۆڕمی سێنسی دەردەکەوێت و لە لایەکی دیکەشەوە ناوەڕۆك لە هونەری ڕۆمانتیکدا لەوە ئاشکراترە کە بە هێما ئاماژەی بۆ بکرێت[1].

بەهۆی ناوەڕۆکی ئازادانەی هونەری ڕۆمانتیکییەوە، فۆڕمی سینسی بێتوانایە لەوەی کە بە تەواوەتی هۆش دەربڕێت، بۆیە ئەم هونەرە کەمترین گرنگی بە شێوە دەدات. هەر لێرەشەوەیە کە جارێکیدی دابڕانی نێوان نێوەرك و فۆڕمی دەرەکی لە کارە هونەرییەکاندا دێتە گۆڕێ. بۆیە دەکرێت بڵێین بەدەستهێنانی ئەو یەکێتییەی نێوان ناوەڕۆك و فۆڕمی سێنسی کە هونەری سیمبۆلی بەدویدا وێڵە، لە هونەری کلاسیکیدا دێتە دی و هونەری ڕۆمانتیکیش بە ڕۆڵی خۆی ئەو یەکێتییە تێدەپەڕێنێت[2]. ئەویش بەهۆی باڵابوونی هۆش یان ناوەڕۆك بەسەر فۆڕمی دەرەکیدا، ئەم باڵابوونەی ناوەڕۆکیش "بنەمای بنەڕەتی هونەری ڕۆمانتیکی پێکدەهێنێت. ئەم

* هیگڵ زۆرجار جگە لە ناوی "هونەری ڕۆمانتیکی" "هونەری مەسیحی"ش بەکار دەهێنێت. **(انظر: هيغل: مدخل الى علم الجمال و...، المصدر السابق، ص١٣٩).**

(١) هيغل: الفن الرومانسي، ترجمة: جورج طرابيشي، دار الطليعة للطباعة والنشر، بيروت، ١٩٧٩، ص٧.

(٢) هيغل: الفن الرمزي، المصدر السابق، ص٨-٩.



بنەمایە بە زەروری بە بنەمایەکی دیکەوە دەلکێت، کە جوانی ئیدێی کلاسیکی، هەروەها دواتریش جوانی لە شێوە هەرە گونجاوە گوزارشت لێکراوەکەی ناوەڕۆکدا، ئامانجی باڵا و مەبەستی کۆتایی نییە (بۆ هونەری ڕۆمانتیکی)، لەبەرئەوەی هۆش لە قۆناغی ڕۆمانتیکیدا بە ئاگایە لەوەی کە هەقیقەت بە چوونە نێو جەستە دەرنابڕدرێت"[1].

وەك پێشتر گوتمان بنەمای بنەڕەتی هونەری ڕۆمانتیکی هەستکردنی هۆشە بە خودی خۆی، هەروەها ناسینی خۆیەتی لە گونجانێکی ناخەکی لەگەڵ خۆیدا، کە هیگڵ ناوی دەنێت بنەمای خودێتی ناوخۆیی[2] Inner Subjectivity، ئەمەش گەشەکردنی هۆشە لە باڵابوونیدا بەرەو خودی خۆی. ئێستا ئەم هونەرە لە خودی خۆیدا ئەوە دەدۆزێتەوە کە پێشتر لە جیهانی سێنسیدا بەدوویدا وێڵ بوو[3]، چونکە هونەری ڕۆمانتیکی بۆ گوزارشتکردن لە خۆی پەیوەست بە هیچ پەیوەندییەکی ڕواڵەتییەوە نایەتە دەربڕین، بۆیە وێڵە بەدووی نێوەندێکی تازەدا کە زێدەتر هۆشەکی و ئازادانەتر بێت، لەبەرئەوە کەمتر کار لەگەڵ شێوە سێنسیەکاندا دەکات و زیاتریش لە جیهانی سێنسی دوور دەکەوێتەوە[4].

ڕەگەزە بنەڕەتییەکانی هونەری ڕۆمانتیکی لەو پنتەوە دیاری دەکرێن کاتێك مرۆڤ لە فرەخواییەوە کە نەخشی هونەری کلاسیکی بوو، بەرەو تاکخوایی کە ئەدگاری هونەری ڕۆمانتیکیە، هەنگاو دەنێت، واتە لەسەر بنەمای خودێتی هۆشەکی پەیوەندی مرۆڤ و خوا بە شێوازێکی نوێ بنیات دەنرێتەوە، کە تەنیا یەك تاکە خوای

(١) هيغل: الفن الرومانسي، المصدر السابق، ص٧.

(٢) غانم، رمضان بسطاويسى محمد: جماليات الفنون و ...، المصدر السابق، ص٧٢.

(٣) بدوی، عبدالرحمن: فلسفة الجمال و الفن ...، المصدر السابق، ص٢٦٢.

(٤) خالد، عبدالكريم هلال: المصدر السابق، ص٨٥.

سەروەر هەیە، نەك خوا دابەشی سەر چەند کەسایەتی و ئەرکێك بکرێت وەك لە هونەری کلاسیکیدا دەبینرا[1].

لە تێڕوانینی هیگڵدا رەها ناتوانێت ببێتە دانراوێك بۆ هونەر، گەر بێت و لەگەڵ داکەوتی دەرەکی هەماهەنگ نەبێت، دواتریش نەگەڕێتەوە بۆ خودی خۆی. هەر بەهۆی ئەو جووڵە و جێگۆڕکێیەش لەنێوان داکەوت و خودی خۆیدا، لە لایەکەوە رەها بەشێوەیەکی راستەقینە وەك رەها دەردەکەوێت و لە لایەکی دیکەشەوە دەبێتە دانراوێك کە لە هونەردا نەخشی خۆی دیاری دەکات. بەڵام دەرکەوتنی رەها لە سروشت و بوونی مرۆییدا بەو واتایە نییە کە رەها بوونێکی داکەوتەکی سێنسی هەبێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە بوونی رەها دەکەوێتە دەرەوەی سێنسێتییەوە، لێرەشەوە دەبینین هیگڵ بەم تێڕوانینە جەخت لەسەر تێگەی "یەکێتی بوون" (وحدةالوجود- Patheism) دەکاتەوە[2].

دەرکەوتنی تاکەکەس یەکێك لە سیما دیارەکانی هونەری رۆمانتیکیە، بەهای "ناکۆتای کەسایەتی" یان بەهای "ناکۆتای خود" ئەو بنەما سەرەکیەیە کە لەم هونەرەدا بەرچاوە، ئابڕوو و خۆشەویستی و دڵسۆزی سێ ئەدگارن بۆ زیاتر جەختکردنەوە لە بنەمای ناکۆتای خود، تێکۆشان لە پێناوی ئابڕوودا بۆ ئابڕووی گشتی یان مەبەستێکی مۆڕاڵی نییە، بەڵکو لە پێناوی خود دایە، خۆشەویستی بۆ رەگەزی بەرامبەر تەنیا لە پێناوی دۆزینەوەی خوددایە لە ئەوی دیکەدا، دڵسۆزیش بۆ سەروەر پەیوەستە بە کەسایەتی بەهێزی خودی سەروەرەوە کە دەسەڵاتی هەیە، نەك لەبەر بەهایەکی مۆڕاڵی گوێڕایەڵی بکرێت. بۆیە دەبینین لە ئەدەبی کۆندا جەنگی پاڵەوانەکان لە پێناو چاکەیەکی گشتیدا بوو وەك خۆشەویستی وڵات یان خێزان، بەڵام

(١) غانم، رمضان بسطاويسي محمد: جماليات الفنون و ...، المصدر السابق، ص٧٣.

(٢) المصدر و الصفحة نفسه.



جەنگی پاڵەوانان لە ئەدەبی تازەدا لە پێناوی مەبەستە خودیەکاندا بەرپا دەکرێت، ئینجا ئەو ئامانجانە باشبن یان خراپ[1].

بە خستنە رووی ئەو سێ قۆناغەی هونەر، ئەو پەیوەندییە دیالێکتیکییەی کە لەنێوان ئەو سێ جۆرەی هونەر هەیە روون دەبێتەوە، وەك پێشتریش خستمانەڕوو هونەری کلاسیکی تاکە هونەرە کە تەبایی و گونجانێکی تەواوی نێوان ناوەڕۆك و فۆڕمی سێنسی بەرجەستە دەکات، هەر لەبەر ئەوەش تاکە هونەری تەواوە. بەڵام هۆش لە هونەری رۆمانتیکیدا بە رۆشنی دەرکی سروشتی تایبەتمەند و راستەقینەی خۆی دەکات، بۆیە لە رووی هۆشەکییەوە لە هونەری کلاسیکی بالاترە. لەژێر رۆشنایی ئەم دەربڕینەی سەرەوە، لەبەرئەوەی هونەری رۆمانتیکی لە تەواوترین جۆری هونەر کە هونەری کلاسیکیە، تێپەڕ دەکات، هەر لەبەر ئەو هۆیە بەگشتی سنووری هونەریش تێدەپەڕێنێت. بۆیە قۆناغی هونەری رۆمانتیکی دەبێتە قۆناغی بەیەکەوە بەستنی بازنەی هونەر و بازنەی ئاین، بە دەربڕینێکی دیکە، هۆش بە قۆناغی هونەری رۆمانتیکی بازنەی هونەر جێ دەهێڵێت و ڕوو دەکاتە بازنەیەکی بالاتر کە بریتییە لە بازنەی ئاین[2]*.

(١) ولتر، ستيس: هيجل فلسفة الروح، المصدر السابق، ص١٥٢-١٥٣.

(٢) المصدرنفسه، ص١٥٠.

* ستیس لێرەدا رخنەیەك ئاراستەی میتۆدی دیالێکتیکی هیگڵ دەکات و پێیوایە کە گواستنەوە لە نێوان قۆناغەکانی هونەردا بە گوێرەی ئەو زەرورە لۆگیکییە نییە کە هیگڵ بانگەشەی بۆ دەکات، چونکە گەشەکردنی هونەر لە نێوان هەر سێ جۆری هونەردا پێویستە گەشەیەك بێت کە ئیدێی هەمەکی داواکاریەتی، نەك ئەو تێگانەی هیگڵ لێیان دەکۆڵێتەوە کە دژبەرییان تێدایە و بەهۆیەوە هونەر لە قۆناغێکەوە دەگوێزرێتەوە بۆ قۆناغێکی دیکە، ئەویش لە پەیوەندی دەرەکی نێوان فۆڕم و ناوەڕۆکدا کە لە یەکدی دابڕاو دیاری دەکرێن. بە بڕوای ئەو مرۆڤ ئاگایی بەرامبەر ئەو دژبەریانە نییە تاکو هەوڵی چارەسەرکردنیان بدات، بەمەش بەدوای جۆرێکی دیکەی هونەردا بگەڕێت. بۆ نمونە هونەری کلاسیکی، کە چارەسەری کێشەی دژبەرییەکانی هونەری سیمبۆلی

## باسی دووەم: تاکە هونەرەکان Particular Arts

بۆ هیگڵ لایەنی سێنسێتی بەشێکی جەوهەری هەر کارێکی هونەری پێکدەهێنێت، هەر ئەو لایەنەشە کە جیاوازی نێوان جۆرەکانی هونەر دەهێنێتە کایەوە، چونکە ئیدێ یان هۆش لە هەموو جۆرەکانی هونەردا هەر هەمان شتە و تەنیا ئەو نێوەندەی کە ئیدێ تێیدا دەردەکەوێت، گۆڕانی بەسەردا دێت. هەروەها گۆڕانی هونەرەکان لە پێشڤەچوونێکی لۆژیکیدا لە نزمەوە بۆ بەرز، نێوەندی جیاوازی سێنسی لە هەر قۆناغێکدا بۆ دەرکەوتنی ڕەها دەکەنە دەسوێژ. تاکە هونەرەکانیش بە پێی پلەبەندی قۆناغەکانی هونەر و پەیوەست بە هەر جۆرێکی هونەرەوە دێنە ئاراوە. هەر بۆیە هونەری تەلارسازی پەیوەست بە هونەری سیمبۆلی و هونەری پەیکەرسازی پەیوەست بە هونەری کلاسیکی و هونەرەکانی وێنەکێشان و موزیك و هۆنراوەش پەیوەست بە هونەری ڕۆمانتیکیەوە دێنە ئاراوە. ئەم پلەبەندییەی تاکە هونەرەکانیش لەسەر هەمان پلەبەندی جۆرەکانی هونەر، واتە لە نزمەوە بۆ بەرز، ریز کراون[١].

### ١- هونەری تەلارسازی: Architecture Arts

تەلارسازی بریتییە لە یەکەمین هونەر کە مرۆڤ پەی پێ بردووە، پێویستییەکی ژیانی ڕۆژانە و ئاینی و سیاسیش بووە، واتە ئەم هونەرە لە پێویستییەکی دەرەکی هونەرەوە دەرکەوتووە[١]. هیگڵ لە نمونەی تاوەری بابل و پەرستگای بێلدا، کە نمونەیەکی هونەری سیمبۆلین و بوونەتە سەنتەرێك بۆ نیشاندانی کولتوورێك، ئەوە دەبینێ کە چۆن تاوەر و پەرستگا بوونەتە "پنتی یەکخستنی مرۆڤەکان". هەروەها لە هەرەمەکانی میسردا کە بۆ گۆڕی فیرعەونەکان هەڵچنراون، هەمان ئەو پنتە دیاری دەکات و وەك "کاری نەتەوە" دەیبینێت. گەل خۆی لە نمونەی بەرزترین دەسەڵاتدارانیدا وێنا دەکات یان گەل خۆی ئایدیالیزە دەکات[٢].

گەرچی تەلارسازی لە بەراییەوە تەنیا لە پێویستی مرۆڤەوە سەرهەڵدەدات، بەڵام دواتر بەهۆی ئارەزووی مرۆڤەوە بۆ فۆڕمپێدانی شێوەی جوان، هونەری تەلارسازی دێتە ئاراوە. بەمەش دابەشبوونێك لەنێوان مرۆڤ و ئەو دەوروبەرەی کە تەلارسازی دەیخاتەوە، دێتە کایەوە. ئەم دابەشبوونەش دەبێتە سەرەتای هاتنەئارای تەلارێك کە بوونێکی سەربەخۆی هەیە و لە پێویستی مرۆڤەوە دەرنەکەوتووە، بەڵکو ئامانجەکەی لە خودی خۆیدایە. هیگڵ ئەم جۆرەی تەلار ناودەنێت تەلاری سەربەخۆ، کە شێوەیەکی سیمبۆلی، دەنوێنێت. تەلارسازی لە ڕەوتی مێژوویی خۆیدا جگە لە تەلارسازیی سیمبۆلی تەلارسازیی کلاسیکی و ڕۆمانتیکیش لە قۆناغەکانی هونەری کلاسیکی و ڕۆمانتیکیدا بەرهەم دەهێنێت، بەڵام هونەری تەلارسازی هەر وەك هونەری سیمبۆلی دەمێنێتەوە، ئەگەرچی کاریگەری کلاسیك و ڕۆمانتیکیشی بە سەرەوە بێت[٣].

---

دەکات، چۆن ئیدێی کۆن [هونەری سیمبۆلی] لە خۆیدا ئەم ئیدێ تازەیە [هونەری کلاسیکی]ی هەڵگرتووە، بۆیە ئەم گواستنەوەیە بەگوێرەی پێویستییەکی لۆگیکی نییە [وەك هیگڵ دەڵێت]، بەڵکو بەگوێرەی پێویستیەکی خودیە کە هۆشی مرۆڤ بۆ تێرکردنی پێداویستییەکانی داواکارییەتی. **(انظر: المصدر نفسه، ص١٧٢-١٧٣)**

(١) ستیس، ولتر: فلسفة الروح، المصدر السابق، ص١٥٤-١٥٥.



---

(١) هیغل: فن العمارة، ترجمة جۆرج طرابیشی، دار الطلیعة للطباعة و النشر، الطبعة الاولی، بیروت، ١٩٧٩، ص٢٩-٣٠.

(٢) گێتمان-زیفەرت، ئەنێماری: سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٧.

(٣) غانم، رمضان بسطاویسی محمد: جمالیات الفنون و فلسفة ...، المصدر السابق، ص١١٦.

گەرەکە ئەوەش بگوترێت کە لە دیدی هیگڵدا هونەر پەیامێکی مرۆڤانەی پێیە، چونکە لە ڕێگەی هونەرەوە مرۆڤانی بێ کولتوور ڕێك دەخرێن بۆ ئەوەی "دەوڵەت" دابمەزرێنن. لێرەدا هیگڵ دەگەڕێتەوە بۆ تێڕوانینەکانی شیلەر کە پێیوایە هونەر، مرۆڤ لە ئاوەز و ئازادی بەئاگا دەهێنێتەوە. هیگڵ جگە لەمە، ئەوەش دەخاتە ڕوو کە "هونەر هەروەها لەنێو یەکێتی کار و ڕاڤەکردندا، فۆڕماندن و تێگەیشتنی جیهاندا، نەك تەنیا بەهایەکی زانینی هەیە، بەڵکو هاوکات گرنگێتی کرداریشی هەیە. لەنێو خودی کاری هونەریدا کولتوورێك دەردەکەوێ کە وەك کولتوور: وەك دەوڵەت و ئاین، بەڕێی ئەنجامدانی کاری هونەرییەوە پێدەگەیەنرێت. کاری هونەری سروشت وەك ڕوودانگەی دراو دەفۆڕمێنێت و ئینجا بۆ ڕوودانگەیەکی مرۆڤی وەریدەفۆڕمێنێت، واتا، بەڕێی دروستکردنی کۆمەڵێکی کردار کە لەنێو کارکردنی نێوکۆیی و ڕاڤەی جیهاندا دێتە گۆڕێ، کولتوور دەخاتەوە"[1].

### ٢- هونەری پەیکەرسازی: Sculepture Art

"پەیکەرسازی گوزارشت لە گەڕانەوەی هۆش دەکات بۆ خودی خۆی، هەروەها پاشەکشەکردنە لە سروشتێکی نائەندامی کە لە ژێر کاریگەری یاسا فیزیاییەکاندایە، هەوڵدەدات لە ڕێگەیەوە گوزارشت لە هۆش بکات"[2]. ئەو ئەستووەی کە لە هونەری سیمبۆلیدا بە کاردەهێنرێت فرە ڕەقە Grass، چونکە مادەیەکی نائەندامی ناهۆشەکیە، بە پێچەوانەوە ئەو ئەستووەی لە هونەری کلاسیکیدا بەکاردەبرێت، گەرچی ڕەقە، بەڵام گیانی بە بەردا دەکرێت، هەروەها دەشچێتە ژێر باری یاساکانی ژیانەوە، چونکە ئەو ئەستووە لەسەر شێوەی مرۆڤ

(١) گێتمان-زیفەرت، ئەنێماری: سەرچاوەی پێشوو، لا١٩٨-١٩٩.

(٢) غانم، رمضان بسطاویسی محمد: جمالیات الفنون و فلسفة ...، المصدر السابق، ص١٢٦.



دادەڕێژرێتەوە[1]. هەروەها یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی پێوە ناهێڵرێت کە بریتییە لە ڕەنگ، بە پێچەوانەوە ڕەگەزەکانی ڕۆشنایی و سێبەر بەکاردەهێندرێت، چونکە زیاتر لەگەڵی گونجاون و نەرمی و ویقاریان پێبەخشیوە. گەرچی هەندێك پەیکەری برۆنزی و ڕەنگکراو لە گریك دەبینرێن، وەك پەیکەرەکانی زفیس، بازمیل و فیدیاس کە فرە ڕەنگن، بەڵام پەیکەری ئایدیال و ڕەسەن ئەوەیە کە بێڕەنگە، ئەمەش نیشانەی زیاتر گرنگیدانە بە فۆڕم لە پەیکەرەکاندا نەك شتێکی دیکە[2].

لەگەڵ پەیکەرسازیدا، هونەر پلەیەکی بەرزتری ریالیزەکردنی ئیدیێ لەنێو مێژوودا دەبڕێت، مرۆڤ ئاوەزمەندانە خواکان لە شێوەی مرۆڤیدا دادەڕێژێتەوە، کەواتە "خودێتی وەك ئەوەی هەیە دەردەکەوێت لە هەمان کاتیشدا جەخت لە خۆی دەکاتەوە"[3]. کەواتە خواکان بەرهەمی هۆشی مرۆڤن، جا هونەران یان پەیکەرتاشان یاخۆ پەیامبەران بن، گرنگ ئەوەیە کە پەیکەری خواکان لەم قۆناغەی هونەردا (کلاسیك) باڵاترین شێوەی بە ئاگابوونی گەلی گریك نیشان دەدەن، چونکە هونەرمەند خواکەی خۆی لە شێوەی مرۆڤدا ساز ەکات و ڕاڤەی دەکات، بەمەش "ڕاستی لە نێو فۆڕمی جواندا بە زانینی خودی خۆی دەگات"[4]. کەواتە فۆڕمی مرۆیی دەبێتە باڵاترین فۆڕمی هونەری کلاسیکی و فۆڕمی گیانەوەرەکانی دیکەش دەبنە فۆڕمی لاوەکی بۆ ئەم هونەرە، چونکە جەستەی مرۆڤ، پێویستییەکانی هۆش بۆ ئەم قۆناغە دابین دەکات، ئەگەرچی لە

(١) هیغل: فن النحت، ترجمة جؤرج طرابیشی، دار الطلیعة للطباعة و النشر، الطبعة الاولی، بیروت، ١٩٨٠، ص٦.

(٢) المصدر نفسه، ص١٣.

(٣) هیغل: المصدر نفسه، ص١٨.

(٤) گێتمان-زیفەرت، ئەنێماری: سەرچاوەی پێشوو، لا١٩٩-٢٠٠.

پلەیەکی هەرە باڵاشدا نەبێت، بەڵام لە شێوەی مرۆڤیدا فۆڕمی سێنسی و ناوەڕۆك، لە نێوکۆییەکی هاوسەنگ و ئارامدا هاوتای یەکدین، هەر بۆیە پەیکەر دەبێتە باڵاترین فۆڕم بۆ هونەری کلاسیکی[1].

دانانی شێوەی مرۆیی بۆ خواکان تەنیا خۆی وەك دانراوێکی سروشتی پەتی نانوێنێت، بەڵکو لە پاڵ ئەمەدا ئەرکی نواندنی ژیانی سێنسیانە و سروشتیانەی هۆشیش لە ئەستۆ دەگرێت، هەروەها لایەنە نێوخۆییەکانی هۆش لەسەرجەم بەشەکانی پەیکەری ئایدیالدا دەردەکەوێت. لە لایەکی دیکەوە بۆ ئەوەی پەیکەر گوزارشت لە ناوەڕۆکە جەوهەریەکەی بکات، پێویستە هونەرمەند هەموو روکارە تایبەتمەند و هەندەکییەکان لە پەیکەردا بخاتە لاوە، چونکە کاری پەیکەرسازی بەدووی لایەنە هەمەکی و بەردەوامەکاندا وێڵە[2].

لێرەوەیە کە گرنگترین ئەدگاری پەیکەر بۆ هیگڵ بریتی نییە لە جوانی، بەڵکو ئەو هەقیقەتەیە کە لە پەیکەردا وێنا دەکرێت. مۆراڵی گەلێك لە پەیکەردا دەخرێتە ڕوو، "هەموو مۆتیڤێکی کرداری مۆرالی لەنێو پەیکەردا بە فۆڕمی خۆی دەگات. کەواتە شێوەی خواکان سیمبۆلن بۆ فۆڕمی پەرچاندنی گەلێك، هەروەها پەڕینەوە رووەو کۆمەڵەیەکی سیاسی ئەنجام دەدەن و ئەم کۆمەڵە سیاسییەش هاوکات لە فۆڕمی باڵاترین خوادا، واتا فۆڕمی زیۆسدا، سیمبۆلییانە دەردەکەوێت. کەواتە جوانیی کارە هونەرییەکان تەنیا مۆرکێکی ئیستێتیکی نییە بۆ نرخاندنی فۆڕماندنەکە، بەڵکو هەروەها نیشانەیەکە بۆ سەرگرتنی کارەکە"[3].

(١) هيغل: فن النحت، المصدر السابق، ص٢١-٢٢. **(انظر: ستيس، ولتر: فلسفة الروح، المصدر السابق، ص١٥٨-١٥٩.)**

(٢) غانم، رمضان بسطاويسى محمد: جماليات الفنون و فلسفة ...، المصدر السابق، ص١٢٧-١٢٨.

(٣) گێتمان-زیفەرت، ئەنێماری: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠١.



بەم شێوەیە پەیکەری گریکی تەواوترین فۆڕمی پەیکەر دەخاتە روو، کە ناشێت جوانتر لە پەیکەری گریکی هەبووبێت یان لە داهاتوودا ببێت[1]، چونکە پەیکەرسازیی گریکی ئەو هونەرەیە کە گونجانێکی تەواوی نێوان ناوەڕۆك و فۆڕمی سێنسی دەخاتەوە، بۆیە پێگەیەکی باڵا لە هونەری کلاسیکیدا وەردەگرێت و گریکەکانیش خاوەنی بەرزترین هەستی شێوەسازین لە وێناکردنی خوا و مرۆڤدا[2].

### ٣- وێنەکێشان: Painting موزیك : Music هۆنراوە: Poetry

وەك پێشتر باسکرا، یەکەم بنەمای هونەری رۆمانتیکی کشانەوەی هۆشە لە جیهانی سێنسی، هەر بۆیە هونەر سەربەخۆیی تەواوی خۆی لە ئەستووی سێنسی، لە شێوە هونەری رۆمانتیکیدا بەرجەستە دەکات. لە هونەری رۆمانتیکیدا جیهانی سێنسی تەنیا پەیوەست بە هۆشەوە دەردەکەوێت. بۆیە پەیوەندی هۆش و ئەستووی سێنسی لەم هونەرەدا لاواز دەبێت، بەڵام بە تەواوی ئەو پەیوەندیە لەنێوناچێت، چونکە تاکو ئێستا هونەر توانای لەخۆگرتنی هۆشی لەدەست نەداوە[3].

یەکەم هونەری دوای پەیکەرسازی بریتییە لە وێنەکێشان، کە تایبەتمەندی دوو هونەری جیاواز بە یەکەوە کۆ دەکاتەوە. شوێنەواری دەرەکی کە تایبەتمەندی هونەری تەلارسازیە و فۆڕمی هۆشەکی کە تایبەتمەندی هونەری پەیکەرسازیە. ئەم دوو تایبەتمەندییە بە شێوەیەك کە گونجاوە لەگەڵ وێنەکێشاندا بە یەکەوە دەگونجێندرێن[4]. ئەم هونەرەش بە هەمان شێوەی هونەری پەیکەرسازی دەکەوێتە دارشتنی خوا، بەڵام

(١) هەمان سەرچاوە، ل٩٤.

(٢) غانم، رمضان بسطاويسى محمد: جماليات الفنون و فلسفة ...، المصدر السابق، ص١٢٨.

(٣) ستيس، ولتر: فلسفة الروح، المصدر السابق، ص١٦٠.

(٤ هيغل: فن الرسم، ترجمة جۆرج طرابيشى، دار الطليعة للطباعة و النشر، الطبعة الاولى، بيروت، ١٩٨٠، ص١٣.

به شێوەیەکی تەواو جیاواز، چونکە لە لایەکەوە ئەو خوایەی کە لە وێنەکێشاندا دەردەکەوێت خوای کریستییانییە[1]، لە لایەکی دیکە خوا چیدیکە لە نێو شوێنەواری سروشتیدا دەرناکەوێت وەك لە پەیکەرسازیدا دەبینرا. هەروەها وێنەکێشان یەکێك لە سێ رەهەندەکانی شوێن ون دەکات کە بەرزییە و تەنیا دوو رەهەندی دەمێنێتەوە، کە بریتین لە رەهەندەکانی درێژی و پانی، بەگشتی رەهەندی رووتەخت (پانتایی) دەمێنێتەوە کە بەهۆی رەنگ و رووناکی وێنەی لەسەر دەکێشرێت[2].

وێنەکێشان تەنیا رووی ئەو ئەستووە بەکاردەهێنێت کە لە هونەری کلاسیکیدا بەکار دەهێنرێت، بۆیە دەگوترێت وێنە هەڵخەڵەتێنەرە. لێرەوە دەبینین ئەوەی تەلارسازی و پەیکەرسازی کاری لەگەڵدا دەکەن ئەستوویەکی رووتە، بەڵام رەگەزی شوێن و توخمی سێنسی لە وێنەکێشاندا بە شێوەیەکی هەندەکی بەشداری دەکەن و لایەنەکانی دیکەی بریتین لە توخمی هۆشەکی ئاوەزمەندانە Mental. بەمەش لایەنی خودێتی لە بەرجەستەکردنی سێنسیدا دەردەکەوێت. لایەنی هەڵخەڵەتێنەری وێنەش، ناتەواوی و پەڵە نییە بۆ وێنەکێشان، بەڵکو ئاماژەیەکە بۆ گەشەکردنی و تێپەڕاندنی پەیکەرسازی[3].

دەرکەوتنی ئەدگارەکانی خودێتی لە وێنەکێشاندا، ئەوە دەخاتە روو کە وێنەکێشان لە بازنەی ئەدگارە هەمەکی و بەردەوامەکانی کەسێتی مرۆڤ هاتۆتە دەرەوە، کە پەیکەسازی بە خۆیەوە ئاڵودە کردبوو. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە لە لایەك کێشانی تایبەتمەندیەکانی کەسێتی و ئارەزووەکانی و جووڵە و

(١) گێتمان-زیفەرت، ئەنێماری: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٣.

(٢) هیغل: فن الرسم، المصدر السابق، ص٢٣. **(انظر: غانم، رمضان بسطاویسی محمد: جمالیات الفنون و فلسفة ...، المصدر السابق، ص١٤١.)**

(٣) ستیس، ولتر: فلسفة الروح، المصدر السابق، ص١٦١. **(انظر: هیغل: فن الرسم، المصدر السابق، ٢٢-٢٨.)**



هەڵسوکەوتەکانی، بە گشتی سەرجەم ژیان لە بەردەمیدا ئاوەڵایە تاکو وێنەی بگرێت، بەڵام لە لایەکی دیکەوە وێنەکێشان سنووردارە، چونکە تەنیا وێنەی چرکەساتێکی دیاریکراوی ژیان دەگرێت. ئاخر وێنە پەیوەستە بە رووتەختێکی شوێنییەوە، ئەمەشە کە لە موزیك و هۆنراوە کە سروشتێکی کاتییان هەیە، جیای دەکاتەوە بەوەی کە دەتوانن ماوەیەکی کاتی فراوانتر و قۆناغی جیا جیای جووڵە بخەنە روو. بۆیە وێنەکێشان ئەو بابەتانە وێنە دەکێشێت کە لەگەڵ سروشتی وێنەکێشاندا دەگونجێن[1].

هەست و سۆز، کار و ئازار، هەڵچوونی دەروونی، ئەو چرکەساتانەن کە دەشێت وێنەیان بگیرێت و لە وێنەکێشاندا بە جوانترین شێوە بخرێنە ڕوو. هەر ئەو هۆکارەیە، کە وێنەیەکی فرە لە خستنەڕووی کار و ئازارەکانی مادۆنا Madonna لە چەرخی نێڤیندا، دەخاتەوە[2].

لەگەڵ موزیك دا بە تەواوی شوێن دەسڕێتەوە، کات وەك تاکە ئەدگاری ئەم هونەرە خۆی نیشان دەدات، بۆیە لە هونەری موزیك دا چیدیکە سێنسی بینین ڕۆڵی نامێنێت، بەڵکو تەنیا سێنسی بیستن ئەرك وەردەگرێت کە سێنسێکی تیۆرییە نەك پراکتیکی. هەروەها نێوەندی گەیاندنی موزیك یش دەبێتە بەدوویەکداهاتنی دەنگ و ئاوازەکان لەنێو کاتدا، بە دەربڕینێکی دیکە، موزیك بەهۆی دەنگەوە بە تەواوی لە فۆڕمی دەرەکی دادەبڕێت[3].

پەیکەرەکان وەك دانراوێکی دەرەکی سەربەخۆ بوونیان هەیە، لەگەڵ وێنەکێشاندا ئەم دانراوێتیە بە شێوەیەکی هەندەکی وون دەبێت، بەڵام وێنە بوونی دەرەکی خۆی هەر دەپارێزێت. هەرچی موزیکە ئەو بوونە دەرەکی و بەردەوامییەی نامێنێت.

(١) غانم، رمضان بسطاویسی محمد: جمالیات الفنون و فلسفة ...، المصدر السابق، ص١٤١.

(٢) ستیس، ولتر: فلسفة الروح، المصدر السابق، ص١٦٢.

(٣) هیغل: فن الموسیقی، ترجمة جۆرج طرابیشی، دار الطلیعة للطباعة و النشر، الطبعة الاولی، بیروت، ١٩٨٠، ص٨.

موزيك تەنها لە كاتی بيستنيدا هەيە، كەواتە دانراوێتی راستەقينەی نييە و خود و دانراو لە موزيك دا لە يەكدی دانەبڕاو دەردەكەون. ئەمەيە وايكردووە كە موزيك وەك هونەرێكی تەواو خودی دەربكەوێت. هەروەها موزيك كاريگەری خۆی لە ناخی مرۆڤدا دەنوێنێت، چونكە دانراوێتی دەرەكی لە موزيكدا نامێنێت، بەمەش دابڕانی نێوان كاری هونەری و وەرگر هەڵدەگيرێت و وەك دانراوێكی دەرەكی لە دەرەوەی خوددا وەرناگيرێت[1].

كەواتە موزيك هونەرێكە بۆ نواندنی خودێتی و ئەركەكەی گەياندنی ژيانی ناخەكييە، چونكە وەك هونەری تەلارسازی و پەيكەرسازی ئەستووی دەرەكی بە كار نابات بۆ خۆ دەربڕين، بەڵكو لەرێی نۆتەوە دەگەيەنرێت. كە لە تێڕوانينی هيگڵدا دەنگ بەتواناترە لە رەنگ و بيستنيش لە بينين ئايدياڵترە بۆ گەياندنی هەڵچوون و سۆزەكانی مرۆڤ. هەروەها لە لايەكەوە بينين بە شێوەيەكی بەردەوام دەركی سێنسێتی دەكات، بەڵام بيستن ناتوانێت دەركی سێنسێتی لە دۆخی ئارامی ئەستووييدا بكات، لە لايەكی ديكەوە موزيك لەرێی لەرينەوە دەگاتە مرۆڤ. بەمەش دوو جار شوێن وەك رەگەزی بنەڕەتی سێنسێتی لە ڕێی "گوێ و لەرينەوە"وە دەسڕدرێتەوە. ئەوەيە كە وا دەكات موزيك بە گوزارشتكردن لە ژيانی ناخەكی پەيوەست بێت نەك بە شتێكی ئەستوويی جەستەيی لە شوێندا[2].

گەرچی هونەرەكانی تەلارسازی و پەيكەرسازی لەو رووەوە كە پشت بە بنەما ماتماتيكيەكان دەبەستن، بە هەمان شێوەی موزيك كە پشت بە ماتماتيك دەبەستێت، لە يەكتری دەچن، بەڵام لەوەدا لە هونەری تەلارسازی جياوازە كە موزيك بە تەواوی رەگەزی شوێن بەلاوە دەنێت، هەروەها بەوەش لە پەيكەرسازی جيادەبێتەوە كە ئەو گونجان و تەباييەی نێوان ناوەڕۆك و فۆڕمی سێنسی كە لە پەيكەرسازيدا هەيە،

(١) ستيس، ولتر: فلسفة الروح، المصدر السابق، ص١٦٢-١٦٣.

(٢) غانم، رمضان بسطاويسى محمد: جماليات الفنون و فلسفة ....، المصدر السابق، ص١٥٦.



نامێنێت، چونكە موزيك سەر بە هونەری رۆمانتيكييە. بۆ هيگڵ دوورترين هونەر لە موزيكەوە پەيكەرسازيە و نزيكترين هونەريش لێی وێنەكێشانە[1].

لەنێوان هۆنراوە و موزيكدا پەيوەنديەكی توندوتۆڵ هەيە، چونكە هەردووكيان يەك تاكە ئامرازی سێنسی بەكاردەهێنن كە دەنگە، بەڵام لەوەدا لە يەكتری جودا دەبنەوە كە هەردوكيان بە شێوەی تايبەتمەندی خۆيان هەڵسوكەوت لەگەڵ دەنگدا دەكەن[2].

لە هۆنراوەدا كشانەوەی هۆش لە بەرگی سێنسيدا دەگاتە ئەوپەڕی، چونكە هۆنراوە وێنە زەينييەكانی مرۆڤ دەكاتە ئامرازێك بۆ بەرجەستەكردنی هۆش. دەنگ لە هۆنراوەدا بە شێوەيەكی تەواو جياواز لە موزيك دەكەوێتە دەربڕين، دەنگ لە هۆنراوەدا وەك ئامرازی پەيوەندی نێوان مرۆڤان و وەك دەنگێكی تەواو داڕنراو هەروەها وەك گەيەنەرێكی هەڕەمەكی ئيدیێ، كە جەوهەری هۆنراوەيە، بە كاردەهێنرێت. هۆنراوە بەو پێيەی هەرگيز بريتی نييە لە گشتێكی پەتی و هەردەم لە نێو تاكێتيدا پەيوەستە بە ئەنديشەی سێنسييەوە، دەچێتەوە پاڵ بەرجەستەكردنی سێنسی كە مۆركی هونەرە[3]. جياوازی بەكارهێنانی دەنگ لە موزيك و هۆنراوەدا، لەوەدا دەردەكەوێت، كە دەنگ لە موزيكدا ئامانجێكە لە خودی خۆيدا، بەڵام دەنگ لە هۆنراوەدا ئامرازێكە بۆ گەياندنی مەبەستێكی ديكە كە لە ناخی هۆنەردايە[4].

بۆ هيگڵ كە هۆنراوە بريتييە لە هونەری وشە، لە هەمان كاتدا "پێكهاتەيی" و "شرۆڤەيی"ە، لەو رووەوە پێكهاتەييە كە دەتوانێت هەموو رەگەزە نێوخۆييەكانی

(١) المصدر نفسه، ص١٥٨. **(انظر: هيغل: فن الموسيقى، المصدر السابق، ص١٣-١٥.)**

(٢) هيغل: فن الموسيقى، المصدر نفسه، ص١٩.

(٣) ستيس، ولتر: فلسفة الروح، المصدر السابق، ص١٦٤. **(انظر: هيغل: فن الشعر *، ترجمة جۆرج طرابيشى، دار الطليعة للطباعة و النشر، الطبعة الاولى، بيروت، ١٩٨١، ص٩-١٠.)**

(٤) غانم، رمضان بسطاويسى محمد: جماليات الفنون و فلسفة ....، المصدر السابق، ص١٧٢. **(انظر: هيغل: فن الشعر *، المصدر نفسه، ص٩-١٠)**

خودێتی بە یەکەوە کۆ بکاتەوە، لەو رووەشەوە شرۆڤەییە کە لە توانایدایە هەموو تایبەتمەندییەکانی جیهانی دەرەکی بەپاڵ یەکەوە بخاتە روو، چونکە هۆنراوە وەك تاکە هونەرەکانی دیکە واتا "تەلارسازی، پەیکەرسازی، وێنەکێشان، موزیك"، نەبەستراوەتەوە بە خستنە رووی ناوەڕۆك بە رێگایەکی دیارییکراو، بەڵکو هۆنراوە لە رێگای تێگەوە تونای گوزارشتکردنی هەیە لە هەموو ئەو شتانەی کە دەبنە ناوەڕۆکی ئاگایی مرۆڤ. بە دەربڕینێکی دیکە تاکە هونەرەکان تەنها دەتوانن گوزارشت لە لایەنێکی دیاریکراوی هۆش بکەن، بە گوێرەی ئەو لایەنە سێنسییەی کە پێوەی پابەندن، بەڵام هۆنراوە بەرپرسە لە گوزارشتکردن لە هەموو لایەنەکانی رەها. هەر بۆیە بە هۆنراوە دەگوترێت هونەری گشتی یان پێکهاتەی سەرجەم هونەرەکان. هۆنراوە دەتوانێت وەك تەلارسازی سیمبۆلیانە بکەوێتە دارِشتن، وەك پەیکەرسازی خوایەتی کلاسیکی لە ئارامی ویقاری خۆیدا بخاتە روو، وەك هونەری وێنەکێشان وێنەی چرکەساتێکی ژیانی مرۆڤ بگرێت و دەشتوانێت لە بری موزیك گوزارشت لە قوڵترین هەست و سۆزەکانمان بکات. بەڵام هەرگیز هۆنراوە بە تەنها سیمبۆلی یان کلاسیکی یان رۆمانتیکی نییە، بەڵکو هەموویانە و لە هەموو سەردەم و شوێنێکدا هەبووە[1].

هۆنراوە نێوەندێك لەنێوان هونەرەکانی شێوەسازی لە لایەك و هونەری موزیك لە لایەکی دیکەوە پێکدەهێنێت، واتە کۆتێزێکە لەنێوانیاندا کە باڵایان دەکات، ئەم باڵابوونەش هەردوو ئاستی ناوەڕۆك و فۆرم دەگرێتەوە. لە ئاستی ناوەڕۆکی هۆشەکیدا هۆنراوە پتر لە موزیك هۆش بەرجەستە دەکات، لە ئاستی فۆرمیشدا جیهانێکی دانراو پێکدەهێنێت کە بە شێوەیەکی نیمچەتەواو پارێزگاری لە روونی جیهانی پەیکەرسازی و وێنەکێشان دەکات[2].

(١) ستیس، ولتر: فلسفة الروح، المصدر السابق، ص١٦٤-١٦٥.

(٢) هیغل: فن الشعر *، المصدر السابق، ص٧.



کەواتە دەتوانرێت بە هۆنراوە هەموو ناوەرۆکێك دەربڕدرێ، واتە توانستی ئاوەزی مرۆڤ گەیشتبێتە چ ئاستێك، ئەوا دەتوانرێت بکرێتە ناوەڕۆکی هۆنراوە. بەڵام لە هۆنراوەدا ناوەڕۆك بریتییە لە دۆخێکی هەندەکی تایبەت، هەمەکی لە هۆنراوەدا لەپاڵ هەندەکیدا دێت و لێی جیا نابێتەوە و لە یەکەیەکی زیندوودا یەکدەگرن. واتا هەرگیز ناوەڕۆکی هۆنراوە بریتی نییە لە شاخ و رووبار و دیاردە سروشتیەکان، بەڵکو ناوەڕۆکی هۆنراوە شتێکی هۆشەکییە، بەکارهێنانی ئەو تێگە هەندەکییانەش نابێت زیان بە لایەنە هۆشەکییەکەی هۆنراوە بگەیەنێت. هەر ئەوەشە کە لە دارِشتن جیای دەکاتەوە، چونکە لە دارِشتندا بە تەواوی هەمەکی و هەندەکی لە یەکتری جودا دەبنەوە. بۆیە بە زەرووری زانست بە شێوەی دارِشتن دەنووسرێتەوە.

بە دەربڕینێکی دیکە لە هۆنراوەدا یەك تاکە ئیدیێ سەروەرە، لایەنەکانی هۆنراوە و وێناکان و ئیدیێ هەندەکیەکان تەنها بۆ گوزارشتکردن لە ئیدێیی سەرەکی هۆنراوەکە بەکاردەهێنرێن. واتە سەرجەم لایەنە لاوەکیەکان لە هۆنراوەدا بە دەوری ئیدیێ سەرەکیەکەدا خول دەخۆن و ژیان لە ئەوەوە وەردەگرن، بۆیە هۆنراوە لە رێی بەکارهێنانی تێگەی بێدوایەکی ئیدێیی هەمەکییەوە ناوەڕۆکی خۆی دەخاتەڕوو، بەڵام بە پێچەوانەوە دارِشتن لە رێی بەکارهێنانی تێگەی دوایەکیەوە، کە هەمیشە پێستیان بە تێگەی دیکە هەیە بۆ ئەوەی مانایان تەواو ببێت، ناوەڕۆکەکەی دەخرێتە روو[1].

هیگڵ لە کۆتاییدا هۆنراوە بۆ سێ جۆری سەرەکی دابەشدەکات کە بریتین لە: هۆنراوەی داستانی Epic Poetry، هۆنراوەی لیریکی Lyrical Poetry، هۆنراوەی درامی Dramatic Poetry. هەروەها بە دوور و درێژی باس لەو جۆرانەی هۆنراوە دەکات، بەڵام باسکردنی جۆرەکانی هۆنراوە، لە چێوەی لێکۆڵینەوەکە دەمانباتە دەرەوە.

(١) هیغل: فن الشعر *، المصدر نفسه، ص٢٢-٢٤.

## باسی سێیەم: تێزی مەرگی هونەر

لە پێشتردا باسی ئەوەمان کرد کە هونەر و ئاین و فەلسەفە، لە رەوتی باڵابوونی هۆشی رەهادا، سێ بازنەی تێهەڵکێش و دوابەدوای یەکدی پێکدەهێنن، بەڵام ئەوەی ماوە بگوترێت ئەوەیە کە ئاخۆ سەرەتای بازنەی ئاین کۆتایی بازنەی هونەرە، یان سەرەتای بازنەی فەلسەفە کۆتایی بازنەی ئاینە. هەر ئەو پرسیارە بوو کە کێشەی مەرگی هونەری هێنایە پێشەوە.

لە راستیدا تێزی مەرگی هونەر لە لایەن هیگڵەوە نەهێراوەتە ناوەوە، بەڵکو ئەوە رەخنەیەکە کە ئاراستەی تێڕوانینی جوانیناسانەی هیگڵی دەکرێت. ئەم تێزە لە لایەن "نۆکس" لە کتێبی "تیۆرییەکانی ئیستێتیك لای کانت و هیگڵ و شۆپنهاوەر" هێنرایە ناوەوە و دواتریش لە لایەن "کرۆچە"وە باسکرا. کرۆکی ئەم تێزە ئەوەیە کە هیگڵ وێڕای ئەوەی جەخت لەسەر لایەنی ئاوەزمەندانە و تیۆریانەی هونەر دەکاتەوە، بەڵام لە دابینکردنی پێگەیەك بۆ هونەر لە چەرخی نوێدا، سەرکەوتوو نەبووە، لە دیدی هیگڵدا سروشتی چەرخی نوێ پێچەوانەی سروشتی هونەرە، چونکە سروشتی هونەر بریتییە لە ئازادی، لە کاتێکدا شارستانیەتی نوێ بە سەر ئازادی و سەربەخۆیی تاکدا زاڵبووە، ئەمەش وەك کورتهێنی هونەر نییە، بەڵکو هۆکاری ئەوەیە کە شارستانیەتی نوێ پێویستی بەم جۆرە لە بەرهەمی هۆشی مرۆڤەکان نییە[1].

بە گوێرەی هەر سێ قۆناغەکەی هونەر و ڕەوتە مێژوویەکەی هونەر، لە دیدی هیگڵدا، لەگەڵ هۆنراوەی درامیدا بازنەی هونەر تووشی لەبەریەکهەڵوەشان و خۆخواردنەوە دەبێت، چونکە لەگەڵ هۆنراوەدا هونەر جەوهەری خۆی لەدەست دەدات کە بریتییە لە بەرجەستەکردنی ئەستوویانەی هۆش، بە شێوەیەك کە هەموو کارێکی هونەری لە دووبەشی پەیوەست بە

(١) غانم، رمضان بسطاويسي محمد: فلسفة هيجل الجمالية، المصدر السابق، ص٢١٧.



یەکتریەوە پێکدێت: بەشێکیان ناوەڕۆکی کارە هونەریەکەیە و لە بەشی دووەمدا کە ئەستوویەکی سێنسیە بەرجەستە دەبێت. بەڵام لە هۆنراوەدا ئەم دوو بەشە بە تەواوی لە یەکتری دادەبڕێن و بەمەش هۆش لە بازنەی هونەرەوە بۆ بازنەیەکی باڵاتر کە "ئاین"ە هەڵدەزنێت[1]. ئەم تێگەیشتنە مێژووییە بۆ کاری هونەری وەك بەرهەمێکی کولتووری مرۆڤ، وامان لێ دەکات کە تەنیا وەك بەرهەمێکی مردوو لە کارە هونەریە کۆنەکان بڕوانین، بە شێوەیەك لەوە تێبگەین کە زیندوویەتی ئەو بەرهەمە هونەریانە پەیوەست بووە بەو قۆناغەی کە ئەو کارە هونەریە تێیدا هاتۆتە ئاراوە، لە تێڕوانینی هیگڵدا چۆن پێویستییەکی لۆژیکی بۆتە هۆی پەیدا بوونی ئەو کارە هونەرییە، بە هەمان شێوەیە پێویستییەکی لۆژیکیش تەمەنی ئەو کارە هونەریە دیاریدەکات و کۆتاییش بە تەمەنی دەهێنێت[2].

تێڕوانینمان بۆ پەیکەری خواکانی یۆنان، هەرگیز وەك تێڕوانینی گریکییەکان نییە، چونکە هەرگیز ناتوانین پەی بەو دۆخە سایکۆلۆگیەی مرۆڤێکی گریکی بەرین کە لە بەرامبەر پەیکەری خواکاندا بە چۆکدا دەهات، لە بەر ئەوەی ئێمە بێبەشین لەو سۆزە ئاینیە کە ئەو مرۆڤەی چەماندۆتەوە. گەیشتن بەو سۆزە کارێکی نەکردەیە، ئێمە تەنیا لە تێڕوانینی ئیستێتیکیانەماندا لە هەموو ئەو پەیکەرانە، بەپاڵ یەکدییەوە، رادەمێنین و دەرکی ئەو دۆخە رابردووە دەکەین، کە بە شێوەیەکی گشتی بۆ ئێمە دیار دەدات. بە دەربڕینێکی دیکە ئەوە دەبینین کە جەوهەرییە، وەك چۆن منداڵێك لە بەرهەمی درەختێك دەڕوانێت وەك ئەوەی کە ئەو درەختە بەرهەمەکەی

(١) ستيس، ولتر: فلسفة الروح، المصدر السابق، ص١٧٠-١٧١.

(٢) برا، جيرار: هيغل و الفن، ترجمة: منصور القاضي، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، الطبعة الاولى، بيروت، ١٩٩٣، ص٩٣-٩٤.

راستەوخۆ بە ئامادەیی بەدەستەوە بدات، بێ ئەوەی لە هەموو ئەو دۆخانە تێ بگات کە ئەو درەختە پێیدا گوزەر دەکات تاکو ئەو بەرهەمە ئامادە دەکات. خوێندنەوەی قۆناغەکانی هونەر وەك دیاردەیەکی مێژوویی تەنیا ئەوکاتە شیاوە کە سەرجەم دەرکەوتەکانی هونەر وەك قۆناغی دوابەدوای یەك، لە بالاّبوونی هۆش، تێبگەین. ئەمەش لە خودی خۆیدا کێشەی مەرگی هونەر دەهێنێتە پێشەوە[1].

بۆ هیگڵ هونەر نە لە رووی فۆرم و نە لە رووی ناوەرۆکەوە، توانای ئەوەی نەماوە چیدیکە بەرجەستەکەری هۆشی مرۆڤەکان بێت لە فۆرمێکی گشتگیردا، چونکە بالاّبوونی هۆش لەو دۆخە تێپەڕی کردووە کە لە هونەردا جێگەی ببێتەوە، بۆیە پێویست دەکات هونەر تەنیا لە چێوەی چالاکییە سنووردارەکانی هونەردا بمێنێتەوە. هونەر تەنیا ئەوەی لەباردا هەیە کە دەرکەوتنی تایبەتمەندانە و دیاریکراوی هەقیقەت، لە شێوەی دیاردەی هونەریدا بخاتە روو، چونکە هونەر تا ئەوکاتە هونەرە کە کار لەگەڵ ئەستووی سێنسیدا دەکات، لە کاتێکدا هۆش لە هەلّزنانیدا چیدیکە پێویستی بە ئەستووی سێنسی نەماوە بۆ ئەوەی خۆی تێدا دەربخات[2]. کەواتە هونەر ئەو دەسوێژە بالاّیە نییە بۆ هۆش کە خۆی تێدا دەربخات، وەك چۆن فەلسەفە تێگەییانە دەکەوێتە خەریکگەری لە تەك رەهادا، بۆیە هۆنەر تەنیا لە بازنەی وێناکردنی سێنسیدا دەمێنێتەوە[3].

ئەم تێڕوانینەی هیگڵ بۆ هونەر وای لە هەندێ لە توێژەران کردووە کە پێیان وابێت هیگڵ بە تەواوی بانگەشەی مەرگی هونەری کردووە، بۆ نمونە، نۆکس

(١) المصدر نفسه، ص٩٤-٩٥.

(٢) عبادیان، محمود: طزیده زیباشناسی هطل، انتشارات فرهنطستان هنر، ضاث دوم، تهران، ١٣٨٦، ص١١٠-١١١.

(٣) غانم، رمضان بسطاویسی محمد: فلسفة هیجل الجمالیة، المصدر السابق، ص٢١٨.



پێیوایە کە هیگڵ مەرگی هونەری راگەیاندووە لە کۆتایی تێڕوانینەکانیدا دەربارەی جوانیناسی، بەوەی کە فەلسەفە هونەریش لە خۆ دەگرێت[1]، هەروەها "کرۆچە"* پێیوایە کە فەلسەفەی هیگڵ، هەر وەك چۆن دژی هونەرە بە هەمان شێوە دژی ئاینیشە. هۆکاری ئەوەش بۆ ئەوە دەگێڕێتەوە کە هیگڵ بە هەمان شێوەی پلاتۆن، کە چۆن بە هۆی چوونە ژێر باری فەلسەفە ئاوەزیەکەیەوە هونەری یاساغ کرد، هیگڵیش بە هۆی چوونە ژێرباری فەلسەفەکەیەوە بانگی مردنی هونەری راگەیاند. لە لایەکی دیکە کرۆچە ئەوە دەخاتە روو کە پێداهەڵدانی هیگڵ بە هونەر، پێداهەڵدانێکی رەشبینانەیە، چونکە جوانیناسی هیگڵی دوای ئەوەی کە قۆناغەکانی هونەر و گەشەکردنە ناوەکیەکەی دەخاتە روو، هەمووی دەخاتە گۆڕێکەوە کە بەیداخی فەلسەفەی لەسەر هەڵکراوە، بەلاّم هەندێ توێژەری دیکە بە پێچەوانەوە پێیانوایە کە هیگڵ پێگەی هونەری بەرز نرخاندووە، هونەر یەکێك لە قاچەکانی ئەو سێکوچکەیە پێك دەهێنێت، کە بەرجەستەکردنی هۆشی رەها لەسەری دەوەستێت، ئەوانیش بریتین لە "هونەر، ئاین، فەلسەفە". بەلاّم ئەوە سروشتی هونەر خۆیەتی کە بازنەیەکی سنوورداری هەیە و تەنیا لە چێوەی بەرجەستەکردنی سێنسیدا دەتوانێت رۆڵی خۆی

(١) الصباغ، رمضان: الفن والقيم الجمالية بين المثالية والمادية، دار الوفاء لدنيا الطباعة والنشر، الاسكندرية، ٢٠٠١، ص١٦٦.

* بندیتۆ کرۆچە Benedetto Croce یەکێك لە بەناوبانگترین بیرمەندانی ئیتاڵیە. زانای ئیستێتیك و فەلسەفەی مێژووە، کتێبێکی هەیە بە ناوی "ئیستێتیك". ئەم کتێبە جگە لە بابەتی ئیستێتیك چەندین بابەتی دیکە لە خۆ دەگرێت لە وانە رێبازی فەلسەفیانەی کرۆچە دەربارەی رەخنەی ئەدەبی. هەروەها ئەو پێیوابوو کە فەلسەفە یەکەیەکە، هەر کاتێك لە یەکێك لە لایەنەکانی دەکۆڵیەوە، بۆ نمونە ئیستێتیك یاخو لۆگیك یاخو مۆڕاڵ، ئەوا لە بارەی هەموو فەلسەفەوە دەکەوێتە خەریکگەری. (**انظر: المصدر نفسه، ص٢١١**)

بگێڕێت. بەڵگەش بۆ ئەوە کە هیگڵ بانگی مەرگی هونەری رانەگەیاندووە ئەوەیە کە هیگڵ باس لە "رۆمان" دەکات وەك هونەرێك کە دەتوانێت لە چاخی نوێدا گوزارشت لە ژیان بکات[١].

لە لایەکی دیکە دەتوانرێت بەو شێوەیە بەرگری لە هیگڵ بکرێت کە هونەر، ئاین و فەلسەفە، بە رۆڵی خۆیان هەر یەکە بە شێوەیەك گوزارشت لە هۆشی رەها دەکات، هەر بۆیە هەندێ لە مرۆڤەکان تەنیا لە هونەردا دەتوانن بەرجەستەبوونی رەها دەرك بکەن، هەندێکی دیکەش لە ئاین و ئەوانی دیکەش لە فەلسەفەدا. کەواتە گەرچی قۆناغی هونەر بۆ بەرجەستەکردنی رەها کۆتایی هاتووە، بەڵام هونەر ئەم رۆڵەی خۆی بۆ هەندێك لە مرۆڤەکان هێشتا نەدۆڕاندووە. بە هەمان شێوەش ئاین.

هەروەها بۆ هەرسێ قۆناغەکەی هونەریش هەروایە. هەندێ مرۆڤ تەنیا لەو هونەرانە تێدەگەن کە سیمبۆلین و هەندێکی دیکەش دەتوانن لە پەیکەر بەهرە وەرگرن، تا ئێستاش مرۆڤ هەیە بە هەمان شێوەی مرۆڤی گریکی بەرامبەر پەیکەرێك چۆك دادەدات، مرۆڤانێکیش هەن کە لە وێنەیەك یان پارچە موزیکێك یاخود لە هۆنراوەیەکدا دەتوانن دەرك بە باڵابوونی رەها بکەن.

کەواتە هونەر کە لە مەیدانی بەرجەستەکردنی رەهادا، بە شێوەیەکی سەرجەمی رۆڵی خۆی لە دەست دابێت، ئەوا بۆ هەندێك لە مرۆڤەکان تاکو ئێستا جێگەی بایەخە و ئاین و فەلسەفەش بۆ ئەو مرۆڤانە هەرگیز ناتوانن جێگەی هونەر بگرنەوە، چونکە ئەو مرۆڤانە تەنیا لەو پلە نزمەی دەرکەوتنی رەها تێدەگەن. بەم پێیە هونەر ئێستاش دەتوانێت لە مەیدانی بەرجەستەکردنی رەهادا بە شێوەیەکی هەندەکی رۆڵی خۆی بگێڕێت. کەواتە لەسەردەمی ئێستاشدا دەروویەك بۆ هونەر ماوەتەوە و دەشکرێت بڵێین ئەو تیۆرانینەی

(١) المصدر نفسه، ص٢١٨-٢١٩.



هیگڵ بڕیارێك نییە بۆ مەرگی هونەر. هەمان ئەو تیۆرانینە لە باسی دووەم لای پلاتۆن بەرچاو دەکەوێت، کاتێك پلاتۆن باس لە گوتاربێژی دەکات. ئەو گوتاربێژی وەك هونەرێك رەت دەکاتەوە، چونکە لەگەڵ سۆفیستەکاندا گوتاربێژی بە مەبەستی وروژاندنی دەروونی و هەڵخەڵەتاندنی ئەوانی دیکە بەکار دەهێندرا. بەڵام ئەم بەکارهێنانە خراپەی گوتاربێژی نەبوو بەهۆی ئەوەی کە وەك دەسوێژێك بۆ تێگەیاندنی خەڵکانی ئاسایی بەکاربهێنرت.

**دەرەنجام:**

گرنگترین دەرەنجامەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەو چەند خاڵەدا کورت دەکەینەوە:

١- لەسەرەتادا ئەوە دەبینرێت کە تێگەی ئیستێتیك یان هونەر یان جوانی، هەر لەسەرەتاکانی بیرکردنەوەی فەلسەفیدا دێباتی فەلسەفی لە بارەوە ئەنجام دراوە، بۆیە بە قەدەر ژمارەی فەیلەسوفان، شێوە خوێندنەوەی جیاواز و نرخپێدانی جیاواز، لە بارەیەوە هەیە.

٢- پلاتۆن لە دیدگایەکی ئاوەزمەندانەی ئایدیالەوە، هونەر دەخاتە خانەی دیاردەی پەتییەوە و بە نزمتر لەوە دەیبینێت کە دیدی فەلسەفی ئاراستە بکرێت، بەو پێیەی هونەر رووە و ئیدێ هەڵنازنێت، بەڵکو روو دەکاتە جیهانی دیاردە و تەنها بە چێژی سێنسیەوە خەریکە.

٣- ئیستێتیك لە چەرخی نێڤیندا خرایە خزمەتی ئاینەوە، بەڵام دواتر هەوڵدرا ئیستێتیك سەربەخۆ وەك کایەیەکی زانین یاخود کردار لە فەلسەفەدا جێگەی بۆ بکرێتەوە. ئەمەش لە هەولەسەرتاگریەکانی دامەزراندنی ئیستێتیك وەك دیسپلینێکی سەربەخۆی فەلسەفی و بە تایبەتیش لای باومگارتن بە روونی دەبینرێت. بۆ باومگارتن ئیستێتیك کایەیەکی تایبەتمەندی زانینە، کە بریتییە لە زانینی پلە نزمی سێنسی. دواتریش لەگەڵ هیگڵدا دێینە ناو کایەی کردارەوە، کە ئیستێتیك لێرەدا وەك بەشێکی دانەبڕاوی کولتووری مرۆڤ لێی دەڕوانرێت.

٤- لای هیگڵ میتۆدی دیالێکتیکی بە شێوەی تایبەتمەند دەکەوێتە دیاریکردنی سەرجەم دیاردە و دەرکەوتەکانی ژیان، هیچ شتێك بەبێ تێڕوانینی دیالێکتیکیانە و هەڵسەنگاندنی لۆژیکیانە شیاوی لێ تێگەیشتن



نییە، بە واتایەکی دیکە هونەر بەشێکی دانەبڕاوە لە مێژووی باڵابوونی هۆش لە رەوتی گەڕانەوەیدا بەرەو خۆی، لە لایەکەوە هونەر ناتوانرێت بەدەر لەو سیستەمە گشتیە بخوێنرێتەوە و سەرجەمی سیستەمەکەش بەبێ هونەر ناتەواوە و ناتوانرێت سەرجەمی پایەکانی تەلاری فەلسەفەکەی هیگڵ، بەبێ هونەر هەڵبەسترێت.

٥- کاری هونەری بناغەی تێڕوانینە ئیستێتیکیەکانی هیگڵە، کاری هونەری بەرهەمی هۆشی مرۆڤە، بۆیە جوانی هونەری لە جوانی سروشتی باڵاترە، ئەمەش تەواو پێچەوانەی تێڕوانینی پلاتۆنە کە پێیوایە هونەر تەنها لاسایی جیهانی دیاردە دەکاتەوە، بە پێچەوانەوە بۆ هیگڵ هەرگیز ئەرکی هونەر بریتی نییە لە لاسایی سروشت، بەڵکو ئەرکی هونەر ریالیزەکردنی هۆشە لە بەرگێکی سێنسیدا.

٦- تێڕوانینی ئیستێتیکیانەی هیگڵ، هەوڵدانە بۆ ناسین و دیاریکردنی سروشت و چییەتی هونەر. لەم دیدگایەوە هیگڵ پێیوایە هونەر لە ئارەزووی مرۆڤ بۆ ناسینی خۆیی و گوزارشتکردن لە جەوهەریترین پێویستییە هۆشەکیەکانی خۆیەوە، سەرهەڵدەدات. بۆیە مرۆڤ پەیوەست بە هەر قۆناغێکی گەشەی مرۆڤایەتی جۆرێکی تایبەت لە هونەری بەرهەم هێناوە کە ئەم هونەرە لە لایەك گوزارشتی لە ئاستی گەشەی هۆشی مرۆڤەکان کردووە و لە لایەکی دیکە ئاستی باڵا بوونی رەهای نیشان داوە لەو قۆناغە مێژووییەدا. بۆیە دەبینین گەلان قوڵترین ئاستی تێڕوانینی هۆشەکی خۆیانیان لە قۆناغە جیاجیاکاندا لە هونەرەکەیاندا پاراستووە.

٧- بۆ هیگڵ دانانی یاسا و رێسای پێشوەخت بۆ بەرهەمهێنانی هونەر نەشیاوە، چونکە جەوهەری هونەر بریتیە لە ئازادی و دانانی هەر یاسا و رێسایەك بۆ هونەر رێگە لە ئازادی و بەرەوپێشچوونی هونەر دەگرێت.

٨- هونەرمەند لە دیدی هیگڵدا کەسێکی ئاسایی نییە، بەڵکو هونەرمەندی ڕەسەن خاوەنی بلیمەتیە، ئەوەش توانای ئەوەی پێدەدات، کە بتوانێت ئاستی باڵابوونی ڕەها لە قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراودا بخزێنێتە نێو فۆڕمێکی سێنسیەوە، واتە لە ڕێگای هونەرەوە ئاماژە بۆ ئاستی باڵابووی ڕەها بکات. بلیمەتی هونەرمەندیش تەنها پەیوەست نییە بە کەسایەتی خۆیەوە، بەڵکو بلیمەتی نەتەوەیی مەرجی بەراییە بۆ هەڵکەوتنی بلیمەتی تاکە کەس.

٩- هیگڵ تێڕوانینەکانی خۆی دەربارەی هونەر پەیوەست بە ڕەوتی گۆڕانی مێژوویی و بەپێی میتۆدی دیالێکتیکی شرۆڤە دەکات. واتە کاتێك باس لە گۆڕان و گەشەکردنی هونەرەکان دەکات لەنێو مێژوودا، پەیوەستی دەکاتەوە بە ڕەوتی گەشەکردنی شارستانیەتی مرۆڤایەتی، بۆیە ئەو دابەشکارییەی لە مێژووی هونەردا دەبینرێت، بەهەمان شێوە بۆ مێژووی جیهانیش بەر چاو دەکەوێت.

١٠- لە هەر قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراودا لای هیگڵ، باڵا بوونی جۆرێکی دیاریکراو لە هونەر خۆی دەسەپێنێت. واتە بە پێی گەشەکردنی شارستانیەتی مرۆڤایەتی ناوەڕۆکی هونەریش گەشە دەکات، بەمەش هونەر ناتوانێت لەو فۆڕمەی پێشوویدا بمێنێتەوە، بۆیە هونەر لە سیمبۆلیەوە لە ئەنجامی پەیوەندی دیالێکتیکی نێوان ناوەڕۆك و فۆڕمی سێنسی و نەبوونی هاوسەنگی، دەپەڕێتەوە بۆ قۆناغێکی باڵاتر، واتە کلاسیکی و دواتریش بۆ قۆناغی ڕۆمانتیکی.

١١- وەستانی گەشەی هونەر دەگەڕێتەوە بۆ تێپەڕاندنی ناوەڕۆکی هونەر لە قۆناغی ڕۆمانتیکیدا، چونکە هونەر لە قۆناغی ڕۆمانتیکیدا بە تەواوی لە فۆڕمی هونەری دادەبڕێت و ناوەڕۆکی جەوهەری هونەر کاڵ دەبێتەوە، ئەوەش بەهۆی زیادبوونی توانا خودییەکان بۆ نەخشاندن و داهێنانی هونەری.



١٢- تاکە هونەرەکان پەیوەست بە قۆناغەکانی هونەرەوە دێنە ئاراوە. لە هەر تاکە هونەرێکیشدا ئەو پەیوەندیە دیالێکتیکیە دەبینین کە دەبێتە هۆی دەرکەوتنی هونەرێك و ئەو پێویستییە لۆژیکیەش دەردەکەوێت کە پێویستی تێپەڕاندنی ئەو هونەرە دەهێنێتە پێشەوە. لە دوا هونەردا کە هۆنراوەیە، ناوەڕۆك بە تەواوی لە فۆڕمی سێنسی جودا دەبێتەوە. بە دەربڕینێکی دیکە گرنگیدانی هۆنراوە، زیاتر بە ناوەڕۆکە نەك بە فۆڕمی سێنسی، کە یەکێك لە ئەدگارەکانی هونەرە. بەمەش لە هۆنراوەدا، دوانەخشی هونەر بۆ ئایدیالیزەکردنی ڕەها دەردەکەوێت. لە هۆنراوەدا پێویستی تێپەڕاندنی بازنەی هونەر بەگشتی دەبینرێت، چیدیکە هونەر ناتوانێت ئاستی باڵابوونی ڕەها بگرێتە باوەش.

١٣- گەرچی ڕەخنەگرانی هیگڵ، کۆتایی پێهاتنی قۆناغی هونەر، بە بانگەشەی مەرگی هونەر دادەنێن، بەڵام لە لایەکەوە کۆتایی هونەر لای هیگڵ واتای لێك نزیکبوونەوەی هۆنراوە و فەلسەفە دەگەیەنێت و لە لایەکی دیکەوە دەرکەوتنی "ڕۆمان" وەك جۆرێکی دیکەی هونەری ئەدەبی. ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە هونەر ئەگەر لە ئاستی گشتیشدا توانای ئایدیالیزەکردنی ڕەهای نەمابێت، ئەوا لە ئاستی تاکە کەسدا تاکو ئێستا شیاوی ئەوەیە گرنگی خۆی پێبدرێت.

## لیستی سەرچاوەکان

### یەکەم: کتێب

**بە زمانی عەرەبی:**


١. ابراهيم، زكريا: هيجل او المثالية المطلقة، دار مصر للطباعة، القاهرة، ١٩٧٠.

٢. ابو ملحم، على: في الجماليات نحو رؤية جديدة الى فلسفة الفن،المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر و التوزيع، الطبعة الاولى، بيروت، ١٩٩٠.

٣. ايرل، وليم جيمس: مدخل الى الفلسفة، ترجمة عادل مصطفى،هيئة العامة لشئون المطابع الأميرية،الطبعة الاولى، قاهرة، ٢٠٠٥.

٤. بدوي، عبدالرحمن: أفلاطون، مكتبة النهضة المصرية، القاهرة، ١٩٩٢.

٥. بدوى، عبدالرحمن: الموسوعة الفلسفية، المجلد الثالث، المطبعة سليمانزاده، الطبعة الاولى، قم، ١٤٢٧.

٦. بدوى، عبدالرحمن: فلسفة الجمال و الفن عند هيجل، الؤسسة العربية للدراسات و النشر، الطبعة الاولى، بيروت، ١٩٩٦.

٧. برا، جيرار: هيغل و الفن، ترجمة: منصور القاضى، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، الطبعة الاولى، بيروت، ١٩٩٣.

٨. التكريتى، ناجى: الفلسفة الاخلاقية الافلاطونية عند مفكرى الاسلام، دار الاندلس للطباعة والنشر والتوزيع، الطبعة الثانية، بيروت، ٢٠٠٧.

٩. حاوي، خليل: فلسفة الشعر والحضارة، تحرير وترجمة وتقديم ريتا عوض، دار النهار، الطبعة االاولى، بيروت-لبنان، ٢٠٠٢.

١٠. خالد، عبدالكريم هلال: أسس النقد الجمالي في تاريخ الفلسفة، جامعة قارينوس، بنغازي-ليبيا، الطبعة الاولى، ٢٠٠٣.





١١. رشيد، عدنان: دراسات فى علم الجمال، دار النهظة العربية للطباعة والنشر، بيروت، الطبعة الاولى، ١٩٨٥.

١٢. زكارنة، هديل بسام: المدخل في علم الجمال، المعهد الدبلوماسي الاردني، الأردن، ١٩٩٣.

١٣. ستيس، وولتر: تاريخ الفلسفة اليونانية، ترجمة مجاهد عبدالمنعم مجاهد، مجد المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، الطبعة الثانية، بيروت، ٢٠٠٥، ص٢١٠.

١٤. ستيس، ولتر: هيجل المنطق و فلسفة الطبيعة، المجلد الاول، ترجمة د. امام عبدالفتاح امام، بيروت، دار التنوير للطباعة والنشر والتوزيع، الطبعة الثالثة، ٢٠٠٧.

١٥. ستيس، ولتر: هيجل فلسفة الروح، المجلد الثانى، ترجمة: د. امام عبدالفتاح امام، دار التنوير للطباعة والنشر والتوزيع، الطبعة الثانية، بيروت، ٢٠٠٥.

١٦. الصباغ، رمضان: الفن والقيم الجمالية بين المثالية والمادية، دار الوفاء لدنيا الطباعة والنشر، الاسكندرية، ٢٠٠١.

١٧. عباس، راوية عبدالمنعم، الحس الجمالي وتاريخ الفن، دار النهضة العربية للطباعة والنشر، بيروت، الطبعة الاولى، ١٩٩٨.

١٨. عبدة، مصطفى: المدخل الى فلسفة الجمال، مكتبة مدبولي، الطبعة الثانية، القاهرة، ١٩٩٩.

١٩. عبدة، مصطفى: فلسفة الجمال و دور العقل في الابداع الفني، مكتبة مدبولى، الطبعة الثانية، القاهرة، ١٩٩٩.

٢٠. عوض، رياض: مقدمات في فلسفة الفن، جورس برس، الطبعة الاولى، طرابلس-لبنان، ١٩٩٤.

٢١. غانم، رمضان بسطاويسى محمد: جماليات الفنون و فلسفة تاريخ الفن عند هيجل، المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر و التوزيع، الطبعة الاولى،بيروت، ١٩٩٢.

٢٢. غانم، رمضان بسطاويسى محمد: فلسفة هيجل اجمالية، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، الطبعة الاولى، ١٩٩١.
٢٣. كرم، يوسف: تاريخ الفلسفة الحديثة، دار المعارف، الطبعة الخامسة، القاهرة، ١٩٨٦.
٢٤. كوبلستون، فردريك: تاريخ الفلسفة، المجلد الاول، ترجمة امام عبدالفتاح امام، المجلس الاعلى للثقافة، الطبعة الاولى، ٢٠٠٢.
٢٥. لالاند، اندرية: موسوعة لالاند الفلسفية، المجلد الاول،منشورات عويدات، الطبعة الثانية، بيروت — باريس، ٢٠٠١.
٢٦. مجاهد، عبدالمنعم مجاهد: علم الجمال فى الفلسفة العاصرة، علم الكتاب، الطبعة الثالثة، بيروت، ١٩٨٦.
٢٧. مجاهد، عبدالمنعم مجاهد: جدل النقد وعلم الجمال، دار الثقافة والنشر والتوزيع، القاهرة، ١٩٩٧.
٢٨. محمد، على عبدالمعطى: مقدمات فى الفلسفة، دار النهظة العربية للطباعة والنشر، بيروت، ١٩٨٥.
٢٩. محمد، على عبدالمعطى، فلسفة الفن رؤية جديدة، دار النهضة العربية، بيروت، ١٩٨٥.
٣٠. مطر، اميرة حلمى: فلسفة الجمال اعلامها و مذاهبها، مهرجان القراءة للجميع مكتبة الاسرة، ٢٠٠٣.
٣١. مطر، أميرة حلمى: مقدمة فى علم الجمال و فلسفة الفن، دار المعارف، الطبعة الاولى، القاهرة، ١٩٨٩.
٣٢. ميد، هنتر: الفلسفة انواعها و مشكلاتها، ترجمة: فؤاد زكريا، مكتبة مصر، القاهرة.
٣٣. نصرى، هانى يحيى: دعوة للدخول فى تأريخ الفلسفة المعاصرة، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت،٢٠٠٢.



٣٤. هويدى، يحيى: ماهو علم المنطق؟، مكتبة النهضة المصرية، الطبعة الاولى، القاهرة، ١٩٨٦.
٣٥. هيجل: اصول فلسفة الحق جزء الاول، ترجمة: د. امام عبدالفتاح امام، مكتبة مدبولى، القاهرة، ١٩٨٦.
٣٦. هيغل: الفن الرمزى، ترجمة: جورج طرابيشى، دار الطليعة للطباعة و النشر، الطبعة الاولى، بيروت، ١٩٧٩.
٣٧. هيغل: الفن الكلاسيكى، ترجمة: جورج طرابيشى، دار الطليعة للطباعة و النشر، الطبعة الاولى، بيروت، ١٩٧٩.
٣٨. هيغل: فن الرسم، ترجمة جؤرج طرابيشى، دار الطليعة للطباعة و النشر، الطبعة الاولى، بيروت، ١٩٨٠.
٣٩. هيغل: الفن الرومانسي، ترجمة: جورج طرابيشي، دار الطليعة للطباعة والنشر، الطبعة الاولى، بيروت، ١٩٧٩.
٤٠. هيغل: فن الشعر *، ترجمة جؤرج طرابيشى، دار الطليعة للطباعة و النشر، الطبعة الاولى، بيروت، ١٩٨١.
٤١. هيغل: فن العمارة، ترجمة جؤرج طرابيشى، دار الطليعة للطباعة و النشر، الطبعة الاولى، بيروت، ١٩٧٩.
٤٢. هيغل: فن الموسيقى، ترجمة جؤرج طرابيشى، دار الطليعة للطباعة و النشر، الطبعة الاولى، بيروت، ١٩٨٠.
٤٣. هيغل: فن النحت، ترجمة جؤرج طرابيشى، دار الطليعة للطباعة و النشر، الطبعة الاولى، بيروت، ١٩٨٠.
٤٤. هيغل: مدخل الى علم الجمال فكرة الجمال، ترجمة: جورج طرابيشى، دار الطليعة للطباعة و النشر، الطبعة الثالثة، بيروت- لبنان، ١٩٨٨.

**به زمانی کوردی:**

٤٥. ئەحمەدی، بابەك: هەقیقەت و جوانی، وەرگێڕانی مەسعود بابایی، چاپخانەی خانی، چاپی یەکەم، دهۆك، ٢٠٠٨.

٤٦. ئەفلاتون: کۆمار، وەرگێڕانی سۆران عومەر حەمە و ئەوانی دیکە، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٦.

٤٧. ئەریستۆتلس: هونەری شیعر پۆیتیکا، وەرگێڕانی د. حەمید عەزیز، وەزارەتی رۆشنبیری بەڕێوەبەرێتی خانەی وەرگێڕان، سلێمانی، ٢٠٠٥، لا٢٤٤.

٤٨. ئیبراهیم، زەکەریا: میتۆدی دیالێکتیکی فەلسەفەی مێژوو و سیاسەت لای هیگڵ، وەرگێڕانی سامان عەلی حامید، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٦.

٤٩. زیفەرت، ئانێماری گێتمان: رابەرییەك بۆ ئیستێتیك، وەرگێڕانی کاوە جەلال، بڵاونەکراوە.

٥٠. ڤ. پودوستنیك و ئەوانیدیکە: وەرگێرانی جەلال دەباغ، چاپخانەی شڤان، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠٠٧.

٥١. کەمال، محمد: فەلسەفەی هیگڵ،دەزگای سەردەم، سلێمانی،٢٠٠١.

٥٢. میراودەلی، کەمال: فەلسەفەی جوانی و هونەر ئیستاتیکا، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی قانع، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٥.



**به زمانی فارسی:**

٥٣. جانکار، باربارا: فلسفه ارسگو، ترجمه مهداد ایرانی گلب، انتشارات اگلاعات، چاپ اول، تهران، ١٣٨٥، ص٣٤٦.

٥٤. عبادیان، محمود: گزیده زیباشناسی هگل، انتشارات فرهنگستان هنر، چاپ دوم، تهران، ١٣٨٦.

٥٥. فروغی، محمد علی: سیر حکمت در اروپا، جلدهای اول- دوم- سوم، انتشارت زوار، تهران، ١٣٨٥.

**به زمانی ئەڵمانی:**

56. Hegel, Enzyklopädie der philosophischen Wissenschaften. F.a.M 1986.

57. Suhr,Martin: Sartre. Hamburg. 2001.

**دووەم: گۆڤار**


٥٨. جەلال، کاوە: تێگەیشتی میمێزیس لە لای ئەرستۆتاڵیس، گۆڤاری زانکۆی کۆیە- گۆڤاری زانستە مرۆڤایەتیەکانە زانکۆی کۆیە دەریدەکات، ژمارە ٥، ٢٠٠٦.

٥٩. سەعید، شاهۆ: ئیستاتیکای گریکی، سەردەمی ڕەخنە، ژمارە ١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٥.


**سێیەم: ئینتەرنێت**


60 . http://www.kitabat.com/i25112.htm.

61 . http://www.iraqihome.com/septamber2006/92.htm.